# کۆچێکی ناواده



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ ی خەرمانانی ١٣٨٦، کاك عوسمانی ڕەحیمی ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی و تێکۆشەری لەمێژینە و ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆچی دوایی کرد.

کۆچی ناوادە و جوانەمەرگ بوونی هاوڕێ و هاوسەنگەرمان، کاك عوسمانی ڕەحیمی خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ حیزبی دێموکرات و هاوسەنگەرانی و بنەماڵەکەی بەتایبەت بۆ هاوسەری بەڕێزی پەخشان فەلسەفی و سێ منداڵە چاوگەشەکەی.

بەم شێوەیە، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ژنان، بەبۆنەی لەدەست چوونی هاوڕێ کاك عوسمانی ڕەحیمی، سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەت لە خوشکە پەخشان فەلسەفی ئەندامی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنان دەکەین و خۆمان بەشەریکی غەمیان دەزانین.

رووحی شاد و ڕێگەی پڕڕێبوار

**دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ژنان**

## ئازادی بۆ ژن
## بەختیاری بۆ کۆمەڵ




**گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**سەرماوەزی ١٣٨٦، دیسامبری ٢٠٠٧**

**ژمارە ١٨**

**دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری "ژنان":**

**خەدیجە مەعزوور    کـوێستان فتووحی**

**عیسمەت نستانی    نەسرین حەسەن زادە**

**حەلیمە ڕەسوولی**

"**ژنان**" لەسەر ئینتێرنێت:

www.Kurdistanukurd.com

ئیمەیلی گۆڤاری "**ژنان**":

jnanirojhelat@yahoo.com

ئیمەیلی بەرنامەی "**بۆ بەختیاری کۆمەڵ**"

RDKjnan @yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندیگرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

00964 - 7702103121

نامەو نووسراوەکانتان لە ڕێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو بنکەو نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستانو دەرەوەی وڵات، بۆ گۆڤاری "ژنان" بنێرن.

# پێرست

گەیشتن بە پۆستی مودیرییەت،لێهاتوویيو پسپۆریی دەوێ ٢
پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کرانەوەی... ٤
پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٥
پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بیستەمین ... ٦
بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران... ٧
پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کومیتەی فینلاند... ٨
پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ... ٩
پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات بەبۆنەی ١٥ ساڵەی تیرۆری... ١٠
ئایا کۆمەڵگای جیهانی قسەکانی ئەحمەدی نیژاد لەسەر ژنان و... ١٢
جێگیر بوونی گەڵاڵەی پارێزگاری لە بنەماڵە... ١٤
مسیاربۆتێرکردنی هەستەجنسیەکانی پیاوانە یان؟ ١٦
ژنان لە چاوەڕوانی لە سێدارەدران دان ١٨
ژنانو مەینەتییەکانی کوورەخانە ٢٠
درێژەی: جێگیر بوونی گەڵاڵەی پارێزگاری لە بنەماڵە ٢١
کار وچالاکی یەکیەتیی ژنان ٢٢
کۆڕێك لە ژێر ناوی:"کوشتنی ژنان، قەیرەیيو خۆکوژی... ٢٤
*کورتەیەك لە ژیانی شەهیدێك* ٢٦
کۆچی دوایی ئەندامێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران ٢٧
ڕاگەیاندنی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانبەبۆنەی... ٢٨
تەلەفوونی کچێك لە پیرانشارەوە بۆ پێشمەرگەیەك ٢٩
لە وڵاتی بێلژیك ڕێکخراوی "مافی مرۆڤی کورد، ژنان و منداڵان" دامەزرا ٣٠
هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ژنانی کوردستان ٣١
درێژەی: تەلەفوونی کچێك لە پیرانشارەوە بۆ پێشمەرگەیەك ٣٢
بزووتنەوەی یەکسانیی مافەکانی ژنان و پیاوان ٣٣
" نەخشی ژنان لە خەبات دا " ٣٥
٤٠٠ شاعیری ژنو ٨هەزار شاعیری پیاو لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێران دا ٣٧
ئەدەب و هونەر ٣٩
مرۆڤە خۆڕێکخەرەکان پێ دەگەن ٤٢
وتوویژ لەگەڵ خاتوو چینی بەرزگەر ٤٤
گەمارۆی ترۆوا ٤٦
کولێرا cholerae(وەبا) ٥٠
خەتەنەی کچان هەڕە شەیەکی جەستەیی و دەروونی ٥٥
باغچەی ساوایان لای منداڵ تاقی کردنەوەیەکی نوێ یە ٥٦
یارمەتیدانی منالانی بزۆز و چالاك پێویستی... ٥٩

تایپ و دیزاینی بەرگ: ناسررەسووڵی

# گەیشتن بە پۆستی مودیرییەت، لێهاتوویی و پسپۆریی دەوێ

خەدیجە مەعزوور

ژنان زیاتر لە ٥٠%ی حەشیمەتی دنیا پێک دێنن وبە پێی ئامارەکان چ لە ماڵەوە وچ لە دەرەوە هێزی چالاک وئاکتیوی جیهانن. بەڵام دەبینین پۆستە گرینگەکان لە دەست پیاوان دایە . لێکۆڵینەوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیشان دەدەن کە ئەگەر ئەم رەوتە بەم شێوەیە درێژەی هەبێ ، ژنان دەبێ لانیکەم ٥ سەدە چاوەڕوان بن تا لە وەدەست هێنانی پۆستە بریاردەرەکان دا لەگەڵ بەرامبەرەکەیان دا یەکسان بن . لەو پێوەندییەدا چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە کە چ شتێک بۆتە هۆی ئەوە ئەم رەوتە بەم شێوەیە بچێتە پێش ؟ ئایا ژنان تواناولێهاتوویی ئەو کارانەیان نیە کە پیاوان ئەنجامی دەدەن ؟ یا ژنان ناچنە ژێرباری مەسئوولییەتی گەورەوە ؟ یا بۆ ئەو کارانەی کە دەکرێ ، لێهاتوویی وپسپۆڕی پێویستە ؟ یا لە نیهایەت دا کارەکان ژنانە وپیاوانە کراوە ؟

دیارە ماهییەتی کارە جۆراوجۆرەکان ودابەش کردنی لە نێومرۆڤەکان دا ئاماژە دەدەن کە هیچ کار و شوغڵێک پیاوانە وژنانە نەبوون ، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا کە فەرهەنگی پیاوسالاری زاڵە ، کارەکان ژنانە وپیاوانە کراون و ژنان بێ ئەوەی لە بەرامبەرئەم دابەش کردنە دا دژکردەوەیەکیان نیشان دابێ وئیعتڕازێکیان کردبێ ، ئەم رەوتە وەک رەوتێکی ئاسایی چۆتە پێش . دیارە ئەگەر کەسانێکیش هەبوون کە ئیعتڕازیان بەم دابەش کردنە کردوە ، رووبەڕووی دژکردەوەی توندودژی ئینسانی بوونەتەوە .

لە راستی دا ئەو شوغڵ وکارانەی کە تا ڕادەیەک سۆزوعاتیفە وشێوەی خزمەت پێ کردن بە هاوڕەگەز یا منداڵی پێوە دیارە وەک پەرستاری ، مامۆستایی ، مامایی و دوکتۆری ژنان ، بارهێنانی منداڵ لە دایەنگە وکوودەکستان وکارکەری لە ماڵان و... زیاتر ژنانیان پێوە خەریک کردوە ، ئەویش لە لایەک لە سەرئەو بنەڕەتە کە ژنان لە باری فیزیکی



ومیکانیزمی بەدەنی یەوە کەم هێزن وتوانای بەڕێوە بردنی کاری قورس وتاقەت پرووکێنیان نیە و، لە لایەکی دیکەوە هێزی وردبوونەوە وبەرپرسایەتی لە کارە بەرواڵەت پیچیدەکانیان دا نیە . دیارە ئەو ژمارە کاروشوغڵانەی کە ناومان بردن ، موقەدەسن وئێمە لەسەر ئەوە قسەیەکمان نیە ، تەنیا قسەی ئێمە لەسەر جۆری دابەشکردنەکەیە . ئەم جۆرە دابەش کردن و روانینە لە کاتێک دایە بێ ئەوەی سەرنج درابێتە ئیستعداد ولێهاتوویی ژنان و بێ ئەوەی لەسەر پسپۆڕیی ئەوان هەڵسەنگاندن کرابێ ، کارەکان دابەش کراون ولە راستی دا کاریان بە کاردان نەسپاردوە .

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا ژنان لە هەموو بوارێک داوبە تایبەت لە هەڵبژاردنی کار و گەیشتن بە پۆستی گرینگی وڵات سەربەستیی تەواویان هەیە وبەربەستێک لە سەر رێگایان دا شک نابەن ، تەنیا بەربەست لە سەر رێگا ئەوەیە ژن پسپۆڕ نەبێ لەو کارەی مەبەستییەتی پێی بگا، پێی نەگات . لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا بۆ کارکردن رەگەز گرینگ نیە وکۆسپیش نیە. هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد، ژنانی پسپۆڕ و شارەزا ولێهاتوو بەو شوغڵ و کارانەی ئۆگری یان هەیە ، دەگەن.

دیارە لەو وڵاتانەی کە دێموکڕاسی نیهادینە کراوە، ژنان زۆر گرینگی نادەن بە کارە کلیدی وپۆستە سەرەکی یەکان ، چونکە ژنی رۆژئاوایی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە ئەگەر پسپۆڕیی هەبێ ، هەر کارێک کە مەیلی لێ بێ ، پێی دەگا وخۆی تێدا دەبینێتەوە ، بۆیە خۆی زۆر ماندوو ناکا و لەو پێناوەدا ئینێرژی دانانێ ، ئەوەی بۆی گرینگە ، سەرکەوتن لە ئەرکەکەی وبە پوختی بەڕێوە بردنی کارەکەیەتی. ژنانی رۆژئاوایی دەرکی ئەوەیان کردوە کە گەیشتن بە پۆستی مودیرییەت خەون وخەیاڵ نیە وکار وبەڕێوەبەری بە گوێرەی رەگەز دابەش نەکراوە وپێوانە بۆ کارکردن پسپۆڕی یە .

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ وڵاتە دواکەوتووەکان وبە تایبەتی کۆماری ئیسلامی دا لەبەردەست دایە، پێوانە پسپۆڕی نیە . لەئێران دا نزیکەی یەک میلیۆن ژن چوونەتە بازاڕی کارەوە وئێستا کار دەکەن ، ئەگەر وای دا بنێین کە ئەو ژنانەی کە چەند دەیە پێش ئێستا چوونەتە بازاڕی کارەوە ، لێهاتوویی وپسپۆڕیی پۆستە بەڕێوەبەرییەکانیان نەبووە ، بەڵام لە کاتێک دا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ژنان خوێندەواریی ئاکادێمیکیان هەیە ولە لقەجۆراوجۆرەکان دا پسپۆڕن ، بەڵام گەیشتن بە پۆستی جێگای مەبەست وپسپۆڕیان، بۆتە ئارەزووی دەست وێرانەگەیشتوو.

ئەگەرلەو بوارەدا لە نێوان وڵاتە دواکەوتووەکان و وڵاتە پێشکەوتووەکان دا بەراوردێک بکەین ، دەتوانین بڵێین دروست پێچەوانەی یەکترن. لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا کار بە گوێرەی پسپۆڕی دابەش دەکرێ ، دەوڵەت لە سەریەتی بێ جیاوازی دانانی رەگەزی کار بۆ هاووڵاتیان دابین بکا ، کە دیارە ژنان دەتوانن لەو بوارەدا هیچ هەست بە گرفت نەکەن ، لەبەر ئەوەی ژنان دەرکی ئەوە دەکەن لە دابەشکردنی کاردا بێ مێهرییەک لە بارەیان دا ناکرێ و تا ڕادەیەکی زۆر بە حەقی خۆیان دەگەن.

پێکهاتەی کۆمەڵگای سوننەتی وپیاوسالاری لە ئێراندا بە شێوەیەکە کە تەحەممولی بیروبۆچوونی نوێ وسەردەمیانە ناکرێ . هەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە رووحییەی پیاوسالاری لەنێو بەشێکی زۆر لە پیاوان دا زاڵە ، تەحەممولی ئەوە ناکرێ ژنان ئەو پۆستانە داگیربکەن کە پیاوان لە ژێرئەمریان دابن. ئەو کەلتوورە ناحەزودواکەوتوویانەیە لە نێو بنەماڵە ودام ودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا وا ڕیشەی داکوتاوە بە ئاشکرا دیاردەی پیاوسالاری جێگای شایستە سالاریی گرتۆتەوە . تا ئەو کەلتوورە دزێووناپەسندە لە کۆمەڵگا ولە نێو دامودەزگاکانی رێژیم دا زاڵ بێ، نە تەنیا ژنان ناتوانن لێهاتوویی خۆیان بنوێنن، بەڵکوو ژنانی ناپسپۆڕبەڵام وەفادار بە نیزامی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی قسەی یەکەم دەکەن ، (دیارە ئەوەش بە دەگمەن) وکار بە گوێرەی رەگەزدابەش دەکرێ وبە خەونیش شایستە سالاری جێگا بە پیاوسالاری لێژ ناکا.

***

**پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# بە بۆنەی کرانەوەی کورد کاناڵ

**لە لایەن سوهەیلا قادری ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا**



**خەڵکی نیشتمان پەروەر و ئازادیخوازی کوردستان!**

**ژنان و لاوان و چین وتوێژە جۆراوجۆرەکان!**

**ڕووناکبیران و تاسەبارانی ئازادی**

لەحاڵێك دا کە دوژمنانی میللەتی کورد، سات بەسات دام ودەزگاکانی ڕاگەیاندن لەدەست خۆیان دا پاوان دەکەن و بەهیچ شێوەیەك ڕێگەنادەن جیا لەدەنگە پەسن بێژەکانیان هیچ دەنگێکی دیکە لە گەرووی تاکەکان بێتەدەرێ، لەحاڵێك دا کە ئەو داگیرکەرە توتالیتارانە بەهەموو کەرەسە و ئامرازەکانی مۆدێرنیتە لەهەوڵی چەواشەکردنی ڕاستیەکان دان و دەیانهەوێ وڵات و نەتەوەکانی ژێردەستیان بێننە سەر ئەم ڕەنگ و شێوازە کە خۆیان حەزیان لێیە و بەمجۆرە وێڕای دەنگە جیاوازەکان بە گەڵاڵە و بەرنامەیەکی سیستماتیك هەموو جیهان بەورەنگە دەربێنن کە خۆیان گەرەکیانە.

لەحاڵێك دا بەسەدان لاوی ڕووناکبیر و ئازادیخوازی میللەتی کورد لەچاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم دا تەنیا بەتاوانی مافخوازی و نیشتمانپەروەری، لەژێر ئازار و ئەشکەنجە دان و دەنگی ئازادیخوازیان بە هیچ کوێ ڕاناگا و ڕاگەیەنە گشتیەکانی نێو ئێرانیش لەبەر ئەوەی کە زۆربەی زۆریان تریبۆنی ڕەسمی دەسەڵاتن و لە پرۆسەی سەرکوتەکاندا ڕۆڵی داپلۆسێنەرانە دەگێڕن و ئەوانەش کەلافی سەربەخۆیی لێ دەدەن، لەلایەك بە بیانووی نەبوونی ئازادی بیروڕا دەربڕین و هێندێکیشیان بە هۆی بیری فاشیستی و ڕەگەزپەرەستانەیان هیچ ئاوڕێکی جیددی لە زیندانیانی سیاسیی کورد و مەسەلەی کورد نادەنەوە و خۆکەڕدەکەن.

لەوەها بارودۆخێکی هەستیاردا بەوپەڕی خۆشی و شانازییەوە کەناڵێکی ئاسمانی دیکەش هاتە سەنگەری میدیا کوردیەکانەوە و دەنگێکی ڕەسەن و حەقبێژ بەناوی کوردکاناڵ بوو بەچرای ماڵی ئازادیخوازان و لایەنگرانی دێموکراسی و تینوانی ئازادی.

لەدایکبوونی کوردکاناڵ پرشەنگێکی دیکەیە بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی و تیرێژەی کەسك و سووری هیوایەکی بەرزو پیرۆزە بۆ ئەو ڕۆڵە بوێرو قارەمانانەی ئیمان بە خەبات و نیشتمانپەروەریان کردۆتە هەوێنی خۆڕاگری و ترس و لەرزیان خستۆتە دڵی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

کوردکاناڵ دەبێتە دەنگی حەقبێژی نەتەوەی کورد و تریبۆنی پەرەپێدانی بیری ئاشتی و ئازادیخوازانە و نەتەوەیی و نیشتماندۆستی. تریبۆنێك بۆ هەموو ئەودەنگە نیشتمانپەروەرانەی کە لە ڕۆچنەی هیوایەك دەگەڕێن کەدەنگی دژبە دیکتاتۆری و داگیرکەرانی تێدا هەڵبڕن.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی دەکەین لە نەتەوەی کورد بەتایبەتی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاسەبارانی ئاشتی و ئازادی.

بژی ئازادی

بژی کورد و کوردستان

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵات**

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## به بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٦٢هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**له لایەن نازەنین قادری ئەندامی جێگری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێشکەش کرا**



**خوشك و برایانی خۆشەویست!**

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٦٢ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێشڕەوی کۆمەلانی خەڵکی کورد له ڕۆژهەلاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئەو ڕۆژه مەزن و مێژووییه به ئێوه ئامادە بووان، کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و تێکۆشەرانی دێموکرات دەڵێین.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان له ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا نوختە گۆڕانێکی گرینگ و مێژوویی بوو له ڕابردووی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی نەتەوە مافخوازەکەمان دا کە بە هۆی سیاسەتی پێشکەوتووانەی خۆی زۆر زوو توانی له نێو دڵی ئازادیخوازان دا جێی خۆی بکاتەوه و هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان له دەوری حیزبێك كه هەموو ویست و داخوازەکانی گەلەکەی لە هەناوی بەرنامە و پێڕەوی خۆی دا کۆکردبونەوە.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی دوور و درێژی خەباتی نەپساوەی خۆی ئاشکراو نەهێنی خۆی دا بەسەر زۆر کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی بازی داو زۆر سەرکەوتن و تێکشکانی بەخۆیەوە دیوه و لە هەر تێك شکانێك دا ئەزموونێکی پاشەکەوت کردوه و لەسەرکەوتنیش دا له خۆبایی نەبووه و هەنگاوێك بەرەو پێش چووه، له زۆر بواراندا دوژمنی به چۆکدا هێناوه و پیلانەکانی پێ پووچەڵ کردۆتەوه و نەی هێشتوه به ئامانجه چەپەڵەکانی بگا.

هەربۆیەش بۆته قیبلەگای ئەویندارانی ئاشتی و ئازادی و جێی بڕوا و متمانەی زەحمەتکێشان و زۆرلێکراوان.

ئێستاش كه ٦٢ ساڵ بەسەر مێژووی تەمەنی پڕله شانازی دا تێپەڕ دەبێ هەروا سەربەرزانه و له گۆڕەپانی خەبات بۆ ئازادی دا ڕاوەستاوه و لێبراوانه درێژه به خەبات دەدا.

پشت ئەستوور بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و ئیرادەو بڕوابەخۆبوونی کادر و پێشمەرگەکانی تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی هەدا ناداو ناسرەوێ. پشتیوانی لە مافی وەك یەکی ژن و پیاو، بایەخ دان بە فێربوونی زانست و تێگەیشتن و پێگەیاندنی لاوانی ئەرك وەخۆگری نەتەوەکەمان لەو تایبەتمەندی یە پڕلە شانازیانەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێ دەناسرێتەوە.

ئێمەش ژنانی دێموکرات، بە شانازی دەزانین کە شان بەشانی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە تێکۆشەرە لە خەبات و کۆڵ نەدان دا ٦٢ هەمین شەمی تەمەنی دادەگیرسێنین. لێبراوانە بەڵێن دوویات دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزو لە مێژیینەکانمان لە هیچ فیداکارییەك درێغی نەکەین.

**بەرز و بەڕێز بێ یادی ٦٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٨٦ ی هەتاوی**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کومیتەی فینلاند

# بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٢ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**لەلایەن شەهێن زادئەحمەدبەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی فینلاند پێشکەش کرا**

هاوڕێیانی خۆشەویست!

میوانە خۆشەویستەکان!

ئەم کاتەتان باش

ئیزنم بدەن لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی وڵاتی فینلاندەوە پڕبەدڵ ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست بەخێرهاتن بکەم،

کە لێرە بۆ ڕێزگرتن لە ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٢ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ بوونەتەوە.

پێم خۆشە پێش ئەوەی وتارەکەم پێشکەش بکەم، کرانەوەی(کوردکانال) و زیادبوونی ئەو کاناڵە بە کاناڵە کوردیەکانی جیهان پیرۆزبایی لە گشت لایەکتان و نەتەوەی کورد بکەم و هیواداری دەردەبڕم کە ئەم کاناڵە لە خزمەت نەتەوەکەمان دا بێ و ڕۆژبەڕۆژ گەشە بکا.

**هاوڕێیانی بەڕێز:**

هەر وەک ئاگادارن کۆمەڵەی ژێ‌کاف یەکەم بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستانی ئێران بوو. ژ. کاف لە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کورددا بە خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە بە حیساب دێ بۆ وشیاربوونەوایەتیی نەتەوەیی، بەڵام چونکە لەگەڵ بارودۆخی ئەوکات و نیازەکانی خەڵک نەدەگونجا و هەلومەرجەکە پێویستی بە حیزبێکی خاوەن بەرنامە و ئەساسنامە هەبوو کە ئامانجەکانی گەلی کوردی تێدا هاتبێ، بۆیە پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ هێندێك کەسایەتی لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتیان دامەزراند.

جەرەقەی هاتنە مەیدانی ئەو حیزبە سینگی مێژووی شەقار کرد و ئەو کەسانەی هەستیان بە ستەمی نەتەوایەتی و نابەرامبەری دەکرد، لە دەوری خۆی دا کۆکردەوە و بە ورە و باوەڕێکی تایبەتەوە خەڵکی کوردستانی بۆ خەباتێکی بەردەوام و شێلگیر و ماندوویی نەناسانە ڕێك خست و تۆوی نا هومێدی لە دڵە ڕەشەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمان دا چاند و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستە قۆناغێکی گرینگ و پێشکەوتووانە و چارەنووس سازەوە. ئەو قۆناغە لە مێژووی نەتەوەکەماندا دەکرێ بە قۆناغێکی خەباتی بەکردەوە و ئەمڕۆیی ناو ببرێ.

**بەڕێزان!**

هەر حیزب و سازمانێکی سیاسی کە بیهەوێ سەرکەوتووانە کار و ئەرکە سیاسیەکانی خۆی لە ڕەوتی خەباتێکی بەکردەوەدا بەرە و پێش بەرێ و کۆسپەکانی سەر ڕێگا لادا، دەبێ بە شێوەیەکی گونجاو، خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرج و سەردەمەی کە تێیدایە، تەتبیق بدا و خۆی نوێ بکاتەوە و ڕێگای سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی تەشخیس بداو تەختیان بکا و وشیارانە چارەسەری کۆسپەکان بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرنج دان بە ٦٢ ساڵ بەسەر دامەزرانی دا سەرەڕای ئەو هەموو کەندوکۆسپانەی کە هاتوونەتە سەر ڕێگای تێکۆشانی و ئەو نەهامەتییانەی کە لە ڕەوتی ئەو خەباتە دژوارە راستەقینەیەدا بەرەو ڕووی بۆتەوە، هەروا سەربەرزانە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە بەرزەکانی گەلی کورد تێکۆشاوە، حیزبی دێموکرات چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ ئێستا لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دا وەك حیزبێکی شۆڕشگێڕ و بە پرەنسیپ بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد خەباتی کردوە و دەکا و خاوەنی رابردوویەکی پڕ لە شانازییە و لەئاستی نێونەتەوەیی دا ناسراوە و لەئاستی کوردستانیش دا زۆر خۆشەویستە و سەرەنجی لاوان و ژنانی بۆلای خۆی راکێشاوە.



**بەڕێزانی بەشدار!**

لە دەرفەت کەڵك وەردەگرین و ئاماژە دەکەین بە یەکێك لەو مەسەلانەی کە دەبێ حیزبی دێموکرات ئاوڕی وێداتەوە و چارەسەری بکا، کە ئەویش مەسەلەی ژنە.

دیاره ئێستا بەخۆشییەوە حیزبی دێموکرات دوای لەتبوون گرینگییەکی زۆری بە مەسەلەی ژن داوە. ئەوەش لە هێلە گشتییە سیاسییەکانی حیزب دا رەنگی داوەتەوە و دەیهەوێ دڵسۆزانە ئاوڕی جیددی وە ژنان بداتەوە و لە داهاتوودا بەشێکی زۆر لە ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردان بەشدار بکا. دیارە ئێمە وەك یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی فینلاند سپاسی حیزبی دێموکرات دەکەین و پشتیوانی لە سیاسەتە راست و دروستەکانی دەکەین و هیواداری دەردەبڕین لە هەموو مەیدانەکانی دا سەرکەوتوو بێ.

لە کۆتایی دا لە یادی رێزگرتن لە ٦٢ ساڵەی دامەزرانی ئەو حیزبە تێکۆشەرە دا رێز و حورمەت دەنێرین بۆ ئەو کەسانەی هەر ئێستا لە مەیدانی خەبات دا درێژە بە کار و تێکۆشانیان دەدەن چ لە نێوخۆی وڵات و چ لەدەرەوەی وڵات. هەروەها سەری رێز و نەوازش دادەنەوێنین بۆ ئەو شۆڕشگێڕانەی کە سەربەرزانە گیانیان لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەیاندا فیدا کردوە.

سڵاو لە ٢٥ی گەلاوێژ، رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سڵاو لە ژنان و پیاوانی خەباتگێڕی کورد کە بۆ نەمانی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری هەوڵ دەدەن.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی**
**کوردستانی ئێران**
**فینلاند**

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەوڵاتی فینلاند

رۆژی شەممە، ١٥ی سپتامبری ٢٠٠٧، کۆنفرانسی کۆمیتەی فینلاندی یەکیە تیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری تورکو پێک هات. کۆنفرانس بە سروودی نەتەوایەتی ئەیرەقیب لە لایەن کۆری هونەری یەکیە تیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە فینلاند دەستی پێ کرد. پاشان بە دەقیقەیەک بێدەنگی رێز لە خەبات و قوربانی شەهیدانی رێگای ئازادی و رزگاری کوردستان گیرا. لە سەرەتای کۆنفرانسدا رێزدار شەهێن زاد ئەحمەد، بەرپرسی کاروباری ژنان لە وڵاتی فینلاند باسێکی لە مەڕمێژووی دامەزرانی رێکخراو بۆ ئامادەبوان باس کرد. دواتر پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران لە لایەن بەهارە ئێرانی و پەیامی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنفرانس لە لایەن خاتوو نەشمیل خوێندرایەوە. بەدوای خویندنەوەی پەیامەکان راپۆرتی کار و تێکۆشانی یەکیە تیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران لە لایەن بەرپرسی رێکخراو لە فینلاند خاتوو شەهێن زادئەحمەد خویندرایەوە. لەو بەشەدا بەشداران چالاکانە راپۆرتەکەیان خستە ژێر سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان و پاشان بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. دوایین بەشی کاری کۆنفرانس، هەڵبژاردنەوەی دەستەی بەڕێوەبەری نوێ بوو کە تێیدا ئەو بەرێزانەی خوارەوە هەڵبژێردران؛

شەهێن زاد ئەحمەد ، بەرپرسی گشتیی و سەرپەرشتکاری کاروباری ژنان لە هەرێمی هێلسینکی، زولەیخا موهەندیس، بەرپرسی هەرێمی تورکۆ، فریشتە ئەحمەدیان، بەرپرسی بەشی ماڵی، کەژاڵ حەسەنپور، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان، بەهارە ئێرانی، بەرپرسی بەشی راگەیاندن

**٢٠٠٧/٩/٢٠**



# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران به بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەری بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت

هاووڵاتیانی بەڕێز: ژنانوپیاوانی یەکسانیخواز! خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ئەمڕۆ حەوتی پوشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ هەتاوی ، بیست ساڵ لە بۆمبارانی شیمیایی شاریسەردەشتو دەوروبەری ، لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراق تێ دەپەڕێ.

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٧ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ فڕۆکە شەڕ کەرەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە کردەوەیەك کە لە مێژوودا بێ وێنە بوو ، خەڵکی بێ دیفاعو بێ گوناهی شاری سەردەشتو چەند گوندی دەوروبەریان دایە بەر ڕەهێڵە بۆمبە شیمیایەکانی خۆیانو، بەمجۆرە هەزاران کەس لە خەڵکیان شەهیدو نەقوستان کرد . بۆیە دەڵێین نەقوستان ، چونکە ئەم ژارانەی کە بەسەر خەڵکی مەدەنی ناوچەی سەردەشت دا ڕژان بە ڕادەیەك کوشندە بوون کە ئێستاشی دەگەڵ بێ بریندارەکانی ئەو کارەساتە دژی مرۆڤی یە دەگەڵ زۆر نەخۆشی نەخوازراوبەرەو ڕوون و ساڵ نیە شاهیدی شەهید بوونی چەند کەس لەو خەڵکە بێ تاوانە نەبین.



فەریبا وەیسی ئەندامی جێگری بەڕێوەبەری

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش وەك ئەوەی نیعمەتێکی وەچەنگ کەوتبێ ، جارجار نەبێ ئەویش بۆ هەندێك مانۆڕی تەبلیغاتی ، ئاوڕ لە قوربانیانی بەجێ ماو لەو جەنایەتە ناداتەوە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە ساڵانە بە هۆی ئەو بۆمبارانە گیانیان لە دەست دەدەن ڕوو لە زیادبووندابێ.

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی کە بڵاوبوونەتەوە هەر لە یەکەم ساتەکانی ئەو کارەساتەدا ١٢٠کەس لە خەڵك گیانیان لە دەست داوە . بەڵام ئەو ڕێژەیە پاش بیست ساڵ خۆی لە سەدان ژنو پیاوو پیرولاو و منداڵو مێرمنداڵ داوە . هەروەها بە پێی ئامارە نادەوڵەتییەکان زیاتر لە ١٤ هەزار کەس لە خەڵك بەهۆی جۆراو جۆر دەگەڵ نەخۆشییەکانی پاشماوە لەو بۆمبارانە گیرۆدەن.

ئازیزان:

ئەوە یەکەم جار نیە کە لە گەرمەی شەڕی نێوان دەوڵەتاندا خەڵکی بێ دیفاع دەکەونە بەر ڕەهێڵەکانی چەکە جۆراوجۆرەکانو دەبنە قوربانی شەڕێك کە لە لای ئەوان نەخوازراوو مەحکومە ، بەڵام لە مێژوودا ڕەنگە ئەوە یەکەم جار بێ کە خەڵکی مەدەنی دەبنە هەدەفی چەکێك کە تەنانەت لە قاموسی شەڕیش دا قەدەغە کراو ڕاگەیاندراوە .

زۆر بە داخەوە دنیای ئەودەم سەبارەت بە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت هیچ دەنگێکی لێوە نەهات . هەر ئەو بێدەنگی یە بوو بە هۆی ئەوە کە لە چەندین شوێنی دیکەی کوردستانی ئێرانوعێراق ئەو چەکە ژاراوی یە گیانی مرۆڤە بێ تاوانەکان بستێنێ کە بەر چاو ترینیان کارەساتیهەڵەبجەبوو.

هەر بۆیە جێی خۆیەتی لە بیستەمین ساڵڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری دەنگمان بخە ینە پاڵ دەنگی ژنانو منداڵانی بێ تاوان کە بە حەق قوربانیانی سەرەکی هەر شەڕێکن و نەفرەتو بێزاری خۆمان لە شەڕو ماڵوێرانی دەربڕینو داوا لە هەموو ئینسانە مرۆڤ دۆستەکانی دنیا بکەین کە هەوڵەکانی خۆیان بۆ هەرچی چڕو پڕکردنی خەبات بە دژی چەکەکۆمەڵ کوژەکان بخەنە گەر ، تاچیدیکە شاهیدی مەرگو لە ناوچوونی خەڵکی بێتاوان نەبین.

هەزاران سڵاو لە قوربانی کارەساتی بومبارانی شیمیایی شاری سەردەشت و گوندەکانی دەورووبەری و هەموو شار و ناوچەکانی کوردستانی ئێران!

بە هیوای ساغی و سارێژ بوونەوەی زامەکانی بریندارانی ئەوجنایەتانە!

نەفرەت لە شەڕ و ماڵوێرانی و مردن بۆ شەڕویستان و شەڕفرۆشان!

**یەکیە تیی ژنانی دیموکراتی**
**کوردستانی ئێران**
**٧ی پوشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی**

## پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# بۆ یەکەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی فینلاند

ئەندامانی یەکەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فینلاند!

وێڕای سڵاوی ژنانی ماندوونەناسی دێموکرات لە کوردستان بە ئێوە خۆشەویستان، بەبۆنەی بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فینلاند، پیرۆزبایی گەرمی ئەندامانی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانتان پێشکەش دەکەین.

هیوادارین کۆنفرانسەکەتان بە دانی بڕیاری بەجێ و بەسوود لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ژن لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە پێناو داکۆکیکردن بۆ وەدیهێنانی مافە زەوتکراوەکانی ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان دا هەوڵ بداو قۆناغێکی نوێ لە لە کار و چالاکی ژنانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بێ.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

کۆنفرانسەکەتان لە هەلومەرجێك دا دەبەسترێ کە سەرەڕای ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی لە پەیوەندی لەگەڵ دابینکردنی مافی مرۆڤ و داکۆکی لە مافی ژنان لە جیهان دا بە گشتی، توند و تیژی دژ بە ژنان لە وڵاتی ژێردەسەڵاتی ئاخوندی لە ئێراندا بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، ژنان و کچان لە ژێرباری قورسی داب و نەریت و یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی دا دەچەوسێنەوە و هەر ڕۆژ لە ژێرناوی گەڵاڵەی جۆر بە جۆر یاری بە چارەنووسیان دەکرێ، بێ حورمەتی و ئازار و ئەشکەنجە و ئیعدام و بەردباران هەر بەردەوامە، تووشبوونی ژنان و کچان بە مادده سڕکەرەکان و ڕاکردنی کچان و ژنان و کڕین و فرۆشتنیان بە باندەکانی قاچاغی مرۆڤ پەرەگرتووتر دەبێ و دەربڕینی هەر چەشنە نارەزایەتیەك سەرکووت دەکرێ.

ژنانی کوردستانیش وەکوو باقی ژنانی ئێران لەو بەش مەینەتیە بە دوور نین، هەر بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە بەتایبەت ژنانی دەرەوەی وڵات دژی ئەو زوڵم و توند و تیژیانەی لە ئێران دەرحەق بە ژنانی کوردستان بەڕێوە دەچێ، بێدەنگ نەبین و بە لێك گیردانی خەباتمان ئەو بێ عیداڵەتیانە بخەینە بەر چاوی کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆست و داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە جیهاندا و بیروڕای گشتی و جیهانی لێ ئاگادار بکەینەوە و سروشتی دژە ژنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچی زیاتر دەربخەین و بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانمان هەوڵ بدەین.

دیارە ئەوەی جێی شانازییە ئەوەیە کە ژنانی وشیارو خەباتگێڕی کورد لەو کەشە پڕ سەرکوتەش دا بێدەنگ نەبوون و دژی ئەو چەوسانەوەیە ڕاوەستاون لەخۆبوردووانە داکۆکیان لە مافەکانیان کردوە و بە گژ سیستمی پیاوسالارانە و چەوسێنەرانەی کۆماری ئیسلامی دا چوونەتەوەو لەو ڕێبازەدا بەردەوامن.

**بەشدارانی کۆنفرانس!**

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك بەئەزموونترین ڕێکخراوی چالاك لە بواری داکۆکیی لە ماف و ئازادیەکانی ژنانی کوردستان، پشتیوانی لە ویست و داخوازەکانتان دەکا.

جارێکی دیکەش پیرۆزباییتان لێدەکەین و سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان بە ئاوات دەخوازین.

سەرکەوێ یەکەم کۆنفرانسی یەکیەتی ژنانی دێموکرات لە وڵاتی فینلاند.

یەکگرتوو بێ خەبات و تێکۆشانمان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

سەرکەوێ خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ داکۆکی لە مافە ڕەواکانیان.

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٢ ی خەرمانانی١٣٨٦ ی هەتاوی**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات

# بەبۆنەی ١٥ ساڵەی تیرۆری دکتوور شەڕەفکەندی

لەلایەن زولیخا جەشنی ئەندامی موشاویری یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا

٢٦ی خەرمانانی ئەو ساڵ ١٥ ساڵ بەسەر تیرۆری دوکتورمحەممەد سادق شەرەفکندی و هاوڕێیانیدا تێپەڕدەبێ. ١٥ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەك ئەوڕۆدا حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی رووداوێك و کارەساتێکی ئەوەندە بەسام و جەرگبڕو دڵتەزێن بوون کە بیرەوەری ئەو رۆژە تاڵە هەتا هەتایە لە بیروفیکری نەتەوەی کوردا دەمێنێتەوە. دوکتور شەرەفکندی کەسایەتی دیارو بەرچاوی نێو جووڵانەوەی کورد بەگشتیو رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بوو. دوای شەهید بوونی رێبەرو مامۆستامان دوکتور قاسملووی نەمر لەگەڵ ئەوەدا برینەکە بۆ دوکتور شەرەفکندی زۆر بەژان بوو، بەڵام ئازایانەو بوێرانە شانی وەبەر مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی‌یەك دا کە تا ئەو کات لەسەر شانی دوکتور قاسملوو بوو. دوکتور شەرەفکەندی بە زانایی‌و وردبینی‌و ئازایەتی کە تایبەت بە خۆی بوو، زۆر زوو توانی بەسەر کەندو کۆسپەکاندا زاڵ بی‌و بە ماندوو بوونی زۆرو پێکهێنانی هاوکارییەکی هەمەلایەنە نەیهێشت بۆ قاسملوویی بە حیزبەوە دیار بێ‌و لە ماوەیەکی کورتدا ئەو بڕوایەی لای هەمووان دروست کرد کە بە پێکەوە بوون‌و هاوکاری‌و یەك ریزی دەتوانین بە سەر کارەساتی لەدەستدانی رێبەران دا زاڵ بن. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی خوێنرێژی کۆماری ئیسلامی بە هەست کردن بەو راستی‌یە کە بە بوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندی، حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و جووڵانەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ قاسملووش هەروا بەرەوپێش دەچێ، بۆیە پیلانی تیرۆری ئەو رێبەرە هەڵکەوتووەیان



داڕشت‌و پێیان وابوو ئەگەر شەرەفکەندی تیرۆر بکەن گەلی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات‌و بەربەرەکانی سارد دەبێتەوەو ئەوانیش وەك هەموو جارێك بۆی دەردەچن. بەڵام غافڵ بوون لەوە کە قەوارەی حیزبی دیموکرات لە سەر دەستی پێشەواو دوکتور قاسملوو وا دارێژراوە کە بەو زەبرە کاریگەرە هەرچەند توندیش بێ تێك ناڕوخێ‌و ئەو راستی‌یە ئێستا بە زەقی خۆی دەنوێنێ کە دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی‌دا حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا قورس‌و قایم لە مەیدانی خەبات‌و تێکۆشان دایەو ئەوە دەسەڵاتدارانی تارانن دەسەڵاتیان بەرەو لەرزۆکی‌و تێکرووخان هەنگاو دەنێ.

شەهید دوکتوور سادقی شەرەفکەندی نموونەیەکی بەرزی سیمای دیموکرات بووو لە روانگەی دیموکراتیکەوە دەی ڕوانیە مەسەلە جۆراوجۆرەکان. روانینی دوکتور شەرەفکەندی لە مەڕ کێشەی ژنان لە کوردستاندا، گۆشەیەك لە کەسایەتی‌و روانگەی پێشکەوتووانەی ئەو نەمرە دەردەخەن. لە هەموو

موناسبەتێکدا کە پێوەندی بە ژنانو کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەوانەوە بوایە زۆر بە ئاشکرا بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕی‌و دیفاعی لە مافەکانی ژنان دەکردو ژنانی هان دەدا هاوکات لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی بۆ مافەکانی خۆشیان خەبات بکەن.

لە کۆتایی‌دا لەو رۆژە ماتەمینەدا یەکیەتیی ژنانی دیموکرات بەڵێن لەگەڵ رووحی بەرزی شەهیدی رێبەرمان دوکتوور سادق شەرەفکەندی‌و هەموو شەهیدانی کوردستان نوێ دەکاتەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان کە ئامانجو ئاواتی نەتەوەیەکی بندەستو ماف پێشێلکراوە دەست لە خەبات هەڵنەگرین‌و شان بە شانی براکانمان لە سەنگەری دیفاع لە مافو ئازادی بە یەکریزی‌و یەکگرتوویی خەبات بکەین.

سڵاو لە رووحی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان، بە تایبەتی سێ رێبەری شەهیدمان قازی، قاسملووو شەرەفکەندی

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی**
**کوردستانی ئێران ١٣٨٦/٦/٢٦**

## بەندی پێنجەم لە ئامانجەکانی یەکیەتیی ژنان

**یەکیەتیی ژنان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ژن و پیاو لە ژیان دا تەواوکەری یەکترن. هەر بۆیە تێدەکۆشێ ژنانی کۆمەڵی کوردەواری هەرچی زیاتر لە ئەرکەکانی بەرامبەر بە پیاوان شارەزا بکا بۆ ئەوەی هەردوو لا پێکەوە بۆ بنیاتنانی ژیانێکی هاوبەشی باشتر بە ئەرك و مافی بەرامبەرەوە خەبات بکەن.**

# ئایا کۆمەڵگای جیهانی قسەکانی ئەحمەدی نیژاد لەسەر ژنان و ئازادییەکانیان پەسند دەکا؟

ح رەسووڵی




مەحموودی ئەحمەدی نیژاد، سەرۆک کۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بانگهێشتنێک دا لەلایەن بەرپرسی زانستگای کۆلۆمبیا دا زۆر راشکاوانە لە وەڵامی پرسیارێک دا لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی ژنان گوتی: "ژنان لە ئێران دا بەتەواوی ئازادن". ئەو وتەیەی ئەحمەدی نیژاد بە هیچ شێوەیەک لەلایەن ئامادەبووانی هۆڵەکەوە پەسند نەکراو بوو بە مایەی پێکەنینیان. قسەکانی ئەحمەدی نیژاد بێجگە لە تاقمێک ئیسلامخواز بۆ هیچ تاک و گروپێک جێگای پەسند و بڕوا نیە و کۆمەڵگای جیهانی بە هیچ چەشنێک قسەکانی ئەو پەسند ناکا. قسەکانی ئەحمەدی نیژاد بۆ تاقمێک لە ژنانی ئیسلامخوازی دەمارگرژی ناوخۆی ئێران وتەی ئەرینی جێگای پەسندە بەو هۆیە کە ئەوانیش هەر لەو روویەوە دەڕواننە ئازادی بۆ ژنان.

بەڵام لە جیهانی خاوەن ژیار ئازادی واتاو پێناسەیەکی دیکە لەخۆ دەگرێ. ژنانی ئێران هیچ کات قسەکانی ئەحمەدی نیژادیان پێ راست نیە و روون دەزانن کە وتەکانی ئەو لەگەڵ راستیەکانی کۆمەڵگا دژایەتی هەیە. لەلایەکی دیکەوە بەو هۆیە کە توێژی نەریتی و دینی دەمار گرژی ژنان، بڕوایان بە ئیدئۆلۆژییەکە، کە لە یاساکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دا خۆی دەبینێتەوە و رەوایی هەیە هەر بۆیە مل کەچی قسەکانی ئەحمەدی نیژادن.

بۆ هەمووان روونە کە سەرەڕای بەشداریکردنی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دا ئەوان هیچکات کەڵک و بەهرەیان لە ئازادی پێویست وەرنەگرتووە. هەر هەستکردن بەو جیاوازیانەش بووە کە بۆتە هۆکارێک بۆ بەربەرەکانی کردنی ژنانی ئازاو نوێخواز لەگەڵ ڕێژیمی توتالیتێری ئیسلامی دا. دیارە کە ئەحمەدی نیژاد سەبارەت بە ژنانی کورد هیچ چەشنە باسێکی نەهێناوەتە ئاراوە، بەڵام...! ئەگەر ئاوڕێک لە ژنانی کورد لە ئێران دا بدەنەوە دەبینین کە ژنان لە کوردستان دا لە قوربانیە راستەوخۆکانی نیزامی دواکەوتوو و یاسای نەریتی کۆماری ئیسلامین.

ئەگەر ژنانی ئێرانی بەگشتی لە ئازادییەکانیان بێبەش کراون، ژنانی کوردستان چەند بەرامبەر کەوتوونەتە بەر زەخت و پەراوێزەوە. بەو هۆیە کە بێجگە لەوەی کە ئەوان لەلایەن ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیەوە

←




کەوتوونەتە بەر زوڵم و زۆری لەلایەکی دیکەوە چەوساوەی سیستمی پیاوسالاری باو لە کۆمەڵگای کوردەواری و یاسا نەریتیە زاڵەکان بەسەر بنەماڵەو هۆز و عەشیرەدان و بەبەردەوامی غەدریان لێ کراوە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەشێکی دیکە لەقسەکانی ئەحمەدی نیژاد لە زانستگای کۆلۆمبیا لەسەر رەگەزخوازان(همجنس باز) دیسان دەبینین کە قسەکانی ئەو لەگەڵ راستییەکانی کۆمەڵگادا ناتەبایە.

ئەحمەدی نیژاد زۆر بێ چاوو روویانە دەڵێ کە: لە ئێران دا رەگەز خوازی بوونی نیە و حاشا لەو راستییە دەکا.بەڵام ئەگەر بەڕوونی بڕوانینە ئەو پرسە دەبینین کە رێژەیەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا ئۆگریان بە رەگەزی موافقی خۆیان هەیە. ئەوەش ئەمرێکی سروشتی‌یەو بەدەر لە مرۆڤە ئێرانییەکانیش نیە.جا ئێستا بەراستی چۆن لەئێران دا نییە باسێکە کە هەردەبێ بەرپرسانی ئێران خۆیان بە درۆوکەڵەکە کردن وەڵامی بدەنەوە. دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر بەباشی دەزانن کە لەئێران دا رەگەزخواز هەیە و ئەو گرووپە لە کۆمەڵگا کە ژنانیش لەبەر دەگرێ تەنانەت بە نەهێنی تێکۆشانیان هەیە و بڵاوکراوەی ئیلەکترۆنیکیش لەسەر خۆیان و هەوڵەکانیان دەردەکەن. سەرۆك کۆمار و دەسەڵاتدارە وردو درشتەکان لە ئێران دا زۆر بەباشی دەزانن کە ژنان لە ئێران دا بەدژی ئەوان و یاساکانیان بەربەرەکانی دەکەن و ساتێك ناوەستن و دڵ ساردنابن لە خەبات و هەوڵدانیان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان. ئەوان هەروەها زۆر باشیش دەزانن کە: کۆترێکی باڵ شکاو ناتوانێ هەڵفڕێ و هیچ شۆڕش و نیزامێکیش بەبێ بەشداری و پشتیوانیی ژنان سەرناکەوێ.

**سەرۆك کۆمار و دەسەڵاتدارە وردو درشتەکان لە ئێران دا زۆر بەباشی دەزانن کە ژنان لە ئێران دا بە دژی ئەوان و یاساکانیان بەربەرەکانی دەکەن و ساتێك ناوەستن و دڵ ساردنابن لە خەبات و هەوڵدانیان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادی‌یەکانیان**

# جیگیر بوونی گەڵاڵەی پارێزگاری لە بنەماڵە ناچارکردنی ژنانی ئێران بە قەبووڵ کردنی کەمترین مافیانە...

ن: عیسمەت نستانی

بەربەرەکانی لە بەرامبەر ویست و داخوازییەکانی ژنان و زوڵم و زۆری و جیاوازیدانان لە هەر کۆمەڵگەیەك و مانەوەی نەخشی ژنان بە شێوەی سوننەتی و کلێشەیی، دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵگایە و دوورکەوتنەوەی ژنان و کچان لە دەسەڵاتی لێ دەکەوێتەوە و ئەو شێوە هەڵسوو کەوت و بیرکردنەوە ناشیانە لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ مەسەلەی ژن، مەیدانی چالاکییەکانیان بەرتەسکتر دەکاتەوە و بێ باوەڕی زیاتر دەهێنێتە ئاراوە. بە چاوخشاندن بە کۆمەڵگای ئێرانی ئەمڕۆ ئەوەی لەو سێ دەیەی دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئەو وڵاتەدا بەرامبەر بە ژنان کراوە و دەکرێ، چاو پۆشیان لێ ناکرێ و جێگەی لێ وردبوونەوە و تێرامانن. راگەیاندن لەسەر پێویست نەبوونی ژنان لە مەیدانە جۆربەجۆرەکان، دانانی بەربەست لەسەر رێگەی بەرەو پێش چوون و گەشە کردنیان، زەبر و زەنگی لەڕادەبەدەر بەرامبەر داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان، تەگەرە خستنی بەر چالاکیەکانیان و گرتنەبەری رێ و شوێنی جیاواز، بەزۆر سەپاندنی گەڵاڵەی جۆراوجۆر و هەوڵدان بۆ بەیاسایی کردنیان، ئەوانەو چەندین نموونەی تر لە سیاسەتە چەوت و دواکەوتوەکانی ئەو نیزامە لەو کۆمەڵگەیەن.

لەکاتێك دا چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە لە یاسای وڵات دا لە بەرژەوەندی ژنان گۆڕانکاری بکرێ، لەم دواییانە



پێشکەشکردنی گەڵاڵەی نوێ لەژێر ناوی پارێزگاری لە بنەماڵە ( حمایەت از خانوادە ) لەلایەن دەوڵەت بۆ پەسندکردن پێشکەش پارلمان کراکە رۆژی ١١ی خەرمانان لە دانیشتنێك دا کە بە هەوڵی چالاکانی کەمپین ( یەك میلیۆن بە ئامادە بوونی ئەندامانی کەمپین و چالاکانی بواری مافەکانی ژنان ) پێك هات. لە رووی یاساناسی، کۆمەڵناسی و دەروونناسی لێکۆڵینەوە و باس و راوێژی لەسەر کرا. لەگەڵ رەخنەی توند لەو گەڵاڵەیە، هەریەکێ بیر و بۆچوونی خۆیان لەم رووەوە خستە روو. زەهرا ئەرزەنی یاسا ناس و پارێزەر و چالاك لەبواری مافی ژنان، گوتی بوونی ئەو گەڵاڵەیە بەناوی (پارێزگاری لە بنەماڵە)، لەگەڵ ناوەرۆك دا ناگونجێ و لەراستی دا مانای پارێزگاری لە بنەماڵەدا هەڵ ناگرێ بەڵکوو گەڕانەوەی ژنان لەمەر مافیان بۆ دواوەیە. فەریدە غیرەت لەگەڵ رەخنەی توند، گوتی کاتێ پارێزگاری لە بنەماڵە دەکرێ کە یاسای جیاوازیدانان دژی ژنان و خێزان، یاسای تەڵاق، سەرپەرەستی و... هتد لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ. نەسرین ستوودە پارێزەری دادگا و چالاکی بواری مافەکانی ژنان، ناوبردنی ئەو لایحەیەی بەناوی پارێزگاری لەبنەماڵە بەوە لێك دایەوە کە ئەوە لەو راستیەمان نزیکتر دەکاتەوە قەناعەتمان هەبێ کەباشترە ناوی لێکپچڕانی بنەماڵەی بۆدابنرێ. شەهلا ئێعزازی مامۆستای زانستگا لە رووی کۆمەڵناسی لە بەشێك لەقسەکانی دا سەبارەت بەو لایحەیە گوتی: دەوڵەت لە مەڕ هاوسەرێتی و خێزان دوو روانگەی هەیە، یەکەمیان لە روانگەی پیاو سالارانەی مۆدێرن کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم لە ئوروپا و

ئامریکا هاتە ئاراوە، کە ئێستا بە هەول و تەقەلای فیمێنیستەکان بەرەو نەمان دەڕوا. دووهەم روانگەی پیاوسالارانەی پێش شۆڕشی پیشەسازییە کە ئێستاکە لەنێو دەولەت مەردانی ئێران بوونی هەیە، کە هەردوو روانگە لە کۆمەلگای ئەوڕۆی ئێران دا گیروگرفتێکی زۆری خولقاندوە.

شیوا دەولەت ئابادی دەروونناس و چالاکیی بواری مافەکانی ژنان لەو کەمپین دا باسی لەسەر کاریگەری خراپی مافی خیانەتی یاسایی پیاوان لەسەر ژنان و منداڵان لە ئێران دا کرد.

بە روانین لەئەو گەلاڵەیە جیاوازیی رەگەزی بەزەقی دەبینرێ، لە مادەی ٢٣ ی ئەوگەلاڵەیەدا سەبارەت بە دووبارە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی بۆ پیاوان دەلێ: هەلبژاردنی هاوسەریی دایم بە ئیزنی دادگا دەبێ و دادگاش ئەوە بە توانا داراییەکانی پیاوەوە دەبەستێتەوە و داوا لەپیاو دەکا کە عەدالەت لە نێویان بەڕێوە بەرێ، بەلام هیچ زمانەتێك یا شەرت و مەرجێك وەك پشتیوانە لەو مادەیەدا نیە، تەنیا شتێکی رەوالەتیە و بەس، تەنیا ئەوەیە کە پیاو کاتێك توانایی دارایی باشی هەبوو دەتوانێ بۆ چەندەمین جار ژیانی هاوبەش پێك بێنێ و هیچ رێگرێك وەك بوونی رەزامەندی ژنی یەکەم یان چەندەم یان بوونی بەلگەی روون و ئاشکرا گرینگ نیە و ئەوەی گرینگە مەیل و ئارەزووی پیاوە و هیچی تر.

لێرە لە داڕێژرانی ئەوگەلاڵەیە پرسیار دەکرێ کە ئەو شێوە ژیانی هاوبەش پێکهێنانە چەندە سەرکەوتوو و بەردەوام دەبێ، چارەنووسی ژنی یەکەم یان چەندەم کە هیچ چەشنە رەزامەندی و مافێکیان لەو نێوەدا نیە بە کوێ دەگا و ئەو عەدالەتەی ئەوان داوای دەکەن چۆن چۆنی دێتە دی. لە قورئان دا باس لە عەدالەت کراوە کە ناتوانرێ بە هیچ شێوەیەك بێتە دی. لە سوورەی نساء ئایەی ١٢٩ دا دەلێ: "ناتوانرێ عەدالەت بێتەدی کەوایە دوای مەیل و ئارەزووەکانتان مەکەون و



هاوسەرەکانتان سەرگەردان مەکەن".

خالێکی تری ئەو گەلاڵەیە باس لە شێوەی هاوسەرگیری کاتی دەکا و سەبت کردنی بەپێویست نازانێ و تەنیا بەنووسینی ئاییننامەیەك لەلایەن دەولەتەوە سپێردراوە، لەکاتێکدا گەلاڵەی پێشنیار کراوی دەسەلاتی دادگای سەبتکردنی هاوسەرگیری کاتی لە کاتی بوونی منداڵ بەپێویستی زانیوە کە دیارە ئەوەش لەبەر بوونی گیروگرفتی وەرگرتنی شناسنامەی منداڵە، بەلام گەلاڵەی پێشنیارکراوی دەولەت لەگەل ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە پەرە بەو هاوسەرگیریە دراوە، سەبتکردنی بە پێویست نەزانیوە، کە ئەوەش دەرخەری بیر و بۆچوونی داڕێژەرانی ئەو گەلاڵەیە کە ژن تەنیا وەك کەرەسەیەك لەلایەن پیاوانەوە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیان بەکار دەهێنرێ و هیچی دی.

بەستنەوەی مالیان بە مارەیی خالێکی دیکەیە کە ئەوەش گیروگرفتێکی دیکە بۆ خێزان لە کۆمەلگای ئێراندا دێنێتە ئاراوە، چونکە ئەمڕۆ بنەمالەکان مارەیی وەك پشتیوانەیەکی مالی بۆ ژن دەزانن و وەك ئەهرۆمێك لەکاتی تەلاق دا کەلکی لێ وەردەگرن، ئێستا مارەییەك دیار نیە، چۆن و کەی و بە چ نرخێك دەگاتە دەستی ژن، چۆن لەسەرەتادا مالیاتی لێ وەردەگیرێ.

خالێکی دیکەی ئەو گەلاڵەیە ئالۆزبوونی تەلاقی تێدا بەدی دەکرێ، وەك هاتنە ناوەوەی دەوروو بەر لە دانیشتنەکانی موشاوەرە، مانەوەی ژن لەشوێنی ژیانی پیاو تاکوو تەواوبوونی (عدە)، کەمکردنەوەی سزای نەقدی و نەبوونی سەبتی هاوسەرێتی کاتی بەشێکی دیکە لەو گیروگرفتانەن کە لەو گەلاڵەیەدا هاتوونەتە بەرباس. بەلێ وردبوونەوە لە ناوەرۆکی ئەو گەلاڵەیە، بنەمالە و خێزان مانی خۆی لەدەست

بۆ لاپەڕە ٢١

# مسیار بۆ تێرکردنی هەستە جینسییەکانی پیاوانە؟ یان...

کوێستان فتووحی

پرۆژەی زەماوەندی مسیار ئەو پرۆژەیە بوو شێخ ئاریان بەرزەنجی راوێژکاریی کۆمەڵایەتی و وەزیری رۆشنبیری نووسیویەتی و گۆیا پێشکەشی پارلمانی کوردستانی کردوە.

زەماوەندی مسیار یان (رەو) گرێبەستێکە لە نێوان نێرو مێ (ژن و مێرد) کە لە گەڵ ئەوەی زۆر لە مەرجەکانی هاوسەرییەتی ئاسایی و شەرعی تێدایە، وەك ئەوەی کە لە کاتی گرێبەستەکەدا پێویستە وەلی ئەمرو دوو شاهید ئامادە بن بەڵام پیاوەکە هیچ بەرپرسیاریەتێکی هاوسەریەتیی ناکەوێتە سەرشان، لە کاتی گرێبەستەکەدا ژنەکە دەبێ دەست لە دوو مەرجی سەرەکی هەڵ بگرێ. ئەویش ئەوەیە واز لە نەفەقە و مارە ییەکەی بێنێ. واتە پیاوەکە لەسەری نیە خەرجی ئەو ژنە بکێشێ کە لێی مارە کراوە. مەرجەکەی دیکەش ئەوەیە کە پیاوەکە لەسەری نیە ماڵێك بۆ ژنەکەی دابین بکا. یانی ژنەکە دەبێ بۆخۆی ماڵی هەبێ و پیاوەکە سەردانی بکا.

یەکێك لە پایەکانی هاوسەرگیری لە ناو یاسای باری کەسێتی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوەیە کە پیاو پابەندە بەوەی خەرجی هاوسەرەکەی بکێشێ و ماڵێکی بۆ دابین بکاو پێکەوە ژیان ببەنەسەر. ئەمەش بۆ ژنان لەم کۆمەڵگەیەدا بەتایبەتیش کۆمەڵگەی کوردستان زۆر گرینگو پێویستیشە، لەبەر ئەوەی ژنان یەکێکن لە توێژە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵ. بۆیە بەخێوکردنو دابینکردنی ماڵ لە لایەن مێردەوە بۆ ژن لەم کۆمەڵگایانەدا زۆر پێویستە. واتە ژنان لە باری ئابوورییەوە پێویستیان بە یارمەتی و بەخێوکردنی مێرد هەیە. جگە لەمەش لایەنی عاتیفیش جێگەی خۆی هەیە لە ژیانی هاوبەشدا و تەنیا بۆ تێرکردنی هەستە جنسییەکان نیە. بەڵکوو بۆ بەهێزکردنی رێزو خۆشەویستی و بوونی منداڵو پەروەردەکردنی نەوەیەکی ساغو سڵامەتە. بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا ئەمانە بوونێکیان نیەو هیچ گرنگییەکیان نامێنێ.

دانەری پرۆژەی زەماوەندی مسیار شێخ ئاریان بەرزەنجی دەڵێ ئەم پرۆژەیەم بۆیە پێشنیار کردوە بۆ ئەوەی کێشەکانی کچانی قەیرەو بێوەژنان روو لە کەمی و پاشان نەمان بڕوا. ناوبراو دەڵێ ئەم پرۆژەیە هەموو ژنێك ناگرێتەوە، بۆ ئەو قەیرە کچانەیە کە کاتی خۆی بە هۆی جۆراوجۆر نەیان توانیوە شوو بکەن، یان بۆ ئەو بێوەژنانەی منداڵیان هەیەو نایان هەوێ منداڵەکانیان بکەونە بەردەستی زڕباب! لە راستی دا ناوبراو ئەو قەیرە کچ و بێوەژنانەی کوردستانی لەگەڵ قەیرەکچ و بێوەژنە





دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی کەنداو لێ‌تێک چووە. هەموو کەس دەزانێ قەیرەکچان و بێوەژنەکانی کوردستان تەنانەت لە هەژارترین هەژارەکانی نێو ژنانیشن، بۆیە لەپێشدا پێویستیان بە ماڵ و نان و ژیانە بۆ خۆیان و منداڵەکانیان، نەک شتی تر...

ژنان دەبێ باش بزانن ئەم هاوسەرگیرییە نەک کێشەی کچان‌و بێوەژنەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتری دەکا. ئەم پرۆژەیە لەبەرژەوەندی پیاوان دا دانراوە نەک ژنان. دانەری ئەو پرۆژەیە جارێکی تر رەوایی داوە بە فرەژنی. چونکە ئەو پیاوانەی روو لەم هاوسەرگیرییە دەکەن بە دڵنیاییەوە ئەوانەن کە ژن و منداڵیان هەیە. لەبەر ئەوەی ئێستا یاسای فرەژنی لە کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووەو گیروگرفتی بۆ پیاوان خوڵقاندووە، بەڵام پرۆژەی یاسای مسیار ئەمە بۆ پیاوان ئاسان دەکاتەوەو دەتوانن بەشێوەی نهێنی بچن ژنی دیکە مارەبکەن و بەبێ ئەوەی گیروگرفتی ماڵو خێزانیان بۆ بێتەپێش. چونکە نە خەرجی دوو ژنی دەکەوێتە سەر شانیان و نە ماڵیشی بۆ دابین دەکەن. ئەوەش لە بەرژەوەندی پیاوان دایە. بەڵام کام دەرد و ئازاری کچان و ژنان کەم دەکاتەوە؟

پێش هەموو شتێک کۆمەڵگەی کوردستان قەبووڵی ئەم رێسایە ناکاو هەر ژنێک بەم شێوە شوو بکا لەگەڵ ئەوەی کە شەرعیش رێگەی پێ بدا، هەربە چاوێکی سووک سەیری دەکرێ‌و پاشانیش لە هاوسەرگیری ئاساییدا ئەگەر هێندیک مافی دەدرێتێ لەوەیاندا ئەوەشی نادرێتێ. دەردەکەوێ ئەمە تەنیا بۆ کاری سێکسە و هیچی‌تر. ئەمەش بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نەک هەر بە چاوێکی سووک سەیر دەکرێ بەڵکوو زۆر بە قیزەونی دەزانن. بۆیە لێرەدا ژن کە بە چاو سووکی سەیری کرا، هەست بە گوناح دەکاو خۆی بە شەرمەزار دەزانێ. بەوەش ئازاری رووحی ئەو ژنە چەند بەرابەر دەبێ. پاشان قوربانییەکی دیکەی ئەم شێوە هاوسەرگیرییە ئەو منداڵانەن کە لە رێگەی ئەم هاوسەرگیرییەوە لە دایک دەبن. لەگەڵ ئەوەی ئەو منداڵانە نەخوازراون، چونکە ئەم هاوسەرگیرییە بۆ خستنەوەی منداڵ نیە، بەڵام بە هۆی جۆراوجۆری وەک نائاگایی و... جاری وا روو دەدا منداڵیان دەبێ. بەڵام ئەو منداڵە کە فامی کردەوە دەبینێ بێبەشە لە خۆشەویستی و سەرپەرستی دایک یان باوک، بۆیە هیچ هەست بە ئاسوودەیی ناکا، ئەمەش دەبێتە هۆی خستنەوەی نەوەیەکی ناساغ و بوونی دەیان گیروگرفتی دیکە بۆ بنەماڵە و کۆمەڵگە بەگشتی.

ئایا دانەری پرۆژەی هاوسەرگیری میسیار بیری لەم کێشانە کردۆتەوە؟ ئەم پرۆژەیە ئەگەر لایەنێکی باشی هەبێ، دەیان لایەنی خراپی هەیە. بۆیە هیوادارم هەرگیز پرۆژەیەکی ئاوا لە کوردستاندا پەسند نەبێ.

تێبینی: دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە پرۆژەی یاسای مسیار دراوەتە پارلمانی کوردستان، لێژنەی کاروباری یاسایی لە پارلمانی کوردستان روونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: لێژنەی یاسایی بە پێویستی دەزانێ بۆ هەموو لایەکی روون بکاتەوە کە هیچ پرۆژە یاساییەک لەم بارەیەوە پێشکەش بە پارلمانی کوردستان نەکراوە، جگە لەوەی هاووڵاتییەک بابەتێکی لەم بارەیەوە هێناوەتە پارلمان، ئەمەش چوارچێوەی یاسایی وەرناگرێ، چونکە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پارلمان، هەر پرۆژەیەکی یاسایی پێویستە لە ٢ رێگاوە پێشکەش بە پارلمان بکرێ. یەکەم ئەو پرۆژە یاساییانەی لە رێگای حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێن، دووهەم: پێویستە لە رێگای ١٠ ئەندامی پارلمان، یان زیاتر پێشنیار بکرێن.

# ژنان لە چاوەڕوانی لە سێدارەدران دان

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: شلێر باپیری

لە خوێندنەوەیەکی خۆم دا کە لە بارەی شێت بوون یان زیندان ( سزا ) ئەنجامم دا بەم ئاکامە گەیشتم کە تەوەری هەر شتێکی دیکە ئەوەیە کە دەسەلات چیە؟ یان بە خوێندنەوەیەکی دیکە، دەسەلات چۆن بەڕێوە دەچێ؟

(میشێل فۆکۆ)

**مەسەلەی ئێعدام**

مەسەلەی "ئێعدام" لە دنیای ئەمڕۆدا باسێکە پەیوەندیدار بە دێموکراسی یەوە. هەم لە پێناسەی سیاسەت و هەم لە واتای کۆمەلایەتی تاوانەکان دا، سزای ئێعدام بە شێوەیەکی گشتی لە نەبوونی دێموکراسی‌دا روو دەدەن. لە روانگەی جوغرافیای سیاسی یەوە، زۆربەی ئێعدامەکان لە ناوچە دواکەوتووەکانی جیهان روو دەدەن، جگە لە سزای لە سێدارەدان لە هێندێك لە ناوچەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە سزای لەسێدارەدان لەم ناوچانە، بە لەبەرچاو گرتنی هێزو دەسەلاتی سوننەتە کۆنەکانی کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەمان لەم ناوچانەدا کە هێشتا کارکردی خۆیان هەر ماوە و ئێستاش لەم ناوچانەدا زۆرێك لە یاساکانی مافی مرۆڤ وەبەرچاو ناگیرێ.

لەگەل هەر ئێعدامێك لانیکەم دوو رووداوی تراژیدیا روو دەدەن. لە چوارچێوەی کەسێتی، یاسا بوونی مرۆڤێك بەشێوەی فیزیکی لەناو دەبا و تەنانەت رێگە لە دووبارە گەرانەوەی ئەو بۆ کۆمەلگە بە شێوەیەکی سالم لە چوارچێوەی زیندانیش دەگرێ. لەلایەکی دیکەوە لایەنی کۆمەلایەتیی واتە ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤانەی کە لەسەر رەوانی کۆمەلگە دەی بێت و هێرش دەباتە سەر ئاسایشی کۆمەلگە وەك نەخۆشییەکی بەردەوام لە ناخی کۆمەلگەدا دمێنێتەوە. بەتایبەت ئەو شێوە ئێعدامانەی کە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەکاریان دەبا وەك لەسێدارەدانی "تاوانباران" لەبەر چاوی خەلك، کاریگەریەکی رووخێنەری دەروونی لەسەر کۆمەلگە هەیە. وێرانکردنی سایکۆلۆژیی خەلك، لەدەستدانی ئاسایشی رووحی کەس وکاری ئێعدام کراو و بەتایبەت ئەو کاریگەریانەی کە "لەسێدارە دان" لەسەر هەست و رووحیاتی مندالان و لاوان هەیەتی، دەروونێکی رەنجاو و خەسار دیتو دروست دەکا کە خۆی دەتوانێ لە داهاتوودا ببنە بەرهەمێنەری تاوان و بە لارێدا بردنی کۆمەلگە. هەروەها تراژیدی ئێعدام لەو رووییەوە کە کولتووری مەرگخوازی و لە ناوبردن لە کۆمەلگەدا پەرە پێ‌دەدا دەتوانێ کاریگەرییەکی درێژی لەسەر گەشەسەندنی رووحی شەڕخوازی، تۆلەسەندنەوە و خوێنرشتن بێ رێگە دان لە هەلی بوون و مانەوە هەبێ.

بەهەرحال تێگەیشتنی دەزگای دادو سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە کە رۆلی پێشگیری و ئەزموون لێ وەرگرتن لە ئێعدام و لە سێدارەدان زۆر




زیاترە لە رۆلی وێرانکارانە و لەناوبردنی سلامەتیی رەوانیی کۆمەلگە. بەلام رەوتی روو لە گەشەی تاوان و لادانە کۆمەلایەتییەکانی و پەرەسەندنی تاوان و جینایەت ولامێکی روون و ئاشکران بەم شێوەیە بیرکردنەوە و کردەوانەی دەسەلاتدارانی کۆمار ئیسلامی کە بەردەوام کار بە کولتووری زمانی شمشیر و لەناو بردن دەکەن.

لەگەل ئەوەی کە رۆلی پێشگیرانە ئێعدام لە زیاد بوونی تاوان، رۆژ بە رۆژ لەلایەن میدیاکانەوە رەت دەکرێتەوە بەلام دەزگای دادی ئێران ئێستاش یەکێك لە چالاکترین ناوەندە قەزاییەکانی جیهانە کە بەردەوام حوکمی




لەسێدارەدان بەدژی شارۆمەندانی خۆی دەر دەکا. لەم رووەوە بە باوەڕی تێگەیشتنی دەزگای دادی ئێران کە ناوەرۆکێکی تەواو مەزهەبی بەسەریدا زاڵە، ئێعدام نەتەنیا وەك سزایەك بەڵکوو وەك دەرمانێك چاو لێ دەکا.

### ژنان و ئێعدام

حوکمی ئێعدام لە ئێران دا، پێش ئەوەی کە دەربڕی ئاخرین تێگەیشتن و قسەی دەسەڵاتە بێ بەرامبەر بە تاوانبار، روانگەیەکی زاڵیشە بەرامبەر بەو ئەگەر بوونی تاوان و تاوانبارانی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە. لەو رووەوەیە کە دادگاکانی ئیسلامی ئێران زیاتر کار بۆ "ئێعدامی دەرمانی" دەکەن تا دەرمان کردنی تاوان. لە پشتی هەر ئێعدامێك لە ئێران دا بەردەوام ئەم وتە حاشا هەڵنەگرە دێتە ئاراوە کە: "بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام دەبێتە دەرسێك بۆ کەسانی دیکە". کەواتە فەلسەفەی قەزایی لە ئێران دا لەسەر بناغەی ئێعدام کردن بۆ پێشگیری و دەرمان کردن دامەزراوە نەك سزا دان. توندترین شێوەکانی سزادان لە کولتووری دەزگای دادی ئێران بە دوو شێوە بەڕێوە دەچن: حوکمی ئێعدام (قصاص) لە بارەی تاوانبار یان ئەو تاونبارانە بەڕێوە دەچێ کە فایلی جیا لە (زنای محصنە) واتە پێوەندیی جینسی بەدەر لە پێوەندیی هاوسەرییان هەبێ. زۆربەی حوکمەکانی ئێعدام بە شێوەی کۆن واتە سێدارە، پەت و کورسی بەڕێوە دەچن. بەڵام ئەو کەسانەی کە حوکمی مەرگ لەبەرچاوی خەڵکیان بۆ دەردەچێ لە ڕێگای هەڵواسین لە جەرۆسەقیلەوە دەکوژرێن.

شێوەیەکی دیکە لە حوکمەکانی مەرگ لە سیستمی قەزایی ـ شەرعی ئێرانەوە دەر دەکرێن کە زۆر دڕندانەتر لە جۆری یەکەمن. ئەویش حوکمی "بەردەباران" یان "رجم" لە بارەی بەناو تاوانبارانی "زنای محصنە" بەڕێوە دەچێ. ئەگەرچی چەند ساڵێك دەبێ کە سزای بەردەباران بەهۆی گوشاری نێونەتەوەیی پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئێران دا بەڕێوە نەچووە، بەڵام حوکمی بەردەباران بەردەوام لەلایەن دادگاکانی ئێرانەوە دەر دەکرێ.

ئەمڕۆکە و لەم رووەوە کە دێموکراسیخوازی بۆتە ئاخێوی باو و زاڵ لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران دا، پێویستە کە خەبات بەدژی سزای ئێعدام ببێتە بەشێك لە خەبات بۆ وەودەستهێنانی دێموکراسی و مافە جیهانگیرەکانی "جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ". سروشتیە کە مەسەلەی ئێعدام و لابردنی لە کولتووری سزادانی ئێران دا، دەبێ لە نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیدا ببێتە یەکێك لە خواستە سەرەکییەکان بۆ وەلانانی جیاوازی جینسی. بێگومان هەرکەس دژی ئێعدامی ژنانە راستەوخۆ دژی ئێعدامی پیاوانیشە. لە کولتووری دێموکراسیخوازیدا مافە ئینسانیەکان لە یەك جیا نەکراونەتەوە، بەڵام بەپێی چەند هۆکارێك کە باسی لێ دەکەین هەوڵی چالاکانی ئێرانیی بواری مافی مرۆڤ زیاتر گرینگی داوە بە پشتیوانی لە ژنان بەتایبەت ئەو ژنانەی کە لە چاوەڕوانی بەردەباران کردن دان.

ژێردەستەیی مێژوویی ژنان لە کۆمەڵگەیەکی باوك سالاری وەك ئێران دا لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە یاسا نامرۆڤانەکانی دەسەڵاتی ئێران کە دژی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانن، بوونەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پشتگیریی رووحی و مەعنەوی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە دەرد و ئازار و بێبەشیەکانی چەند بەرابەریی ژنان لە ناوەندی هەوڵ و چالاکییەکانی ئەوان دا جێ بگرن.

یاسا پڕلەسووکایەتییەکانی وەك: یەك لە دووی میرات دەبێ بۆ ژنان بێ، ژن نیوەی پیاوە، بەهای گیانی ژنێك نیوەی بەهای گیانی پیاوێکە و بە خوێندنەوەیەکی دیکە بەهای ژیانی پیاوێك بەقەد بەهای ژیانی دوو ژنە، هاوکات لەگەڵ نەفی کردنی مافی ژیانی ژنێك بە دەر کردنی حوکمی سزای بەردەباران و ئێعدام، تەنیا بەشێکی بچووکن لە ژیانو وەزعییەتی پڕلە تراژیدیای ژنان لە ئێرانی ئەمڕۆکەدا.

# ژنان و مەینەتی یەکانی کوورەخانە

نەسرین حەسەنزادە



ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەوەتەی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، یەکێك لە سیاسەتەکانی کە بە زەقی دیارە، دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد و فەرق و جیاوازی دانانی نەتەوەیی بووە و جیاوازی دانانەکانی هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، پیشەسازی و ... هتد گرتۆتە و هیچ کات درێغی نەکردوە. ئەم فەرق و جیاوازییەش دژی خەڵکی کوردستان بووە وخەڵکی کوردستان لە هەموو ماف و ئازادییەکانی خۆی بێ بەش بووە ڕێژیمی دەسەڵاتدار خۆی حاکم و خاوەنی ماف زانیوە و حەقی خوێندنی بە زمانی زکماکی و بەدەستەوە گرتنی پۆستە گرینگەکان و دەسەڵاتی بە مافیی خۆی زانیوە، لە بەرامبەر دا هیچ کات ئەو مافانەی بۆ گەلی کورد بە ڕەوا نەزانیوە و نازانێ. ئەم جیاوازییە لە باری ئابوورییەوە قورستریشە، هەوڵی داوە لە باری پیشەسازی دا کوردستان هیچ پێشکەوتنێك بە خۆیەوە نەبینێ، هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوچەی کوردستان بە گشتی لە دواکەوتوویی دا بمێنێتەوە و دابخرێ. لە ئاکامدا خەڵقی کوردستان لەبەر هەژاری و نەداری بۆ وەدەستهێنانی بژیوی خۆیان ناچار رووبکەنە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران، دوور لە ناوچەی کوردستان. ئاکامی ئەم وەپاش خستنەوەیە دەبێتە دووشت: یەکەم: ئەم کارە قورس و تاقەت پرووکێنەی کە خەڵکی ئەو ناوچانەی ئێران کە لەچاو کوردستان وەزعی ئابووریان باشە، هێزی هەژار و بێکاریی کورد دەی کا.

دووهەم: دابینکردنی هێزی کاری هەرزان لە نێو کوردان دا., یەکێك لەو کارانەی کە بەتایبەتی لە وەرزی گەرمادا بەرچاوە، دیاردەی چوونە کورەخانەیە. خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان سەرەڕای دژواری و ئاستەمی کاری کورەخانە، مەجبوورن ئەم ڕێگایە بگرنە بەر. لێرەدا ژن وپیاو و منداڵ شان بەشانی یەکتر کاردەکەن و زەحمەت دەکێشن، بەڵام ژنان و منداڵان قوربانیانی سەرەکی چەوسانەوەیەکن کە لە کورەخانەکان دا هەیە.

ئەم کارە لە نێوەڕاستی بەهار تا ئەوەڵی پاییز دەخایەنێ. لە دنیای پێشکەوتوو بەگشتی و تەنانەت وڵاتانی کەم پێشکەوتووش دا سەعاتی کارلە رۆژدا لانی کەم شەش سەعات و لانی زۆر هەشت سەعاتە بە حەقدەستێکی گونجاو، کەچی دەبینین سەعاتی کار لە کورەخانەدا لە رۆژدا نزیك بە ١٨ سەعات دەخایەنێ و بە حەقدەستێکی زۆر کەمەوە. بەرهەمی‌کارو رەنجی ئەوان خاوەن کار بە نرخێکی چەند بەرانبەر دەی فرۆشێتەوە و سوودی لێ

دەبینێ.

سەرەڕای سەختی و گیان دان لە کورەخانە دا ژن دەبێ لەکاتی هاتنەوە بۆ ماڵ لەجیاتی حەسانەوە و پشوودان، بەکاری ماڵ و منداڵ بەخێوکردن رابگا، کەچی دەبینین بەرهەمی کاریشی بە نیسبەت پیاو دیار نیە. یەکێکی تر لە نەهامەتیەکانی کوورەخانە ئەوەیە کە شوێنی حەوانەوەشی لەهەموو ئیمکاناتێکی شیاو بێبەشە. جێگاو مەکانی باشیان بۆ دابین نەکراوە و بنەماڵەی وایە هەشت تا دەکەسە، کەچی دەبێ لە یەك دوو ژووردابێ کە جێگای پشوودان و نانسازکردن و حەمام کردنە. یەکێکی تر لەسەختییەکانی کوورەخانە ئەوەیە کە ئەو قالبە خشتانەی کە پێی دەبڕن زۆرقورسن و دەبێ کاتێك کە ئامادەبوو بە دەست بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی کەمێك دوورتر لە شوێنی خۆیان.

بۆیە زۆربەی ئەو کرێکارانە بەتایبەتی کرێکارانی ژن تووشی دەیان نەخۆشی وەك دیسکی کەمەر، ئارترۆز و... دەبن و ئیمکاناتی پزشکی و دەواو دەرمان لە نزمترین ئاستی خۆی دایە. لەکوورەخانەکان دا ئاسەوارێك لە ئیمکانات بۆ حەسانەوە و پشوودان نیە. ئیمکانات و کەرەسەی خافڵاندنی منداڵان تەنیا قوڕوتۆزە. ئەوانەی دەچنە کوورەخانە بۆ ماوەی پێنج مانگ لە خراپترین و دژوارترین باری گوزەران دا دەژین بەهیوای ئەوەی لە حەوت مانگی دیکەی ساڵ دا بەرهەمی رەنج و کوێرەوەرییەکانیان بخۆن. بەڵام ئەزموونی دەیان ساڵەی ئەو بنەماڵانەی دەچنە کوورەخانەکان دەری خستوە کە وەزعی ئەو کەسانە ناگۆڕێ و کاری سەخت و تاقەت پڕووکێنی وەرزی کوورەخانە نەی توانیوە ئەوان لە هەژاری و مەینەت بەشی رزگار بکا. ئەزموونی کوورەخانە دەری خستوە کە جگە لە نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان رەنج و کوێرەوەری زۆر و بەرهەمی کەم دا، زەرەر و زیانە جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی زۆر زیاترە لەداهاتەکەی. کارەساتەکە ئەوکاتە قووڵترە کە بزانین هەقدەستەکە بە تەواوی نادەن بە کرێکارەکان یان بەشێوەی قەرز و پچڕپچڕ دەیان دەنێ. ئەو وەزعە لەحاڵێك دایە کوردستان ئیمکانی ئەوەی هەیە لەبواری کشت و کاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی دا ئەوەندە پێش بکەوێ کە ئیمکانی کارودااهات بۆ تەواوی دانیشتوانی پێك بێنێ. بەڵام خاڵی سەرەکی و جێی داخ ئەوەیە کە ئەوەی لە کوورەخانەدا کاردەکا زۆربەی کوردی چەوساوەیە. دەتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە ئاکامی بێ ئەم لا و ئەولای ستەمی نەتەوایەتی یە.

دریژەی

## جێگیر بوونی گەڵاڵەی پارێزگاری لە بنەماڵە ناچارکردنی ژنانی ئێران بە قەبووڵکردنی کەمترین مافیانە...

دەدا، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی لەو جۆرە خێزانەدا پەروەردە دەبن و لەگەڵ پەروەردەیەکی خراپ رووبەڕوو دەبن. چونکوو خۆشەویستی و سۆزی دایك نیسبەت بە منداڵ گرینگیەکی زۆری لەلای منداڵ هەیە، لێکۆڵینەوەکانیش نیشانیان داوە کە ئەو منداڵانەی پێوەندییەکی ئارامیان لەگەڵ دایکیان و بنەماڵەکەیان دا هەیە، باوەڕبەخۆبوونیان زیاترە و بەپێچەوانە ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی ئاڵۆز و دوورلە خۆشەویستی دایك بەرەوڕوون زیاتر تووشی لادان و هەڵدێر دەبن.

گەڵاڵەی پێشنیارکراو لەلایەن دەسەڵاتی دادگایی و گۆڕانکاری لەلایەن دەوڵەت بەمەبەستی پاراستنی بنەماڵە و تاکەکانی خێزان، گرینگی نەدان و گوێ نەگرتنێکی دیکە لە ویست و داخوازییەکانی ژنان و ناچارکردنیان بە قەبووڵ کردنی کەمترین مافیانە، کە بە بۆچوونی زۆربەی کارناسانی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئەوگەڵاڵەیە جێگیر ببێ، شاهیدی لەڕادەبەدەری پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی دووبارە دەبین کە ئەوە نیگەرانیەکی زۆری لە کۆمەڵگای ئێران بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ تەڵاق دروست دەکا و رادەی تەڵاق دەباتەسەرێ کە ئەوە سەرەنجام بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر تووشی گیروگرفت و لێکپچڕان دەکا، بەڵام دەبێ ئەوراستیە قەبووڵ بکەین کە جیهان بەخێرایی لەحاڵی گۆڕان دایە و سەردەم پێشکەوتنی نوێی دەوێ.

ئەگەر لە پێشوودا ژنان لە بارودۆخەی ئەوکاتی کۆمەڵگای ئێران وەك بوونەوەرێکی بێ هێز و بێ دەسەڵات چاویان لێ دەکرا، ئەوە شتێکی دیکە بوو، بەڵام گۆڕانکاریەکانی سەردەمی ئێستا ئامادەیی بەربڵاوی ژنانی لە کۆمەڵ و بازاڕی کاردا وەدی هێناوە و چوونەسەرێی رادەی زانیارییە فیکری و فەرهەنگیەکانی ژنان گەیشتۆتە ئاستی پیاو و ئۆلگوە سوننەتی و دواکەوتووەکان بایەخی خۆیان لەدەست داوە و دووبارە بوونەوەی ئەو ئۆلگووانە تەنیا بۆ کۆتنرۆڵکردن و پێشگرتن لەبەرەو پێشچوونی ژنان لەهەموو بوارەکانی ژیان دایە.

# كار و چالاكیەكانی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران

## كۆبوونەوەیەكی گشتی بۆ ئەندامانی یەكیەتیی ژنان

رێكەوتی ٩ ی پووشپەڕی ١٣٨٦، كۆبوونەوەیەكی گشتی بۆ ژنانی ئەندام و غەیری ئەندام لە دوو كەمپی ئازادی و ئەمیرریە گیرا. لەو كۆبوونەوەیە دا سەرەتا لەلایەن بەرپرسی یەكیەتیی ژنان باس لەو كار و چالاكی ئەندامان و وەزیفەی ئەندام لە یەكیەتی ژنان دا كرا.پاشان لەلایەن بەرپرسی بەشی تەشكیلات و بەشی ئاموزشی یەكیەتیی ژنان لەسەر كاری تەشكیلاتی و كۆبونەوەی شانە و دانانی دەورەی ئاموزشی باسێك كرا.

## پێكهێنانی كۆبوونەوەیەك بۆ كچانی قوتابی و خوێندكار

رێكەوتی ٢٧ ی پووشپەڕی ٨٦، كۆبوونەوەیەكی گشتی بۆ كچانی قوتابی و خوێندكاری ئەندام و لایەنگر لە یەكیەتیی ژنان دا گیرا، لەو كۆبوونەوەیە دا بە بەشدار بوونی بەرپرسانی تەشكیلات و ئاموزشی یەكیەتیی ژنان سەرەتا لە لایەن هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەكیەتی ژنان، سەبارەت بە كار و چالاكیەكانی یەكیەتیی ژنان و چالاك بوونی زیاتری كچان بەتایبەتی لە بەشداریكردن لە دەورەكان و گرینگیدان بە وەرزش و موتالعە (خوێندنەوەی بەسوود) ی زیاتر بە تایبەتی لە پشووی هاوینی دا كرا، هاوڕێ عیسمەت وەك یەكیەتیی ژنان بەڵێنی هاوكاری بە كچانی بەشدار لە كۆبوونەوەكە دا بۆ هەر چالاكی یەكی كچانی ئەندام. لە دواین بەشی كۆبوونەوەكە دا ئامادە بووان پێشنیار و داواكاریەكانی خۆیان خستە بەر باس.

## كۆبوونەوەی سێ مانگەی بەڕێوەبەریی

رێكەوتی ٢ ی گەلاوێژی ٨٦، كۆبوونەوەیەكی بەڕێوەبەری گشتی، واتە كۆبوونەوەی سێ مانگە، بە ئامادە بوونی ئەندامانی جێگر و راوێژكاری بەڕێوەبەری و بەرپرسی كۆمیتەكانی یەكیەتی ژنان پێك هات، سەرەتا لەلایەن هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەكیەتیی ژنان باس لەسەر كار و چالاكیەكانی یەكیەتیی ژنان لە ماوەی چەند مانگی رابردوو دا كرا. لەدوایەدا هەریەك لەبەرپرسانی كۆمیتەكانی یەكیەتیی ژنان راپۆرتی كاری كۆمیتەكان و پێشنیار و تێبینیەكانی خۆیان خستە بەرباس بۆ بەڕێوەبردنی كاروچالاكی زیاتر لە یەكیەتیی ژنان بەتایبەتی لە كۆمیتەكان دا.

## بەشداریكردن لە دەورەیەكی سیاسی دا

رێكەوتی ٦ ی گەلاوێژی ٨٦، بەشی ئاموزشی حیزبی دێموكراتی كوردستان، دەورەیەكی سیاسی بۆ ماوەی دوومانگ بەڕێوەبرد كە لەو دەورەیەدا رێژەیەكی بەرچاو لە ژنانی ئەندامی یەكیەتیی ژنان تێی دا بەشداریان كردو سوودمەند بوون.

## رێورەسمێك بەبۆنەی كرانەوەی كوردكاناڵ

رێكەوتی ٨ی گەلاوێژی ٨٦، بەبۆنەی دەست بەكاربوونی ( كوردكاناڵ )، یەكیەتیی ژنان و یەكیەتیی لاوانی دێموكرات، مەراسمێكیان پێك هێنا. رێورەسمەكە سەرەتا بە چەندشێعرێك لەلایەن هاوڕێ رەسووڵ سوڵتانی یەوە دەستی پێكرد.لە دوایی دا پەیامی پیرۆزبایی هاوبەشی ژنان و لاوان بەم بۆنەیەوە لەلایەن هاوڕێ سوهەیلا قادری ئەندامی بەڕێوەبەریی یەكیەتیی ژنانەوە پێشكەش كرا. لە دوایی دا پارچە شێعرێك لەلایەن كاك ئەحمەد قادری یەوە خوێندراوە و لە دوابەشی رێورسمەكە دا پەیامی كۆمیتەی ژنانی ناوەندی دوو لەلایەن ڕووناك خاتوونی ئەندامی بەڕێوەبەریی و بەرپرسی ئەو كۆمیتەیە پێشكەش كرا. رێورەسمەكە بە بەرنامەی شادی و هەڵپەركێی كوڕان و كچان و سەرجەم بەشدار بووان كۆتایی پێ هات.

**بەڕێوەچوونی کۆڕێك**

ڕێکـــەوتی ٢٢ی گەلاوێـــژی ٨٦، بەشـــی ئامووزشـــی یەکیـــەتیی ژنـــان کـــۆڕێکی بـــۆ خـــاتوو ( شـــەهلا مورتـــەزازادە ) ئەنـــدامی یەکیـــەتیی ژنان لەسەر چۆنیەتی موتالعە کردن و خۆپێگەیاندن پێك هێنـا. لـەو کـۆڕەدا بەشـێکی زۆری کچـانی قوتـابی و خوێنـدکاری ئەنـدام و لایـەنگری یەکیەتیی ژنان بەشدارییان کرد

## سەردان

ڕێکـــەوتی ٢٨ی گەلاوێـــژی ٨٦، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان، پێکهاتوو لە هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، خەدیجە پوورمەند و ســـوهەیلا قـــادری، ئەنـــدامی بەڕێوەبەریی بەمەبەستی کۆبوونـەوە سـەردانی کۆمیتـەی ژنانی ناوەنـدی دووی کوردستان لە زەویە سپی کرد. ئەم کۆبوونەوەیـە بـۆ ژنـانی ئەندام و غەیری ئەندام لەو کەمپەدا پێك هێنـا. سـەرەتا هـاوڕێ عیسـمەت نسـتانی باسێکی لەسەر وەزعی ژنانی ئێران و کوردســـتان و ئـــەرکی ئەنـــدامانی یەکیـەتیی ژنـان لـە قۆنـاغی ئێسـتای خـەباتی ژنـان کـرد و داوای لـە ژنـانی ئامادە بـووی ئـەو کۆبوونەوەیـە کـرد کـــەکات بەفیڕۆنـــەدەن و لەبردنـــە سـەرێی ڕادەی زانیـاری خۆیـان غـافڵ نـەبن. لـە دوابەشـی کۆبوونەوەکـە دا هاوڕێیـــان خەدیجـــە پوورمەنـــد و ســـوهەیلا قـــادری لەســـەر کـــاری تەشکیلاتی و ئامووزشـی چـەند وتـەو تێبینیـەکیان پێشکەشـی بەشداربووان کـرد. لـە کۆتـایی دا وەڵامـی پرسـیاری بەشداربووەکان درانەوە.

**پێکهاتنی کۆبوونەوەیەك لەسەر لەشساغی**

هەر لەکۆتاییەکانی مـانگی گەلاوێـژدا، بەشـــی ئامووزشـــی یەکیـــەتیی ژنـــان کۆبوونەوەیەکی سەبارەت بە بێهداشت ( لەش ساغی ) بۆ ژنانی کەمپەکانی ئازادی و ئەمیریە پێك هێنا، ئەو کۆبوونەوەیە لـە لایەن هـاوڕێ زێـرین ئیراندووسـت کـادری دەرمـانی نەخۆشخانەی ئـازادی بـەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیـە دا هـاوڕێ زێـرین سەبارەت بە نەخۆشیەکانی ژنان و ڕێگای چارەسـەریان بابـەت گـەلێکی بـەنرخی پێشکەش کردو لەگـەڵ پێشوازیی ژنـان بەرەوروو بوو.

## ســـــەردان

ڕێکـــەوتی ٢ ی ڕەزبـــەری ٨٦، بـــە مەبەستی پیرۆزبایی چوارەمین کـۆنگرەی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، شـاندێکی یەکیـەتیی ژنـان، پێك هاتوو لە بـەڕێزان عیسـمەت نسـتانی بەرپرسـی یەکیـەتیی ژنـان و خەدیجـە مەعزووربەرپرسی بنیـادی پشـتیوانی لـە ڕێکخـــراوە ســـێنفی دێموکراتیـــەکان و ئەنـدامی هەیئـەتی ئیجرایـی یەکیـەتیی ژنـان، خەدیجـە پوورمەنـد و سـوهەیلا قـــادری ئەنـــدامانی بەڕێوەبـــەری و زولەیخاجەشـنی ڕاوێـژکاری بەڕێوەبـەریی یەکیەتیی ژنان، سەردانی بنکەی گشـتیی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی ڕۆژهـەڵاتی کوردستانیان کرد، کـە لەلایـەن هاوڕێیـان ئیســـماعیل زارعـــی ســـکرتێری ئـــەو ڕێکخراوەیە و کوێستان نستانی ئەندامی هەیئـەتی ئیجرایـی و ڕەحمـان سـەلیمی و ئایـات مـورادی ئەنـدامانی بەڕێوەبـەریی یەکیەتیی لاوانەوە پێشوازیان لێکرا. لـەو سـەردانەدا وێـڕای پیرۆزبـایی کـردن لـە ئەنـــدامانی هەڵبـــژێردراوی کـــۆنگرە، سەبارەت بە پەیوەندی و هاوکاری نێوان هـــەردووك ڕێکخـــراوە پـــێ داگیرایـــەوە و بـەڵێنی هاوکـاری و پێوەنـدی نـزیکتر و زیاتر لە هەردوو لایەنەوە درا.

## سەردان

ڕێکـــەوتی ١٣ی خـــەزەڵوەری ١٣٨٦ هەیئـەتێکی یەکیـەتیی ژنـان بریتـی لـە خەدیجـە پوورمەنـد، پـەروین ڕەمـەزانی ئەنـــدامانی بەڕێوەبـــەری و گەلاوێـــژ پەیرەوان و منیرە ڕەسووڵ زادە ئەندامی یەکیـــەتیی ژنـــان، ســـەردانی کـــەمپی کاوەیـــــان کـــــرد. لەوســـــەردانەدا کۆبوونەوەیـەکیان بۆبەشـێك لـەژنانی ئەندام و غەیری ئەندام لە یەکیەتیی ژنان دا پێك هێنا. لەوکۆبوونەوەیـە دا باسیان لە کار و چالاکیەکانی یەکیـەتیی ژنـان و ئـــەرکی ئەنـــدامان کـــرد. لەدوابەشـــی کۆبوونەوەکـــە دا وەڵامـــی پرســـیاری بەشداربووان درایـەوە و بەشـێکی دیکـە لەژنان لەوکەمپەدا بۆ بوون بە ئەندام لـە یەکیـــەتیی ژنـــان دا ئامـــادەگی خۆیـــان دەربڕی.

## سەردان

ڕێکـــەوتی ٢٧ی ڕەزبـــەری ١٣٨٦ شـــاندێکی یەکیـــەتیی ژنـــان کـــە پێـــك هاتبوون لە بـەڕێزان خەدیجـە مـەعزوور و نەسـرین حـەداد ئەنـدامانی هەیئـەتی ئیجرایـــی و ســـوهەیلاقادری ئەنـــدامی بەڕێوەبـــەریی، بەمەبەســـتی دیـــدار و کۆبوونـــەوە لەگـــەڵ ئەنـــدامانی ئـــەم ڕێکخراوەیـــە لـــە شـــاری دیانـــان کۆبوونەوەیەکیان لـەم شارە پێك هێنـا. لـەم کۆبوونەوەیـە دا کـە نزیـك بـە٢ سەعاتی خایاند هاوڕێ خەدیجە مـەعزوور لەسـەر مەسـەلەی ژن وئەرکـەکانی لـەم سەردەمەدا قسەی کرد و پاشـان هـاوڕێ ســـوهەیلاقادری لەســـەر کاروبـــاری تەشـکیلاتی بۆبەشـداران دوا و دەرگـا لەبـــەردەم ئەنـــدامانی بەشـــدار لـــە کۆبوونەوەکـــەدا ئاواڵـــەکرا بـــۆ پێشکەشکردنی بیروبۆچوونی خۆیـان بـۆ هەرچـــی باشـــتربوونی کارەکـــانی ڕێکخراوەکـــەیان بـــیر و ڕای خۆیـــان دەربڕی. جێگای ئاماژەیە کەچەند ئەندام کەلـە هێـزی لاوبوون هاتنـە نێـو ڕیـزی یەکیـەتیی ژنانەوە.

## کۆڕێك لە ژێر ناوی:

# "کوشتنی ژنان، قەیرەیی و خۆکوژی"

## بۆ خاتوو حەلیمە ڕەسووڵی

ڕێکەوتی ٢٥نوامبری ٢٠٠٧ بەرامبەر بە ٤ی سەرماوەزی ١٣٨٦ هەتاوی ساڵڕۆژی دەرکردنی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان بوو.

هەر بەو بۆنەیەوە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی بۆ خاتوو"حەلیمە رەسووڵی"، لەژێر ناوی تیشك خستنە سەر سێ دیاردەی"کوشتنی ژنان، قەیرەیی و خۆکوژیی ژنان لە کوردستان" پێك هێنا.

سەرەتا خاتوو کوێستان فتووحی چالاکی بواری ژنان وێڕای بەخێرهێنانی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئاماژەی بە کورتە مێژوویەکی ئەو ڕۆژە کردو سەرنجی بەشدار بووانی بۆ باسەکە ڕاکێشا.

باسەکەی حەلیمە ڕەسووڵی ٣ تەوەری لە خۆ دەگرت کە بە ئاماژە کردن بە چەند ئاماری پەسندکراو و جێگای متمانە لەسەر ڕاژەی ژنانی کوژراو لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەن دەروازەی باسەکەی کردەوە.

بەدوای ئەوەدا ئاماژەی بەوە دا



کە کوشتنی ژنان ڕەگو ریشەی لەناو کولتووری کۆمەڵگەکەمان داکوتاوە ، کوردستان وەك تەواوی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانی دیکەی جیهان بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دووایی دا بەدەست ئەو گرفتەوە ناڵاندوویەتی و دەناڵێنێ.

دیاردەی کوشتنی ژنان پێشینەیەکی مێژوویی و هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە. کە بەبڕوای ئەو بەردەوام بوون و مانەوەی توندوتیژی، کۆمەڵگا تووشی مردنێکی لەسەرەخۆ دەکاو ئەم دیاردەیە زیاتر لەسەر دەستی ئیسلامە توندڕەوەکان پەرەی سەند و دواتریش لەسەر دەستی لایەن و گرووپە هاوشێوەکان بە دیاری هات بۆ کوردستان و هەر بەردەوامە.

لە درێژەی باس لەسەر کوشتنی ژنان ئەو ئاماژەی بە دوو هۆکاری گرینگی کوشتنی ژنان ناوزەد کرد.

نەمانی پەردەی کچێنی کە لە کۆمەڵگەی کوردی بە پەردەی شەرەف ناودەبرێت و هۆکارێکی یەکلا کەرەوەیە بۆ کوشتن و کۆتایی هێنان بە ژیانی سەدان ژنی ئەو کۆمەڵگایە کە بە پێی بیرو بۆچوونی باو ئەو کوشتنە

کرینەوەی شەرەفە.

هۆکارێکی دیکە دڵ پیسی کردنی پیاو لە ژن واتە گومانە، کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ژن بە شەرەفی پیاو دەناسرێو کاتێک کە پیاو گومانی ئەوەی لەسەر ژنەکەی هەیە کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی دیکە هەیە بە شێوەی جۆراوجۆر ئەشکەنجەی دەروونی دەدا. بەڵام کاتێک "گومان" لە بوونی پەیوەندییەکی سێکسی لە ژنەکەی بکا ئەوکات بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە سزای کوشتنی بۆ دیاری دەکا.

لە بەشی دووهەمی باسەکەیدا حەلیمە رەسووڵی باسێکی لەسەر قەیرەیی لە کوردستانو بە تایبەتی باشووری کوردستان کردو بە پێناسەیەکی قەیرەییو ئاماژە بە چەند هۆکاری سەرەکی لە ساز بوونی ئەم دیاردەیە باسەکەی بەم جۆرە تاوتوێ کرد.

قەیرە کچ بە کچانێک دەگوترێ کە بە هەر هۆیەک بێ ژیانی هاوبەش پێک ناهێنن.

هۆکارەکانی قەیرەییشی لە دەستکورتی گەنجانی کورد لە بواری مادییەوە، کۆچی کوڕان بۆ هەندەران، باوک سالاری، زۆربوونی داواکاریی زۆری کچانو بنەماڵەکانیان بەرامبەر بە کوڕان لە کاتی زەماوەندا وەسف کرد، قەیرەیی باڵانسی کۆمەڵگا تێک دەداو دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشییە دەروونییەکانو هەروەها لە درێژەی ئەو باسەدا ئاماژەی بە چەند نموونەی ئاسەواری دیاردەی قەیرەیی لەسەر قەیرە کچانو بنەماڵەکانو کۆمەڵگا کرد.



دوایین تەوەری خۆکوژی ژنان بوو کە لەلایەن ناوبراو بەم جۆرە خۆکوژی پێناسە کرا: خۆکوژی داڕووخانی کەسایەتیی مرۆڤە کە کەسێک کە بەو ئاکامە دەگا کە خۆی بکوژێ هیچ چەشنە پەنایەکو رووناکایەک بۆ درێژەدان بە ژیان بەدی ناکاو داهاتووی خۆی لێڵو تاریک دەبینێ ئەو پێی وابوو کە خۆکوژی لە ناوبردنی خودە بە هوشیارییەوەو هۆکارەکەشی ناڕەحەتیو ئازاری مرۆڤە لە درێژەدا چەندین هۆکاری خۆکوژی دەستنیشان کردو تاوتوێی کرد وەک: ١ـ کێشە دەروونییەکان، ٢ـ نەبوونی ئیشو کار، ٣ـ نەبوونی سلامەتی جەستەیی، ٤ـ خواردنەوەی ئەلکۆل ، ٥ـ جنس واتە نارازی بوون لە خۆ.

هەروەها ئەوباسی لەوە کرد کە بۆچی ژنانی کورد بۆ لەناو بردنی خۆیان کەڵك لە ئاگر وەردەگرنو رازی پشت ئەم کردەوەیە چییە؟

ئەو گوتی کە کەسێك کە ئاگر هەڵ دەبژێرێ ئامانجی سەرەکیی ئەو "مردن نیە" بەڵکوو دەربڕینی جۆرێك ناڕەزایەتییە سەبارەت بە ژیان، واتە هەڕەشەیەکە بۆ سەر دەوروبەرەکانی خۆی، بە بڕوای ئەو لە نەستی تەواوی ژنانی کوردا ئاگر بوونی هەیەو لە کاتی بە لوتکە گەیشتنی قەیران ئەوان وەك یەکەم رێگای مەرگ ئاگر هەڵ دەبژێرن. ئاگر وشەیەکی سەرزاری ژنی کوردەو لە کاتی تووڕەییدا بەکاری دەهێنن.

لە کۆتایی باسەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداربووان لە کۆبوونەوەکەدا بە دەربڕینی بیرو بۆچوونو هێنانە بەرباسی پرسیارو تێبینی باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد. جێگای سەرنجە کە ئەو کۆبوونەوەیە نێزیك بە دوو کاتژمێری خایاندو لەلایەن بەشدارانەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا.

# کورتەیەک لە ژیانی شەهیدێک

لە هەر قۆناغێکدا لە کوردستان کە خەبات بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکان سەری هەڵدابێ، ژنان و کچانی کورد شان بە شانی براکانیان بەشداری چالاکانەیان تێدا کردوە و لە هەموو بوارەکانی سیاسی و نیزامی و تەشکیلاتی دا ئەرك وەخۆگرانە هەوڵیان داوە.

لە هیچ فیداکاری و لە خۆبردوویيەك درێخیان نەکردوە و تەنانەت نەك لەکاتی پێویست دا بۆبەخشینی گیانیشیان کە بەنرخترین سەرمایەی ژیانە، بەرچاو تەنگ نەبوون. یەکێك لەو شێرە ژنانە کە تا دوا پشوی ژیانی لەو رێگایە دا حەماسەی خولقاند سەرەنجام گیانیشی بەخشی، شەهید خوشکە" زولەیخا حوسەین پوور" بوو.

شەهید زولەیخا ساڵی ۱۳۱۸ ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەری ئاوایی گەپلەسەنی ناوچەی پیرانشار چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی مناڵی، ساڵی ۱۳۳۳ ی هەتاوی لەگەڵ لاوێکی دڵ پڕ لە ئاوات بەناوی رەشید پوور سەعید ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. بەرهەمی ژیانی پڕ لە سەروەری ئەو دوو دڵدارە سێ کوڕ و حەوت کیژ بوو، کە دوو لە کوڕەکانی بەناوەکانی( تەها و مەلابرایم ) کە هەردووکیان پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و هەر لە رێگای پڕ لە سەروەری حیزب و گەلەکەیان دا شەهید کران و گیانیان بۆ ئازادی نیشتمانە دیلەکەیان بەخشی.



شەهید خوشکە زولەیخا هەر لە سەرەتای داسەپانی شەڕی چەکدارانەی نێوان پارێزەرانی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی و تێکۆشەرانی دێموکرات دا هاوڕێ و هاوسەنگەری پێشمەرگەکان بوو لە زۆربەی شەڕە حەماسییەکانی ناوچەی پیرانشار دا. بە هەموو توانایەوە هاوکاری پێشمەرگەکانی دەکرد و یارمەتی دەدان، نان و ئاوی بۆ دەبردن و رێگای نیشان دەدان و زانیاری بۆ کۆدەکردنەوە.

هەربۆیە ناوی خوشکە زولەیخا ببووە وێردی سەر زمانی شێرە کوڕانی دێموکرات و وەك دایکی خۆیان سەیریان دەکرد و بەجێی بڕواو متمانەی خۆیان دەزانی. سەرەنجام رۆژی ۱ ی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳٦۰ ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە نزیك گوندی گەپلەسەن، لە کاتێك دا کە خوشکە زولەیخا و هاوسەرەکەی و کچێکی نان و خواردەمەنیان بۆ پێشمەرگەکان دەبرد کەوتنە بەر دەستڕێژی چەکی پەلامارەدرانی کوردستان و بەداخەوە سنگی پڕ لە تاسە و ئاواتی خوشکە زولەیخای شێرەژن گوللە ئاژەن کرا و مام رەشیدی هاوسەری و کچەکەشی بریندار بوون.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید خوشکە زولەیخا حوسەین پوور و دوو کوڕی شەهیدی و هەموو شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و رێگەی ئازادیی وڵاتی دیل بە دەست دوژمنانی خوێن خۆر. ڕووحیان شاد و رێگایان تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان پڕ ڕێبوار بێ.

ئا: گۆڤاری ژنان

# کۆچی دوایی پەری محەممەدی ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران



خاتوو پەری محەممەدی ساڵی ١٣٣٢ لە گوندی نەڵاسی سەر بە ناوچەی سەردەشت لەدایك بوو. لە ساڵی ١٣٥٢ لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیم پەیرەوان پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە کە بەرهەمی ژیانیان کوڕێکە بە ناوی ئاوات.

هاوڕێ پەری لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستان دا، لە زێدی خۆی دوور دەکەوێتەوە و گوندبەگوندی کوردستان، مەنزڵ بە مەنزڵ لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەری پێشمەرگەی دا مەنزڵ دەگوێزێتەوە و ماڵەکەی مەنزڵگەی گیرسانەوەی پێشمەرگە دەبێ. هاوڕێ پەری محەممەدی وەك ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ کات لە خزمەت بە حیزب و گەل درێغی نەکردوە.

هاوڕێ پەری سەرەڕای خەبات بۆ رزگاری و دیفاع لە مەوجوودیەتی گەلەکەی، بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادی یەکانی ژنانیش تێدەکۆشا و لەساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەبێتە ئەندام و لەو ماوەیەدا لە راپەڕاندن و جێبەجێ کردنی ئەرکە پێ سپێردراوەکانیدرێغی نەکردوە و چالاکانە تێکۆشاوە. هاوڕێ پەری کەسێکی لەسەرە خۆ و هێدی و هێمن و لە نێو هاوڕێیانی دا خۆشەویست و لەبەر دڵان بوو.

بەداخەوە لە رێکەوتی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٨٦ مەرگ مەودای نەدا و لەدوای ساڵێك بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی، لە غەریبی و دوورلە کەس و کاری ماڵئاوایی لە هاوڕێیانی و هاوسەر و کوڕە تاقانەکەی ( ئاوات ) کرد و کۆسپێکی گەورەی خستە سەردڵی هەموویان.

لە رۆژی هەینی ٣٠ ی خەرمانان لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیەی باشووری کوردستان، لە نێو غەم و پەژارەی هاورێیانی دا بەخاك سپێردرا. لە مەراسمی ٣ رۆژەی تەعزیەی خوالێ خۆش بوو، گڵکۆی پیرۆزی لەلایەن هاورێیانییەوە گوڵ باران کراو هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەپکە گوڵی رێز و وەفای وەك وەفایەك بۆ ئەندامی لە مێژینەی یەکیەتیی ژنان، لەسەر مەزاری پیرۆزی دانا و لەلایەن هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان کرد.

دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری ژنان بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ پەری محەممەدی ئەندامی لەمێژینەی حیزب و یەکیەتیی ژنان سەرەخۆشی لە هاوڕێیان و هاوسەنگەران وهاوسەری بەرێزی و ورە تاقانەکەی( ئاوات ) دەکەن و خۆیان بە شەریکی غەمیان



# راگەیاندنی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
# بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوری ئایشە شەمسی بورهان

بەداخ وکەسەرێکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە لە بەرەبەیانی رۆژی پێنج شەممە، ریکەوتی ١٣٨٦/٨/٣ بەرانبەربە ٢٠٠٧/١٠/٢٥ پاش نزیك بەسێ سال بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، خوشکەئایشێ شەمسی بورهان ژنە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

وهاوسەری هاورێی بەرێزمان کاك حەسەن موسازادە ناسراو بە "حەسەن ئاشپەز"، لە دوورەوڵات، لە نەخۆشخانەی "کارێناکۆتی" شاری "تورکو"ی وڵاتی فینلاند، لەناو خەمو پەژارەیەکی زۆری هاوسەرو دوو جگەرگۆشەکانیان، کازیوەو کاروان و هەروەهادۆستانو ئاشنایانی بنەماڵە بەرێزەکەیانو ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانو دۆستانی حیزبەکەمان، لەتەمەنی ٤٨ساڵیدا ، دڵی گەورەو پڕلەخۆزگەو ئاواتی وەدی نەهاتووی لە لێدان کەوتو بۆ هەمیشە بەجەستە ماڵئاوایی لێ کردین .

هاورێ ئایشێ شەمسی بورهان، لەساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی ئایینی، بنەماڵەی شێخانی بورهان، لە گوندی خانەقای سەربە ناوچەی پیر محەممەدی بۆکان لە دایك بوو. تەمەنی منداڵیو لاوەتی بە هۆی چەند بنەکی بنەماڵەکەیان لە ئاوایی خانەقاو شارەکانی ورمێو تاران تێپەڕدەکا. ئەگەر چی خاتوو ئایشە بەهۆی فەرهەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستاندا دەرەتانی خوێندنی پێ نادرێ ، بەڵام بۆخۆی بە نهێنی هەوڵی فێربوون دەداو سەرەتاخۆی فێری خوێندنو نووسین دەکا.

هاورێ ئایشێ شەمسی بورهان زستانی ساڵی ١٣٦٢ هاتە ناو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە و خەباتو تێکۆشانی خۆی بۆ ئازادی گەلەکەیو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان لە نێوان ژنو پیاواندا دەست پێ کرد و لە هێزی بەیانو کۆمیتەی شارستانی بۆکان سازماندراو چەکی خەباتو تێکۆشانی لە شان کرد ساڵێك دواتر نەقڵی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ کرا لەنەخۆشخانە شانبە شانی دەستە کچانی پێشمەرگەو فیداکاری ئەو نەخۆشخانەیە شان دەداتە بەرکار. لە کاتێکدا کە رۆژانە لە هەموو لایەکی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرگە خەریکی گیان بەخت کردن لەرێگای پارێزگاری نیشتمان دابون لە هەموو لایەکەوە رۆڵەی بە ئەمەگی کوردلە بەرەکانی شەڕدا شەهیدو بریندار دەبوون ، خوشکە ئایشێو پۆلێك لە کچانی رووسووری دێموکرات لە نەخۆشخانەو بنکەکانی حیزبی ، بەو پەڕی پاکیو فیداکارییەوە بە بێ ماندوبون دەست لەناو دەستی براکانیان خەریکی کاری تاقەت پروکێنی نەخۆشخانەو بنکەکانی حیزب بوون. دادە ئایشێ لەناویاندا بە چەشنێك چالاكو ئامادەی تێکۆشان بووکە هەموو پێیان دەگووت ئاردی بەهارو. ساڵی ١٣٦٥، هاورێ ئایشێ لەگەڵ هاورێی کەم ئەندام کاك حەسەن موسازادە ژیانی هاوبەش پێکدێننو بەیەکەوە کاری ئامادە کردنی خواردن بۆ ئاسایشگای حیزب لە ئەستۆ دەگرن. هاورێ ئایشێ بۆماوەی ١١ساڵ پێشمەرگایەتی تێکۆشان لە ریزەکانی دێمۆکاراتد، لە زۆر بواری جۆراوجۆردا خزمەتی کردو بەوپەڕی سەداقەتو ئیمانبە رێبازی حیزبەکەی، سەلماندی کە کچانیش لە رێگای ئازادی وڵاتدا دەتوان وەکو براکانیان بە گژ دوژمنانو داگیرکەراندا بچنەوە . ئەو یەکێ لەو ژنە کۆڵنەدەرانەی کوردستان بووکەتا دواپین ساتەکانی ژیانی سەری بۆ هیچ زوڵم و زۆرییەك دانەنواند .

هاورێ ئایشێ و هاوسەرو هاوسەنگەرەکەی سەرەنجام لەساڵی ١٣٧٤لە وڵاتی فینلاند گیرسانەوە و وێڕای دەستپێکردنی ژیانی ئاسایی ، پەیوەندیان لە گەڵ حیزب لەو وڵاتە گرتەوە و لەو ماوەیەدا خۆیو هاوسەر وسەرەنجام بنەماڵە بە رێزەکەی هەردەم وەفادار بە رێبازی حیزبەکەیان مانەوە .



تەرمی پیرۆزی هاورێ ئایشێ شەمسی بورهان ، لەسەر داوای خۆی رەوانەی کوردستان کرایەوە و رۆژی هەینی ،١١ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ لە گۆڕستانی شێخی بورهان لە ناوچەی بۆکان، لە ناو خەمو پەژارەی خەڵکی ناوچەکەو بنەماڵەی بەرێزی شەمسی بورهان مووسازادە و ژنان و کچانی تێکۆشەری ئەوهەرێمە تەسلیم بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی کراو هەر بۆیەش بە پێویستمان زانی بەر لە بەجێگەیاندنی ئەو داوایەی هاورێ تێکۆشەرمان ، لە بڵاو کردنەوەی ئەو راگەیاندراوە خۆ بپارێزین .

کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، بو بۆنەی کۆچی ناوادەی هاورێ ماندوو نەناسو ژنە تێکۆشەری رێگای ئازادی کوردستان، هاورێ ئایشێ شەمسی بورهان، خۆی بە خاوەنی ئەم خەمە دەزانێو بۆ هاوسەری جگەرگۆشەکانی ، کازیوەو کاروان دووپات دەکاتەوەو پرسەو سەرەخۆشی خۆی پێشکەش بە بنەماڵە بەرێزەکانی موسازادەو شەمسی بورهان دەکا .

بەرێز بێ یادی هاورێ ئایشێ شەمسی بورهان .

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
کۆمیتەی فینلاند
٢٠٠٧/١١/٣ زایینی ١٣٨٦/٨/١٢ی
هەتاوی .



# تەلەفوونی کچێك لە پیرانشارەوە بۆ پێشمەرگەیەك

ئامادەکردنی: محەممەد زێویی

پاش سڵاو و ئەحواڵپرسی ئەوپرسیارەی لێ کردم.

گ: محەممەد تۆخوا بزانە (م) لەناو حیزبی دێموکرات یان سازمان و ڕێکخراوەکانی دیکەدا نیە، ماوەیەکی زۆرە هیچ هەواڵێکم لێی نیە زۆری بە پەرۆشم.

بەڵێنم پێدا کە پرسیاری بۆ بکەم و پێم گوت کە دوای ماوەیەکی دی زەنگم بۆ لێدەوە. ماوەی ٢٠ شەو لەهەموو دەرك و بانێکم دا بەڵام هیچ ئاسەوارێك لە(م) نەبوو، تا ئەوەی کە...

هەرلە منالییەوە لەگەڵ کچێکی جیرانمان زۆر ڕەفیق بووین و تەنانەت هەر ڕۆژ گەورەبوونمان لەگەڵ یەك بوو. هیچ شتێکمان لەیەك نەدەشاردەوە و بەتەواوی سرت و خورتەکانی یەکترمان دەزانی. ڕۆژگار هات و تێپەڕی و من وگ بەتەمەنی لاوەتی گەیشتبووین. تا ڕۆژێکیان گ بانگی کردم و گوتی: چاولێکە محەممەد، من و تۆ تاوەکوو ئەورۆ هیچ شتێکمان لەیەك نەشاردۆتەوە بەڵام ماوەیەکە قسەیەکە کە نازانم چۆنی لات باس بکەم، یانی... دەزانی چی شەرم دەکەم. پێم گوت: ناز مەکە کچێ دەی بڵێ بزانم چ قەوماوە؟ گوتی: پێت دەڵێم بەڵام سوێندت دەدەم لای کەس باسی نەکەی. بە چاوی پڕلە شەرمەوە سەری داخست، دەنگی دەلەرزا، گوتی: ماوەیەکە کوڕێك پێشنیاری خۆشەویستی و بەڵێنی دڵداریم پێ دەکا، ئەوکوڕەش (م) یە خۆدەیناسی؟ گوتم: ئائا چاکی دەناسم. گوتی: دەزانی چی محەممەد من قەتم خۆشەویستی و لەوجۆرە قسانە نەکردووە بەڵام ... قسەکەی تەواو نەدەکرد، بەڵام چی گ بڵێ بزانم کچێ بەڵام چی؟ بەڵام منیش ئەوکوڕەم زۆر پێ جوانە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرکوڕێکی باشە لەبەرچاوم. ئێستاش نازانم چ بکەم بەڕای تۆ وەڵامی بەڵێی پێ بدەم یان نا. پێم گوت: گ گیان هەرکارێکت کرد سەرەتا بیر لەداهاتووەکەی بکەوە بزانە ڕێگەی سەرکەوتنی تێدا دەبینی یان نا، پێم خۆشە ئەو پرسیارەت لەمن کردووە و لەگەڵم دا باسی وەها بابەتێکت هێناوەتە گۆڕی بەڵام گوڵێ گیان ئەوکوڕەی تۆی خستۆتە داوی عەشقی خۆیەوە کوڕێکی باش نیە ئەو... ئەوچی محەممەد؟ ئەوکوڕە بەکاری تۆنایەت ئەو کوڕە مادەسڕکەرەکان مەسرەف دەکا، تریاك و لەویش خراپتر بەکاردێنێ. بەقسەی من دەکەی وەڵامی نای پێ بدەوە، من چاکی دەناسم کچێ نەچی بەچاو و برۆیەکی جوان هەڵخەڵەتێی ئەوجوانیەش تەنانەت خودایی نیە ئەوە خوماری ئەو گەند و کەسافەتانەیە کە بەکاری دێنێ.گ سپاسی کردم بۆئەوەی کە لەم هەڵەیە کەخەریك بوو تووشی بێ ئاگادارم کردەوە.

ساڵ وەختێك تێپەڕی و من لەو ماوەیەدا زۆرتر لەسەفەر و ئەم لاوئەولا بووم. ڕۆژێکیان:

تازە لەسەفەرێکی چەند مانگە دەهاتمەوە کەگەیشتمە سەری

بۆ لاپەڕە ٣٢

# لە وڵاتی بێلژیك رێکخراوی "مافی مرۆڤی کورد، ژنان و منداڵان" دامەزرا






چەند کەسایەتی کوردی رۆژهەڵاتی شارەزا لەبواری ماف و کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژی، رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد "ژیان" یان دامەزراند. لەم بارەیەوە پێوەندیمان گرتوە بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوەوەو چەند پرسیارێکمان رووبەروو کردنەوە. **لە بارەی چالاکی و تێکۆشانی ئەم رێکخراوە تازە دامەزراوە چۆن و لە کوێ دەبێ**، خاتوو سارامحەممەدی پارێزەرو مافناس لە وەڵام دا گوتی: رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە وڵاتی بێلژیك دامەزراوە و مەیدانی تێکۆشانی لە وڵاتی بێلژیك‌و هەروەها لە کوردستان دەبێ. چالاکییەکانمان تایبەتن بە مافی مرۆڤ و بارودۆخی ژیانی ژنان‌و منداڵانی کورد لە دەرەوەو لەنێو خۆی کوردستان. ساراخان هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە: لە بەرنامەمان دا هەیەو هەوڵیش دەدەین لە گەڵ کوردەکان لە وڵاتانی دیکەش پێوەندی بگرین‌و پانتای چالاکییەکانمان بەرینتر بکەینەوە. واتە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان دەتوانن لەم رێکخراوەدا ببنە ئەندام. هەروەها لە خاتوو سارامان پرسی: **هەلومەرجی بوون بە ئەندام لەو رێکخراوەدا چۆنە؟** بەرێزیان لە وەلام دا گوتی: هیچ مەرجێك نیە بێجگە لە باوەڕ بە مافی مرۆڤ و بەرابەری و ژیانی یەکسان بۆ ژن و پیاو و لابردنی ستەم‌و جیاوازی و تێکۆشان بۆ بردنەسەری ئاستی ژیانی منداڵانی کورد، شتێکی دیکە نیەو هەمووان دەتوانن ببنە ئەندام‌و هاوکار بەو مەرجانە کە باسمان کرد. هەروەها هاووڵاتی بێلژیکیش وەك دۆست و لایەنگری مافی ژنان و منداڵانی کورد دەتوانن ببن بە ئەندامی ئەو رێکخراوەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پرسیارە کە **پێوەندیتان لەگەڵ چالاکانی مافەکانی ژنان و منداڵان لە کوردستان دا چۆن دەبێ؟** سارا گوتی: دەستی یاری و هاوکاری بۆلای هەموو چالاکانی مافی مرۆڤ بەگشتی و ژنان و منداڵان بەتایبەتی رادەکێشین و بەو هیوایەین بە کەڵك وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی سەردەم بتوانین پێوەندیمان هەبێ و ئەزموون و زانیاریمان لەگەڵ یەکتر بگۆڕینەوەو لە ئەزموون و زانستی رێکخراوە بێلژیکییەکانیش بۆئەم مەبەستە کەڵك وەردەگرین. لە وەڵامی پرسیارێکی دیکە دا کە **دەزگاکانی راگەیاندنی ئەم رێکخراوە، کامانەن و لەوبارەیەوە پێویستیتان بە ئیمکاناتی ماڵی هەیە، ئێوە کێ یارمەتیتان دەدا؟** خاتوو سارا محەممەدی گوتی: ئێمە لە فکری دامەزراندنی ماڵپەڕێکین بەڵام ئێستا فدراسیۆنی ژنانی جیهان لقی بێلژیك هاوکاریمان دەکاو لەبەشی راگەیاندنی ئەوان کەڵك وەردەگرین. بۆ یارمەتی ماڵییش بە پێی کار و چالاکی‌و تێکۆشان و پرۆژەکانمان، دەوڵەتی بێلژیك یارمەتیمان دەدا.

کوێستان

# هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ژنانی کوردستان

## چنوور فه‌تحی بە پێنج ساڵ زیندان مه‌حکووم کرا



دادگای شاری سەقز حوکمی ٥ساڵ زیندانی بۆ چنوورفەتحی وەرگێڕی سەقزی بڕییەوە. ناوبراو تاوانبار کراوە کە پێوەندی لەگەڵ حیزبێکی سیاسی کوردی هەیە و هەروەها تاوانبار کراوەبە سەردانی بێ مجەوز بۆ باشووری کوردستان کە لەوێش پێوەندی گرتوە بە ڕێکخراو و کەسایەتی یە موخالیفەکانی کۆماری ئیسلامی.

فەتحی لەبواری کاری وەرگێڕان و ئەدەبیاتی کوردی دا چالاکی هەیە و چەندین جاریش لە فستیواڵەکانی باشووری کوردستان دا بەشداری کردوە.

## خۆکوشتنی کچێك بە ژەهر

شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ١ی گەلاوێژی ١٣٨٦ کچێکی تەمەن ٢١ ساڵ بە ناوی " سەفیە محەممەدی " کچی موراد ڕەسووڵ، خەڵکی گوندی جبریلاوای شنۆ، پاش خواردنەوەی ژەهری کوشەندە بنەماڵەکەی بە پەلە گەیاندوویانەتە نەخۆشخانەی ورمێ، بەڵام بەداخەوە ڕۆژی هەینی ٥ی گەلاوێژ گیانی لەدەست دا.

هەرچەند تاکو ئێستاش هۆکاری ئەم ڕووداوە بۆ بنەماڵەی "محەممەدی" روون نەبۆتەوە بەڵام ئاشکرایە کە هۆکاری زۆربەی ئەم چەشنە ڕووداوانە لە کۆمەڵگاکەمان دا چەوسانەوە و زەوتکرانی سەرەتایی ترین مافە ئینسانیەکانی ژنان و کەلتووری چەوتی پیاوسالاری و حاکمیەتێکی بیرتەسک و کۆنەپەرەستانەی ڕژیمی ئاخوندیە و چاوەڕوانی زۆری دیکە لەم چەشنە کارەساتانە دەکرێ.

## کچێکی ١٣ساڵەی مەریوانی خۆی سوتاند

ماوەیەك لەمەوبەر کچێکی تەمەن ١٣ساڵە خەڵکی مەریوان بەنیشانەی نارەزایەتی لەدەست بنەماڵەکەی ئاگری لەجەستەی خۆیبەردا.

هۆکاری خۆکوشتنی ئەوکچە زەخت و زۆری بنەماڵەکەی بووە لەسەری.

## لەناوچەکانی سەڵماس و ماکۆ ٢ژن خۆیان کوشت



بەپێی هەواڵ ژنێکی تەمەن ٢٠ساڵە بەناوی (س.ی) کە خاوەنی منداڵێکە بەهۆی ڕەفتاری ناڕەوای مێردەکەی بەرامبەری، خۆی سوتاند. هەروەها کچێکی دیکەش لە سەڵماس بەناوی (س.ب) بەهۆی ئەوەی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ویستوویانە بەزۆر بەشووی بدەن خۆی هەڵواسیوە و گیانی لەدەست داوە.

## دیاردەی فرە ژنی

پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەك دا بڕیاری دا کە دیاردەی فرەژنی لە کوردستان بەربەند بکرێ و ئەوکەسانەی کە ئەو یاسایە نەپارێزن سزا بدرێن. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەردەوام شەپۆلی نارەزایەتی ژنان و کچانی بەدواوە بووە، بەتایبەت کچانی بەساڵاچوو ئەو بێوەژنانەی کە بەهۆی دەستەنگی و نەداریەوە ناتوانن خۆیان بژێنن. بەپێی ئەم بڕیارەی پارلەمان، یاسای میرات و شایەتی دانی ژنان کە بەپێی یاسای ئیسلامی"ژن نیوەی میرات وەردەگرێ و هەروەها شایەتی دانی بە نیوەی پیاو دەژمێردرێ" بگۆڕدرێت و لەگەڵ پیاوان یەکسانی بکرێ. ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٩٤ وە تا ٢٠٠٥ کە باشووری کوردستان خاوەنی دوو ئیدارە بوو، نەدەپارێزرا. بەڵام پاش یەکگرتنەوەی هەردووك ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لەساڵی ٢٠٠٥ ئەو دەستوورە لەنێو یاسای کوردستان دوگونجێ و هەموو کوردێك دەبێ پێرەوی بکا. بەپێی ئەم بڕیارە هەر پیاوێك کە ژنی دووهەم مارە بکات بە ٣ تا ٥ ساڵ زیندان مەحکووم دەکرێ و بڕی٦٠٠٠ دۆلار غەرامە دەکرێ و هەر ژنێکیش کە سەر بەهەوێ مێرد بکا ٣٠٠٠ دۆلار غەرامە دەکرێ و مەلای مارە بڕیش دادگایی دەکرێ.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

## ٦٠ لە سەدی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ شیرەپەنجەدا ئاگادار نین

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەری خستوە کە زۆربەی ژنانی بریتانی لەوە ئاگادار نین کە مەترسی گیرۆدە بوون بە شیرەپەنجەی مەمك، بەچوونە سەری

تەمەن زیاد دەبێ. بە پێی ئەو لێپرسینانەی کە لە هەزاران کەس لەلایەن دامەزراوەی خێریەی"چاوەدێریەکانی شیرەپەنجەی مەمك"کراوە، دەرکەوتوە کە لەهەر١٠ کەس ٦ کەس نەیان دەزانی کە چوونە سەری تەمەن یەکێك لە هۆکارەکانی گیرۆدەبوون بە نەخۆشی شیرەپەنجەیە. زیاتر لە ٤٤ هەزار نەفەر لە بریتانیا لە ساڵدا گیرۆدەی نەخۆشی شیرەپەنجەی مەمك دەبن. ٨٠ لە سەدیان لەزۆر بواردا لەتەمەنی سەرووی ٥٠ ساڵی تووشی دەبن. بەپێی لێکۆڵینەوەکان زۆربەی ژنانی گەنج نیگەرانی ئەوتووش بوونەن، لەکاتێکدا ژنانی بەتەمەنتر لەگەڵ مەترسی ئەو نەخۆشیە بەرەوڕوون و لێی ئاگادار نین. ئەو لێکۆڵینەوەیە دەری خستوە کە ٥٨ لەسەدیان نەیان دەزانی کەتاکوو رادەی تەمەنیان دەچێتەسەرێ، مەترسی تووش بوون بە نەخۆشی شێرەپەنجەی مەمك زیاتردەبێ. ژنانی ١٨ بۆ ٢٤ ساڵ لەم رووەوە زانیاریان زۆرتربوو. بەڵام ٦٥ لەسەدی ژنانی ٤٥ بۆ ٥٤ ساڵە زانیاریان نەبوو. ئەو دامەزراوە خێریە گوتی: نەبوونی زانیاری بەتایبەت لەرووی تەمەن سەروو ٧٠ ساڵ زیاتر جێی نیگەرانی لەتووش بوون بە شێرەپەنجەی مەمکە، چوونکو یەك لەسێیان باوەڕیان نەدەکرد کە پێویستە لەو تەمەنەدا پشکنین بۆ مەمکیان بکەن. هەرچەندە زۆربەی ئەوان دەیانزانی کە مافی پشکنینی مەمکیان هەیە، بەڵام تەنیا $1/4$ ی ئەوان لەو هەلە کەڵکیان وەرگرتوە.

سەرچاوە: سایتی" اینده نگر"

**درێژەی**

## تەلەفوونی کچێك لە پیرانشارەوە بۆ پێشمەرگەیەك

کۆڵانەکەی خۆمان گوێم لەدەنگی موسیقا و هەڵپەڕکێ بوو. زوو پرسیارم کرد ئەوە شایی کێیە؟ گوتیان وەڵا شایی گ یە لەلایەکەوە زۆردڵم خۆش بوو کە هەواڵی زەماوەندی گ م بیست بەڵام قینم لەوەهەستا کە بۆ بەمنی نەگوتووە. ئەدی باشە شووی بەکێ کردووە؟ بیستم کە: بە ئەوکوڕەی وا کلوپی کایەی ئاتاری هەیە، بە (م). خودایە چ دەبیستم. یانی...

ئێستا من ٣ ساڵە پێشمەرگەم و لەوماوەیەدا هەواڵێکم لەژیانی گ نەبوو تا ماوەیەك لەوە پێش تەلەفوونی بۆکردم و ئەوقسانەی کەلە سەرەتادا خوێندتانەوەی لەگەڵ باسکردم. باسم کرد کە چەندەم حەول دا تا لانیکەم کورت ترین هەواڵێکیش لە م بەدەست بێنم بەڵام هیچ دەسکەوتێکم نەبوو، پاش ٢٠ شەوان...

گ: ئەلۆ محەممەد چۆنی کاکە؟ سلاو گ گیان چۆنی، دەستی کرد بە گریان. گ: جا چۆن بم ( بەگریانەوە) م پەیدا بۆوە بەڵام... گ چ بووە ؟ گ: محەممەد م لەکاتی بەکارهێنانی سۆرەنگی مۆڕفین لە wc یەکێك لە مزگەوتەکانی شاردا مردوە. لەدڵ خۆم دا گوتم: الحمدللە، بەڵام بەڕاستی پەرۆشی ئە گوڵە جوانە بووم کە چۆن لەسەر کەم تەرخەمی خۆی ژیانی لەخۆی تێك دا. دڵنیام کرد کە دونیا تەنیا ئەو دوو رۆژە و ئەو بستە خاکە وا تێی دا دەژی نیە، هەول بدە گۆڕانکاری بەسەر ژیانی خۆت دا بێنی، رابردووت کە فەوتا داهاتووت بکرەوە. زۆرم ئامۆژگاری کرد هیوادارم ئەمجارە بەقسەم بکا.

ئەوە داخوازی ئەو کچەیە:

وێڕای سلاو و ماندوو نەبوونی لە هەموو ئەندامانی حدك و رێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان. من داوام لە هەموو ئێوەی بەڕێز ئەوەیە کە لە رێگای گۆڤار و چی راگەیاندنە بەهێزەکانتان و بەتایبەت کوردکاناڵ کە بۆتەئەستێرەی ئاسمانی شەوگاری خەڵکی کوردستان. داوادەکەم بایەخ بدەن بە وەهاکێشەو باسێك و بەشکم لەو رێگەیەوە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لاوانی چاوگەشی کورد چ کوڕ چ کچ کە لە وڵاتی ئێران دا هەرکات بۆی هەیە تووشی وەها هەڵەیەك بن لە ژیانیان دا ( بەکارهێنانی مادەسڕکەرەکان و خراپ هەڵبژاردنی رێگەی داهاتوویان) با زیاتر ئاگاداری بنەوە و ئەو زەحمەتەش تەنیا لەدەستی ئێوەی ئازیز بەردێ.

بەهیوای سەرکەوتنتان
"گ" لە پیرانشارەوە
سپاس بۆ گۆڤاری ژنان

# بزووتنەوەی یەکسانیی مافەکانی ژنان و پیاوان

نوشتە: مهین رستمی پور
وەرگێڕان لە فارسی یەوە: سەید جەلال ساڵحی



زۆر کات ڕووداوە کۆمەڵایەتیو کەلتووریەکان بە شێوەیەکی هێدی ڕوودەدەن و ئەم ئاڵوگۆڕانە بە درێژایی کات لە بیروزەینی خەڵکیدا تەشەنە دەکەن و لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو بنیاتەکان دا خۆ دەردەخەن. هەرچەند شۆڕش یان کودیتایەك دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕەرواڵەتییەخێراکان و دەتوانێ یاساکان، مەبەستەکان و بنیاتە وەدیهاتووەکان سەرەوژێر کاو ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕە بەربڵاو و خێراکان، بەم پێیە ماوەیەکی زۆر دەکێشێ تاکوو ئەم ئاڵوگۆڕانە نیهادینە بکرێن و لە نێو ژیانی خەڵکیدا ببنە باو. ئاڵوگۆڕە کەلتوورییەکان زۆر بە هێواشی ڕوو دەدەن و زۆر جار ئەم ئاڵوگۆڕانە کۆمەڵگا تووشی قەیران دەکەن. یەکێك لەم ناوەندە گۆڕدراوانەی کە هەمیشە ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە مەسەلەی ژنان و یاسا نەریتییە وەدیهاتووەکانی لە بابەت ژنانەوەیە. چاوخشاندنێك بە ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، بارودۆخێکی دڵخواز لە پێگەی ژنان لە بەرامبەر ئێمەدا نیشان نادا. بەڵکوو پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە هەڵاواردنە جینسییەکان لە تەواوی کاروبارە کۆمەڵایەتی، ژیان و بنەماڵەکاندا لە ڕاستای بەرتەسك کردنەوەی ژنان دا بووە و هەیە.

ژنان بۆچوونە نێو زۆربەی مەیدانەکانی کۆمەڵگا لە گەڵ قەدەغە کردن و بەرتەسکردنەوەدا بەرەوڕوو بوونەو بۆ بە دەستهێنانی ئەوەی کە مافی ڕەوای هەر مرۆڤێکە، هەوڵێکی دووچەندانەیان بووە. یاساکان، خووخدەو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بەربەستێکی پتەو و قایم بوون لە بەرامبەر ژنان و لە ژێردەستەیی هێشتنەوەی ژنان دا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە. تاوتوێ کردنی بیروڕاو باوەڕی زۆرێك لە هزرڤانانی ڕابردوو لە ئامادە نەبوونی ژنان لە مەیدانی بیرکردنەوەو زانست دا بووە، لە ڕاستیدا پێشینییان ، بارهێنان وپەروەردەی ژنانیان تەنیا بەرتەسکراو بە فێربوونیماڵداری، مێرداری لە سەر بنەمای تەواوی زانیارییەکان و ڕاکێشانی ڕەزایەتی پیاو و مناڵداری زانیوەو لەم لایەنانەوە پێویستییە مرۆییەکانی ژنان لە بیرکراون. بەڵگەکان نیشاندەری ئەوەن کە ژن لە سەردەمی کۆندا نەی توانیوە بۆ خۆی بڕیار بداو لە ماڵە بابیدا، براو یان سەرپەرستە پیاوەکان بڕیاردەری بوون و لە ماڵە مێردیشدا بێ هیچ پەڵپ و بیانوویەك پیاو خاوەنی بووەو ئافرەتێکی ڕەسەن و باش کەسێك بووە کە زیاترو زیاتر فەرمانبەری

←

کەسانێکی دیکە بووبێ و ژنێکیش کە غیرەتی وەبەر خۆی دابا بیر وەکاو کەسێکی خۆش بوێ واتە، مێشک و دڵی هەبێ بە ژنێکی سەرەڕۆو خراپیان دادەنا. لە ڕاستیدا ژنیان وەک کالایەک داناوە کە فەرمانبەرەکەیان باشترینیانەو بە ڕەتکردنەوەی ڕەهەندو پێویستییە مرۆییەکان، سات و سەودایان بە ژنانەوە کردوە کە لەم پێوەندییەدا بەڵگەی مێژوویی زۆرن. لەوە گەڕێین کە لە ڕۆژئاوادا دەیان فرۆشن و لە ڕۆژهەڵاتیش دا دەیان کڕن، لە ڕۆژئاوادا لە سەر جەستەی ژن سەرمایە گوزارییان کردوەو بە ئاکام گەیشتوون و لە ڕۆژهەڵاتیشدا لە ڕۆح وهەست وسۆزەکانیژن. تێپەڕبوونی ڕۆژگارو سەدەکانی پێکهاتنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکانی وەک شۆڕشی سەنعەتی و شەڕەجیهانییەکان کە بوونە هۆی گۆڕان و ڕاتەکان لە بناغەکانی کۆمەڵ دا، بزووتنەوەی یەکسانیی ژن و پیاو یەکێک لەم گۆڕانکارییانە بووە و ژنان بۆ دەستەبەر بوونی مافە مرۆییەکانیان کەوتنە جم وجۆڵەوە. شۆڕشی مەشرووتە و بەشداریی ژنان لە گۆڕانکارییەکانی



دوایەی کەش وهەوای بۆ ژنانی ئێرانی لە کۆمەڵدا تەیار کرد، دیارە دەبێ وەبیر بێنینەوە کە ئەم ئامادە بوون و چالاکیی ژنانە لە نێوان توێژی ڕووناکبیر و خوێندەواری چینی مام ناوەندو سەرووی ئەو کاتی بوو و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە. بزووتنەوەی یەکسانیی مافەکانی ژنان و پیاوان لە ئێراندا هەمیشە لە گەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هەورازونشێوی زۆری بڕیوەو لەم ڕەوگەیەشدا دەسکەوتی زۆریشیان بووە.

## چاوێک بە بارودۆخی ئێستا:

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە لە گەڵ کلتووری زیندە بە چاڵکردنی کچان و کڕین و فرۆشتنیان وەک قەرەواش و کۆیلە زۆر دوور کەوتووینەتەوە. ژنانی ئێمە مافی دەنگدانیان هەیە، دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن و لێهاتوویی و توانایی خۆیان لە مەیدانی کردەوەدا دەربخەن و زۆر شتی دیکە. بەڵام لە گەڵ یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو وەک مرۆڤگەلێک کە یەکسانن و خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:« ئێمە ئێوەمان لە ژن و پیاو دروست کرد، هەموو مرۆڤەکان بە یەکەوە بەرامبەرو یەکسانن، کەسێک لە کەسێک چاکتر و بەرزترە کە ڕاستەقینەتر بێ » مەودایەکی زۆرمان هەیە.



# " نەخشی ژنان لە خەبات دا "

ئەحمەدی قادری

کاتێک دەڵێین ژنان نیوەی کۆمەڵن، مانای ئەوەیە کە لە کاروباری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیداری دا بەبێ جیاوازی بەشدار بن. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی دواکەوتوو دایەك لەوان ئێرانی خۆمان، نەك ئەو یاسایە هەر وەبەر چاونەگیراوە، بەڵکو ژنان دووچەندان دەچەوسێنەوە و لەهەموو مافە ئینسانییەکانیان بێبەش کراون.

ئەگەر ئاورێك لە رابردووی نزیك بە نیوسەدەی ئەم دواییانەی دەسەڵاتی رەشی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، بەڕوونی دەبینین کە بەهۆی سیاسەتی کۆنەپەرەستانەی ئەو رێژیمی ئازادی خنکێنەوە، بواری تێکۆشانی ژنان تا رادەیەك بەرتەسك کراوەتەوە کە نەك هەر لەباری سیاسی و ئیداریەوە، بەڵکو لە بواری ژیانی شەخسیشەوە هەموو هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانەیان بە توندی لە ژێرچاوەدێری دایە و یاسایەکی دژی مرۆڤایەتیان بەسەردا سەپێنراوە و لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی دا دابڕاون. بەڵام بەخۆشیەوە ئەو یاسا دژی مرۆڤانەیەی رێژیم لە کوردستان سەری نەگرتوە و ئاواتی کۆنە پەرەستانەی دەسەڵات بەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەدی نەهاتوە. لەگەڵ هەموو زەبر و زەنگ و هەڕەشە و گوڕەشە و توند و تیژیەکانی کاربەدەستانی رێژیم، ژنان و کچانی ئەرك وەخۆگر بەتایبەت لە دێهاتەکان دا، شان بەشانی براکانیان لە کاری رۆژانە دا بەشدارن. جل و بەرگ و داب و نەریتی کوردەواریان بە تەواوی پاراستوە و تەنانەت لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەشمان دا ئەرکی بەرچاویان وە ئەستۆ گرتوە. دەبا سووکە ئاورێك لە خەباتی ئەم دواییانەمان بدەینەوە و نەخشی ژنان و کچانی تێدا هەڵ سەنگێنین.

پاش سەرکەوتنی راپەرینی بە تالان براوی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی بەسەر رێژیمی بێزراوی سەڵتەنەتی دا و داسەپاندنی شەرێکی نەخوازراو و نابەرامبەر بەسەر گەلە ستەم لێکراوەکەمان دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناچار بە دیفاعی چەکدارانە کرد. ژمارەیەکی بەرچاو لە شێرە ژنان و شێرە کچانی کورد بێ گوێ دان بە نەریتە دواکەوتووانەکان و تەشەر و توانجی کۆنەپەرەستان راستەوخۆ پێیان نایە گۆڕەپانی خەباتی چەکدارانە و شان بەشانی برا پێشمەرگەکانیان بە دژی پەلاماردەرانی کوردستان و زەوتکەرانی ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە کردەوە راوەستان. هەروەها لە بواری سیاسیش دا ژنان بە گشتی نەخشی بەرچاویان وەئەستۆ گرت و هەر لە کاری تەشکیلاتی را بگرە تا خزمەت کردن بە هێزی پێشمەرگە و یارمەتی دانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات داو ئامۆژگاری و رێنوێنیان بۆ بە هێزکردن و پتەوتر کردنی ریزەکانی خەبات و خۆراگری دەریغیان نەکرد و ئێستاش نەخشی ژنان لە خەباتی سیاسی دا هەروا درێژەی هەبووە رۆژ بە رۆژ پتەوترش دەبێ.

سەرەڕای تێکۆشانی تەشکیلاتی و نیزامی و هەموو ئەو ئەرکانەی بۆ بەرەوپێش بردن و گەشە پێدانی رەوتی خەبات وەئەستۆیان گرتوە، ژنان و کچانی بە هەست و بە نەنگەوە بووی مافی نەتەوەیی و تامەزرۆی ئازادی، لە



←

باری ئەدەبیشەوە شوێنەواری بەرچاویان لەسەر رەوتی بزووتنەوە رەواکەمان داناوە. بۆ دڵگەرم کردنی زیاتری پێشمەرگە بەسەرکەوتن فێرەکان، گۆرانی و بەند و باویان بەسەردا هەڵگوتوون و شێعریان بۆ هۆنیونەتەوە. بە داخەوە ئەو شێعرانە هەتاکو ئێستاش هەروا بە پرژ و بڵاوی لە سەر زارانی خەڵکی کوردستان ماونەتەوە و کۆنەکراونەتەوە تا بکرێنە گەنجینەیەکی گەرانبەها و ئەدەبی کە بەرگری نەتەوەکەمانیان پێ دەوڵەمەندتر بکرێ. دیارە منیش هەروا لێرە و لەوێ و بەسەر زارانەوە هێندێکم وەچنگ کەوتوون و کۆکردوونەوە بۆ ئەوەی لە مەترسی لە نێو چوون رزگارم کردبن. لێرە دا لەم کورتە بابەتەدا پێشکەش بە ئەدەب دۆستان و هەموو ئەو کەسانەی دەکەم کە بە شێوەیەك دڵیان بۆ ئازادی و مافی رەوای نەتەوەکەمان لێ دەدا. هەر لەو پێوەندی‌یە دا داوامان لە هەموو ئەو خوشك و برا ئەرك وەخۆگرەیە کە لەو بوارەدا هەرشتێکیان بیستوەو لە بیریان دا ماوە، کۆیان بکەنەوە و بەلاپەڕەکاغەزیان وەکەن و بە کۆترێکی سووك باڵ دا بۆمان بەرێ کەن. ئێمەش بەڵێنیان پێدەدەین کە هەموویان وەسەر یەك خەین و پێشکەش بە بەرەی داهاتووی نەتەوەکەمانی بکەین. فەرموون ئێمە ئەوە دەستەباری خۆمان:

**تەقەی تفەنگ دێ لەو دۆڵ و هەردە**
**شەڕی پاسدارِ و پێشمەرگەی کوردە**
**تەقەو لێکدانە لەو شاخ وچیایە**
**رۆڵەی دێموکرات لەسەنگەر دایە**
**یاخوا خومەینی تەختت وەرگەڕێ**
**ئەو کوڕە پێشمەرگە دەچێ بۆ شەڕێ**
**کاکی پێشمەرگە بەرگ خوێناوی**
**سەنگەر هەڵکەنە تا نەکوژراوی**
**ئەو دۆڵ و گردە بەچاو دەماڵم**
**جێگای شەهیدە هاوار بەماڵم**
**برای پێشمەرگەم لەو دۆڵ وهەردە**
**کەوتۆتە شوێنی پاسدار و جەردە**
**کلیلی دەرگای دڵی کلۆڵە**
**برینی سەری ئەو جاشە زۆڵە**
**چاوێکم دێشێ ئەوی دیم تانە**
**کێ دەرمانی کا؟ ئەو پێشمەرگانە**
**چاوێکم دێشێ ئێشی بێقەرار**
**هاوار لەدەستی بەسیج و پاسدار**
**بەدەست پێشمەگە پاسدار قڕانە**

**سەرشان و قەتار هەر لەخۆی جوانە**
**بەچاو دەکێڵم ئەو دۆڵ و بانە**
**چونکە رێبازی پێشمەرگەکانە**
**خۆم شەڕێ دەکەم بەرەشاشەوە**
**دوژمنمان بۆهات بەسەد جاشەوە**
**واقەوەم بۆهات بەپێی کاروبار**
**کەلاکم لێ خست وەکو گەڵای دار**
**نێو جەرگم رەشە وەك چاڵە خەڵووز**
**پاکی لە داخی جاشی بێناموس**
**چوومە ناو سەنگەر سەنگەر سوور ببوو**
**کەتەماشام کرد کوڕە کوردێ بوو**
**گوللە ژێسێیەك درا لە رانی**
**خوێن کەفارەی کرد بۆ کەوشەکانی**
**خاکی کوردستان ئەم پاڵ ئەو پاڵە**
**پێشمەرگەی حیزبی گشت هەژدەساڵە**
**قەناسەی شانت نەسیبی شەڕ بێ**
**بەهات و نەهات هەواڵم لێت بێ**
**کلاشینکۆفت خەشابی خوارە**
**دەڵێن لەو گردە شەڕ بەرەو خوارە**
**نابمە گاوانچی بە گۆپاڵەوە**
**دەبمە پێشمەرگە بە کۆڵە بارەوە**
**ئەو کوڕە پیشمەرگەی بان ئەو بان دەکا**
**دەچێ بۆ شەرشێ جەرگم ژان دەکا**
**ئەو کوڕە پێشمەرگەی بە شاخانەوە**
**ژێسێی موزەللی بە شانانەوە**



# ٤٠٠ شاعیری ژن و ٨ هەزار شاعیری پیاو لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێران دا

نووسینی: ئامینە شیرئەفکەن ------------------------------------------------ وەرگێڕانی: حەلیمە رەسوولی

ئەگەر چی ٨ هەزار شاعیری پیاو لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێران دا ناسراوە بەڵام بەپێی دەرخستەی سەرژمێری تەنیا ٤٠٠ شاعیری ژن لە مێژووی شێعری ئێران دا هەیە. سەرەڕای ئەوە شێعر یەکێك لە ئەو پانتایانەیە کە ژنان زیاتر لە هەموو ئەو پانتایە هونەریانەی دیکە لەو دا شوناس و ئەزموونەکانی خۆیان دووپات کردۆتەوە. "روح ئەنگیزی کراچی"، مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەر لە دانیشتنی ژن لە شێعری سەردەمی ئێران دا کە لە لایەن ئەنجومەنی ژنانی لێکۆڵەری مێژوو، بەڕێوە چوو، بە دەربڕینی ئەو باسە گوتی: سەرەڕای ڕێژەی کەمی ژنانی شاعیر لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێران دا شێعر پانتای لایەنی روانینێك بۆ ژنان بووە کە لە رێگای ئەوەوە هەست و ئەزموونەکانی خۆیان لە ژیان دەربڕن.

لە لێکدانەوەی پێگەی ژن لەشێعردا، ئیمتیناکردن بە جێگە و پێگەی لە لایەك و رەنگدانەوەی وێنە و شوناسی ژن لە شێعری پارسی دا لەو خاڵە سەرەنج راکێشانەن کە ئەو لێکۆڵەرە لە وتەکانی دا جەختی کردۆتە سەر ئەو دوو پرسە.

**شێعر**، تەنیا بەشێکی هونەری یە کە ژن زۆر ساناتر ئیزن و مۆڵەتی بەشداری کردنی لەودا هەبووە و دەکرێ بگوترێ کە زۆرترین بەرهەمی هونەری ژنان هەر لەو بیاڤەدا خولقاوە و رەنگی گرتوە. بەڵام لە هەمان کات دا لە بیاڤەکانی ئەستێرە ناسی، موسیقا و نیگار کێشی دا زۆر بەکەمی دەتوانین شوێن پەنجەی ژنان بدۆزینەوە. کراچی وتاری ویرجینیا وۆڵفی، لە فێمێنیستەکانی سەردەمی نوێ لە ئەرووپای خستە بەر سەرەنج کە ژنی شاعیر بۆ دەربڕینی خۆی کەلکی لە ساناترین و هەرزانترین ئامێر وەرگرتوە.

لە پێکهاتەی کلتووری ئێران دا نووسین بۆ ژنان، کارێکی ئەستەم بووە بەو هۆیە کە سەرەڕای دژواری نووسین، بەشداری کردنی ئەوان وەك ژن بەردەوام کەوتۆتە پەراوێزەوە. بەشداری کردنی هێندێك لە ژنانی شاعیر وەك "جەمیلە ئیسفەهانی" بۆتە هۆی بوختان پێکردن و خراپ بوونی ناوبانگی ئەو.

لە لایەکی دیکەوە لە کتێبی مەجالیسی ئەنفاس کە لەلایەن ئەمیر عەلی شیرنەواییەوە نووسراوە، سەرەڕای ناوهێنانی ٣٩٨ شاعیر، هیچ ناوێك لە شاعیرە ژنەکانی ئەو سەردەمە نەبراوە. لەکاتێکدا هەر لەو سەردەمەدا و لە لێکۆڵینەوەی نووسراوەکانی دیکەدا دەرخراوە کە لە سەدەی نۆهەم دا و هاوکات لە گەڵ نووسین و دەرکردنی ئەو کتێبە زیاتر لە ٢٠ شاعیری ژن هەبووە.

بە وتەی کراچی، شۆڕشی مەشرووتە کە بووبە هۆی خولقانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی ئێران دا، لە پانتایی شێعر و ئەدەبیش دا بووبە هۆی هێندێك گۆڕانکاری و هاوکات لەگەڵ گەشەی ئەندیشەگەلی رەخنەیی، شێوازگەلی بایەخی و پێوانەگەلی نەریتی زاڵ بەسەر کەش و هەوای ئەدەبیاتی ئێران دا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و چووە ناو قۆناغێکی نوێوە. هاتنەخوارێی بەرتەسکیەکان و سازبوون و لەباربوونی پێداویستیەکانی بەشداری ژنان لە بیاڤە کۆمەڵایەتیەکان و هاوسەنگ بوونی پرۆسەی پیاو تەوەرەیی لە ئەدەبیاتی ئێران دا لەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیانەیە کە بە رووداوی شۆڕشی مەشرووتە لە وڵات دا رووی دا. کراچی گۆڕانی روانینی رەگەز تەوەرانەی سەبارەت بە بایەخ دانانی بەرهەمی هونەری لە گرینگترین رووداوەکانی مێژووی ئێران زانی و گوتی: ئێستاکە لەو سەردەمەدا بە لێبڕاویەوە دەتوانین بڵێین کە چی دیکە رەگەز پێوەرەیی بایەخی هونەری نیە، بەڵکوو بایەخی هونەری بەستراوەتەوە بە جەوهەری هونەریەوە کە ئەویش بە هۆی ئەزموون و تێگەیشتنی تایبەتی شاعیرەوەیە نەك تەنیا رەگەزی ئەو. ئەو لێکۆڵەرە، بیاڤی ئەدەبیاتی هەبوون و بەشداریی ١٢٠ ژنی شاعیری سەردەمی بە خاڵی وەرسووڕانی ئەدەبیاتی ئەمڕۆکە زانی و گوتی: بەشداریی ئەو رێژەیە لە ژنانی شاعیر بە بوونی ئەندیشە، زمان، شێوازی دەربڕین و روانگەی جیاوازەوە لە ژیان، هیوادەر و

دڵخۆشکەرە.

کراچی لەسەر بیاڤی دووهەم واتە ڕەنگدانەوەی وێنە و شوناسی ژن لە شێعری پارسی دا وتی: بە سەرەنج دان بە بەرهەمی پێشینیان، ژن لە ئەدەبیاتی حەماسی دا ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی هەبووە و شوناسی سەرەکیی ئەو لە حەماسەدا کەوتۆتە بەر گرینگی پێران. ئەوە لەکاتێکدایە کە لە ئەدەبیاتی عیرفانی و مەسنەوی عاریفانە دا ژن کانگا و سەرچاوەی هەوەس و نەفسی شەیتانی بووە و لە شوناسی ڕاستی خۆی دوور کەوتۆتەوە.

لە ئەدەبیاتی غەنایی دا ژن واتایەکی خەیاڵی، دەست پێڕانەگەیشتوو و بێ وەفاو ئەمەگی لە خۆ گرتوە. لە مەنزوومەکانی وەیس و ڕامین و شیرین و فەرهادیش سەرەڕای بوونی ژنان وەك یەکێك لە کەسایەتیەکانی سەرەکی چیرۆك، تەنیا وێنەی ئەویندارێکی خەیاڵییان بە ژنێکی ئامانجی دانراون. دابڕان لەو سوڕانەوەیەدا بە هۆی شۆڕشی مەشرووتە بە ئاکام گەیشت بە چەشنێك کە پێویستی بە گۆڕانکاری لە شێعری فارسی دا هەست پێکرا و شاعیرە پێشکەوتووەکان باسیان لە دواکەوتوویی ژن و ستەمی ڕەگەزی دەکرد و ئەوە بوو بە بوار و دەرفەتێك بۆ دیسان خوێندنەوە و پێداچوونەوە بەسەر شێعری ژنی ئێرانی و جەخت کردن لەسەر ئەزموونەکانی، کە لەو ناوەدا"عالەم تاجی قائم مەقامی" و "نیمتاجی سەڵماسی" باسیان لە شوناسی ژنی سەربەخۆ کرد. هەر لە درێژەی ئەو باسەدا شێعری"**پەروینی ئیعتسامی**"ڕەنگدانەوەی شوناسی ژنێکی نەریتی بەرچەڵکە.

بەڵام"فروغ" شوناسی ژنێکی شارستانی نەبەستراوە و سەرەڕۆ وێنەدەکا کە خەریکی بەربەرەکانی لەگەڵ بایەخە بنیات نراوەکانە و لەسەرەتای یەکێك لە شێعرەکانی کە دەڵێ:

**ئەوە منم، ژنێکی تەنیا**
**لە دەست پێکی وەرزێکی سارددا**

ئەو زۆر بەسانایی سەرەڕۆیی خۆی لە بەرامبەر هەڵوێستە نەریتیەکان سەبارەت بە بوون و بەشداریکردنی ژن دەردەخا.

"سیمینی بێهبەهانی" لە خولی دووهەمی شاعیری خۆی دا، خۆ دەنوێنێ، لەم ناوەدا"تاهیرەی سەفازادە" بێجگە لە شێعری"شوێنی لەدایکبوون" زۆر بەسانایی بەسەر پرسی دەربڕینی ئەزموونەکانی تایبەت بە ژنێکی شاعیرەوە تێ دەپەڕێ. لە شێعرەکانی"مەیمەنەتی میرسادقیش" دا هەر وەك سەفازادە ناتوانین هێمایەك لە خوێندنەوەی ئەزموونی ژنانە لە شێعردا بین.

ئاڵۆزبوونی شێعری سەردەم



یەکێکی دیکە لە باسەکانی کۆبوونەوە و دانیشتنی **ژن لە شێعری سەردەم دا** بوو کە کراچی خستیە بەرباس و بە وتەی ئەو: ئەگەرچی شێعر لە دەیەی ٤٠ و ٥٠ دا گێڕانەوەی ڕاستەو خۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و شێعری هێندێك لە شاعیران تاڕادەیەك مەیلی سیاسی تێدا دەبینرا بەڵام لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ دا گۆڕانێك لە بیاڤی شێعری پارسی دا رووی دا بە چەشنێك کە ئەوجار شێعر بوو بە هۆی ڕەنگدانەوەی ململانی تاکە کەسی مرۆڤی قەیران لێدراوی سەردەم لەگەڵ دەوروبەری دا. مرۆڤێك کە لە دەوروبەری خۆی ناتەبایی گەلێکی جۆراوجۆر دەبینێ و ئەو پرسە لە شێعری شاعیرەکان دا ئاڵۆزیەکی خوڵقاندوە کە بووە بە هۆی دوور کەوتنەوەی بەردەنگ لە شێعر.

کراچی لەو بەینەدا دڵخۆشە بە شێعری شاعیرە ژنەکان بەو هۆیە کە ژنان زۆر بەباشی لە شێعرەکانیان دا شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیان وێنا دەکەن.

# شێعر

## شەش کۆپلە شێعر

" چاو "

نیگای چاوت زۆر بەهێزن

سەدان جادووی لە ئامێزن

بۆ کوشتنی ئەویندااران

چاوت هەردوو مەتەرێزن

***

چاوەکانی چەشنی باوی

لەژێر زولفی ڕەشی خاوی

ئێجگار بەناز نیگا دەکەن

دەمرێ عاشق هەر لەتاوی

***

تەنها خۆتی هەڵوژە و سێو، هەرمێی ناسک

کەینێ دەگا بەچاوی تۆ چاوی ئاسک

ساف و لوس و نەرم و نیان سپی بێگەرد

لافاوی بوو لە جوانی دا قۆڵ و باسک

***

چاوی ڕەشت، گەورە و گەشت ئینجا برۆت

بۆ گیانی من پرچت بۆتە زنجیر و کۆت

کێ دەتوانێ ڕزگارم کات لەو مەینەتە

بمخاتەوە دۆخی جاران مەگەر بەخۆت

***

چاوەکانم لە حەسرەتی چاوەکانت هەردوو کەوتوون

کەناڕوانن نیگاناکەن واتێمەگە کەوا خەوتوون

لەو ڕۆژەوە کە ڕنجای‌لێم تاکو ئێستا سۆمای چاوم

ونبوو ڕۆیی بێ سۆراغ و بێ هەواڵ و بێ سەر و شوێن

***

چاوەکانت کە دەکەونە بەر دوو چاوم

کپەی دڵ دێ، هەڵدەقرچێ جەرگ و ناوم

دەم گۆناکا، ڕادەمێنم، ڕەق دەوەستم

بۆیە دەبێ بتپەرەستم هەتا ماوم

محەممەد داریاس    ٢٠٠٧/٧/١٧

## چەپکێک شێعری قادر عەلی خائازەر( بۆکان )

* هەمیشە بەهارە *

خەزان ڕەنگیان پێ ناگۆڕێ

سەرما پەنجەیان سڕ ناکا

گوڵەی مەرگ نایان پێکێ

چرۆی ئەو شێعرە سەوزانەی

دەمی مەستی،

سەر دەردێنن!

١٤ / ١ / ٨٢

# بم بوورن

کوێستان عومەرزادە






بم بوورن
گەر منالیم ون کەن
هەر هەموو چراکان
کزدەبن
من بە منالیەوە
کچی شاخم
بەفر سەمام لەگەڵ دەکا
لەگەڵ سنگی بەردا
مارە براوم
گۆشتم بە لێوی شاخا
تەڕبووە
ئەم سەولانەم
لیٚ وەر مەگرن
من بەرەوە
ڕووبارێکی شلوێ
تا تەواو بوونی ئەم
گۆرانیە دەڕۆم
بـــــم بوورن
دەڕۆم تا پیاسەی
تەنیای ئەم شارە
دەدوێنم
من کچی شاخم
نابم بە شەمی پەپوولە
ئێوەن خراپ خەودەبینن
لە نێو خەوا
هەناسەتان لیٚ ون دەبێ
ڕوحیش لەخۆتان زیز دەکەن



# زســـــتان

نایانەوێ وەڵامی سڵاوەکەت بدەنەوە
سەریان لەکراسیان دایە
کەس سەر هەڵ ناهێنێ بۆ وەڵام و دیتنی یاران
نیگا تابەر دەمی پێی خۆی دەبینێ
کە رێگا تاریك و خلیسکە
ئەگەر دەستی خۆشەویستی رادێری بۆ کەسێك
نابەدڵ دێنێتە دەر دەستی لەگیرفان
کە سەرما تاکوو ئێسقانە
هەناسە، کە لە گەرماخانەی سینە دێتەدەر، هەورێکی تاریکە
وەکوو بینین دەوەستێ لە ئاستی چاوانت
هەناسە وابێ، ئەدی تۆ چاوەڕێی چی؟
لە دەستی هاوڕێیانی دوور و نیزیك؟
مەسیحای جوامێری من، پیری کراس ئەزموون دادڕاو
هەوا زۆر ناجوامێرانە ساردە ... ئای !
دەست خۆش و سەرت سڵامەت بێ
وەڵامی سڵاوم بەوە، دەرگاکەتم لێ بکەوە
منم من، با بردەڵەی رەنجاوە
منم، جنێوی بەر لە ئافراندن، سازی ناساز
نە رۆمیم و نە زەنگیم، بێ رەنگی بێ رەنگم
دەرگاکەتم لێ بکەوە، لێ بکەوە، دڵتەنگم
رەقیبم، خانە خوێم، میوانی چەن ساڵەت شەپۆل ئاسا،
لە بەر دەرگەت دەلەرزێ
تەرزە نیە، مردن نیە
گەر گوێت لەدەنگی بوو، چیرۆکی سەرما و شەقی ددانە
من ئەم شەو هاتووم نرخ جێ بێڵم
بەهات لەپەنا جامی شەڕابت دنێم
بۆ دەڵێی درەنگانە و بەیانە و کازێوە ئەنگاوتەیە؟
فریوت دەدا، ئەوە سروری ئاسمانی بوو لێڵی بەرەبەیان نیە
رەقیبم، گوێچکەی سەرما بردەڵە بەجێماوی شەپلاغەی ساردی زستانە
چلۆرەی گۆرەپانی گەردوون، مردوو یان زیندوو
لە تابووتی تاریکی نە مەرگاوی، حەشاراوە
رەقیبم، هەڵ دەگەڕێ چرا سەربادە، شەو و رۆژمان یەکسانە
نایانەوێ وەڵامی سڵاوەکەت بدەنەوە
هەوا دڵپڕ، دەرگاکان داخراو، سەر لە ملیوان دا، دەستەکان شاراوە
هەناسەکان هەور، دڵەکان ماندوو و خەمگین
چوار ئێسکی دارستان، تەرمێکی سەهۆڵ بەندانە
زەوی مردوو، میچی ئاسمان نەوی
تەم و مژی تریفە و مانگ
زســـــتانە.

**شێعری مێهدی ئەخەوان سالس**
**وەرگێڕان بۆ کوردی: خەبات رەسووڵی**

# مرۆڤە خۆڕێکخەرەکان پێ دەگەن

نوسینی: کامبیز نیکنام
وەرگێران لە فارسییەوە: حامید خانزادی

ئەوە واقەعیەتێکە کە هەموو ڕۆژێ بە هەڵاتنی خۆر، ئێمە شتێك کە بە تەواوی جیاوازی لەگەڵ ئەو شتەی کە ڕۆژی پێشوودیتبوومان، دەبینین. ئەو جیاوازیە لە ژیانی ئێمەدا هەمان ئەو شتەیە کە "گۆڕانکاری" پێ دەڵێن. ئەگەرچی هێندێك کات ئەو ئاڵ و گۆڕانە بە پێچەوانەی ویستی ژیانی ئێمەیە. بەڵام بە هۆی ئەوەیکە هەمووی ژیانی ئێمە لە گەڵ گۆڕانکاریە، لەبەر ئەوە ناچارین لە ژیاندا خۆ ڕێکخەر بین. خۆ ڕێکخەری تاك بە گۆڕانکاریەوە دەتوانن بە ناو"خۆگونجاندن" ناودێر بکرێ. لەوانەیە بیستبێتتان کە خەڵك بە کەسێك بڵێن زۆر خۆڕێکخەرەیە(کۆمەڵایەتی)یەو ئەویتر زۆر نەگونجاو و سەر بەخۆیە. بەمجۆرە، ئەوە هەمان وەزعییەتە کە ئەوان لێوەشاوەیی تاکی دیاری کراو لە بارەی خۆگونجاندن بە ئاڵوگۆڕەکانی ژیان دادوەری دەکەن. چاو لە ژیانی خۆتان بکەن. بەو شێوەیە بۆتان دەردەکەوێ کە هەموو شتێك دووپات دەبێتەوە، قوتابخانە، یا جل و بەرگی تایبەتی زانکۆ کە هەموو بەیانیان لە بەریان دەکەێ، هەمان هەڤاڵانی قوتابخانە کە هەموو ڕۆژێ دەیان بینی، یا مامۆستایانێکی کە سەرکۆنەتان دەکەن و لەو کاتەش دا خۆشیان دەوێن، تەکلیفی وانەکانتان، یا زەختگەلێکی کە لەلایەن بنەماڵەوە بۆتان دێن تا زیاتر ئەکتیڤ بن و تەواوی ئەو شتانەی دیکەی کە لە ژیانتان بە شێوەی کلێشەیی دووپات دەبنەوە. ئێستا ئەگەر وردتر بە دەوروبەرتان دا بڕوانن، شتێکی جیاواز لەوەی کە ڕۆژی پێشوو دیتبووتان، دەبینن ( یا شتێکی جیاواز لەوەی کە بۆ دوایین جار بینیبێتتان.) لەوانەیە ئەو گۆڕانکارییە لە بارەی ڕوانگەی تاکی دیکە بە ئێوە بێت، یا لەوانەیە جیاوازی یەکی چووك لەو کەسایەتیانەی کە لەوەپێش سەرنجتان نەدابوویە. ئێوە هەموو ڕۆژێ شتی نوێ لەوەیکە دەیبینن یا دەیکەن فێر دەبن. هێندێك جار بۆم پێش دێ کە قسەیەك بە کەسێك دەڵێم کە لەو کاتەدا تەواو وەك ڕاستی دەچێ و ڕۆژی دواتر کەلە خەو هەڵ دەستم وەبیر ئەو مەسەلە چووکەیە دەکەومەوە کە بە ئاسانی دەمتوانی لە ڕووداني بەرگری بکەم. ئەوە ئاستی پێگەیشتنی تاکێکە کە هەموو ڕۆژێ فیدای ئاڵوگۆڕ دەبێ و وات لێ دەکات کە لە بارەی ئەگەرەکان یا دەرەنجامی وشەگەلێکی کە دێتە سەر زمان بیری لێ بکەیتەوە.

ئاڵوگۆڕەکان لەوانەیە بە دوو چەشن بن: جۆری سەرەکی و جۆری لاوەکی. جۆرە سەرەکییەکان ئەوانەن کە نەتەنیا ژیانی ئێوە بەڵکو ژیانی خەڵکی دەوروبەری ئێوە لە ژێر کاریگەری دادەنێن. مردن یا لە دایکبوونی تاکی لە خزمەت نزیکەکانتان، هاتوچۆی شەخسی لە ماڵ گواستنەوەی باوکتان بۆ ناوچەیەکی دووره دەست و بابەت گەلێك لەم چەشنانە، کاریگەرێکی زۆری لەسەر ژیانتان دا هەیە و هەڵبەت ناتوانین چاوەڕوان بین کە تاك لە ماوەیەکی کورت دا خۆی لەگەڵ ئەو وەزعیەتە بگونجێنێ. ئەو گۆڕانکاریانە پێویستی بە تێپەڕ بوونی ماوە هەیە هەتا لە ژیانتاندا خوویان پێ بگرن و کاتێك کە ئەوان سەرو سامانیان گرت، ئێوەش پێدەگەن. هەر وەك کە دەڵێن کات باشترین چارەسەرە، لەبەر ئەوە هەموو شتێك بە تێپەڕ بوونی کات دەگەڕێتەوەسەردۆخی ئاسایی.

گۆڕانکاریە چووکەکان ئەوانەن کە بۆ ساتێك سەرنجی ئێوە رادەکێشن و دوایی لە بیریان دەچێ ئەوانە لە بنەمادا بێ بایەخ و بێنرخن، بەڵام ئەگەر کەمێك زیاتر سەرنجیان بدەنێ، دەتوانن ببنە هۆی سەر ئێشەتان باشترین کاری گونجاو ئەوەیە کە چاوپۆشیان لێ بکەن.

سەرتاسەری ژیان لەگەڵ گۆڕانکاری دایە. ئەو ئاڵ و گۆڕانە دەتوانێ پرۆسەی بواری ئاستی



سۆزداری، روانگەکان، هەستەکان، ئاراستەن، هزرەکان، تکنیک گەل و هتد... بن. هونەری ژیان ئەوەیە کە ئێوە بەو گۆڕانکاریە سازگارانەوە، سەرەڕای بوونی هەموو ئەو ئاڵ وگۆڕانە، وێچوویی و لێ هاتوویی‌تان بپارێزن.

کاتێک چووکتر بووم. پێم وابوودەبێ لە هاورێیانم داوا بکەم کە لەگەڵ من بمێننەوە، جۆرێکم بیر دەکردەوە کە ئەوان هەمیشەیین، تا یەکێک لە هاورییانم بۆی روون کردمەوە کە ئەو گۆڕانکاریانە نەکرێن، من یەکێک لەوانە دەبم کەتا مردن بە هۆی لەگەڵ بوونی خەڵکانی کە لە دەوروبەری من بوون تا سنووری مەرگ ماندوو دەبن و لە ژیان فێر بووم کە هەرکەسێك دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانکاری خەڵکانی دیکەی هەبێ. لەبەر ئەوەی کە ئەمرێکی سروشتیە لە ڕاستای ئاڵوگۆڕ بەسەر داهێنانی خەڵکانی دەورو بەرتان ژیانت بە شێوەیەکی ئۆتوماتیک قوربانی گۆڕانکاری بکا. ئێوە قوتابخانە تەواو دەکەن، دەچنە زانکوو ژیانتان بە تەواوی ئاڵوگۆری بەسەر دادێ. پاشان خوێندنی زانکۆ تەواو دەکەن و خوێندنی بالا دەست پێ دەکەن و دووبارە ژیانت گۆڕانێکی تەواوی بەسەر دادێ. کاتێک کە ئێوە لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دیکە دەچن.

پێویستیت بە ئەوەیە کە روانگەکانت گونجاو بن. کەسانێك کە ئەو توانایەیان نیە زۆربەی ئەوانەن کە لە ژیانی راستەقینە لەجێ دا لێ دەدەن توانای سازگاری ئەو ئاڵوگۆڕانە زیاتر بێ، ژیانتان بە هەمان ئەندازە ئاسانتر دەبێ.

لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە توانای خۆگونجاندن لە خۆتان دا بە هێز بکەن، چونکە ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە جیهانی خێرای ئەمرۆیی گەرەکیەتی. کەسانێك کە بە رۆیشتنی بە خێرایی ژیان هاورکێفن، ئەوانەن کە لەو دنیایەدا بە سەرکەوتوویی دەژین. بۆئەوەی کە ئێوەش یەکێك لەو کەسانە بن لەئەمڕۆوە دەست بە کار بن و داهێنانی نوێ بۆ کار کردن لە کۆمەڵی دەوروبەر وەگەڕخەن ژیان ئەو جۆرەی کە دەتهەوێ ئاسان دەبێتەوە. هەروەها کە "واشینگتۆن ئیروینگ" لە کتێبی خۆی "چیرۆکەکانی رێبوارێک" (١٨٢٤) گوتویەتی: "شێوەیەك ئازادی سەتاسەت لە ئاڵوگۆڕدا هەیە، ئەگەرچی لەوانە ئەو گۆڕانکاریە لە خراپەوە بۆ خراپتر بچێ. بەو جۆرەی کە من لە کاتی سەفەر بە شەمەندەفەڕی ژیان دا بەو ئاکامە گەیشتووم کە زۆربەی گۆڕانکاریەکان هەڵکەوتوویی تاک بوون، لە هەڵکەوتوویی نوێ دا خاوەنی بەرهەم و ویسعەتی زیاتر دەبێ."

سەرچاوە:

گۆڤاری "خانوادە جوان" ژمارە ١٠٢

# وتوویژ لەگەڵ خاتوو چینی بەرزگەر

دیمانە: دایکی خانی



**وەرگێڕان ئەرکێکی روناکبیری ئەمرۆی نەتەوەکەمانە و لە هەمان کات دا نکۆڵی لێ ناکرێ کە رۆڵێکی گرینگە لە راپەڕینی رووناکبیری نەتەوەکان دا. ئێمە بەمەبەستی دەرخستنی چالاکی و بوێری یەکێك لەو ژنانەی کە ماوەیەکە دەستی داوەتە کاری وەرگێڕان، دیدارێکمان لەگەڵ پێك هێناوە.**

**ئەوژنە خاتوو( چینی بەرزگەر)ە، بەو هیوایە کە چینی ببێتە نموونەیەك بۆ تەواوی ئەو ژنانەی کە هەست دەکەن هەوێنی نووسین و وەرگێڕان لە ناخیان دایە بەڵام تا ئێستا خۆیان لێ نەداوە:**

*** بە خۆناساندنی بەرێزت دەروازەی پرسیارەکان دەکەینەوە؟**

— سەرەتا من زۆرسپاسی ئێوەی بەرێز دەکەم و بەخێرهاتنتان پێ دەڵێم. من چینی بەرزگەر ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە شاری مهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووم.

*** چەند ساڵە خەریکی کاری وەرگێڕانی و چۆن بوو مەیلت کشایە سەر ئەو کارە؟**

— من ماوەی ٢ ساڵە بەشێوەی جیدی خەریکی کاری وەرگێڕانم، واتە لەوکاتەوەی کە ژیانی هاوبەشیم پێك هێناوە. دیارە من هەرلە منداڵی یەوە ئۆگریم بەکاری وەرگێڕان بوو، هەربۆیە زۆرجاران هێندێك لە بابەتەکانی گۆڤارە تورکیەکانم وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی هەڵبەت تەنیا بۆ سەرقاڵکردنی خۆم خەریکی ئەوکارە بووم و هیچ یەك لەو بابەتانەم بڵاو نەکردۆتەوە.

*** ئایا تا ئێستا بەرهەمی وەرگێڕدراوتان خستۆتە بەردەستی خوێنەران؟**

— ئەوەی راست بێ رۆمانێکی "گابریل گارسیا مارکێز" بەنێوی "کسی بە سرهنگ نامە نمی نویسد" وەرگێڕاوەتەوە سەرزمانی کوردی وئێستا لە بەردەستی خوێنەران دایە. هەروەها رۆمانێکی دیکەشم بە نێوی "به انتظارت خواهم ماند" لە نووسینی "مریم جعفری"م وەرگێڕاوەتەوە سەرزمانی کوردی و ئێستا لە قۆناغی پێداچوونەوە دام.

*** جەنابت زیاتر پێتان خۆشە لە چ بوارێکدا وەرگێڕان بکەی، بۆ؟**

— لە بواری ئەدەبی بەتایبەتی رۆمان، بەوهۆیە کە ئۆگریەکی تایبەتیم بەخوێندنەوەی رۆمان هەیە. من پێم وایە ئەو رووداوانەی کە لە رۆمانەکان دا باس دەکرێن زۆرجار راستی ژیانی مرۆڤەکانە.

*** ئێوە بەرلە وەرگێڕانی بابەتێك تا چەندە پێتان وایە کە وەرگێڕ دەبێ لەسەر دەقەکە تێگەیشتنی هەبێ؟**

— تارادەیەکی زۆر بەلانی کەمەوە دەبێ یەك تا دوو جار کتێبەکەی بخوێنێتەوە و تێگەیشتنی تەواوی لەسەر باسی کتێبەکە هەبێ و بەسەری زاڵ بێ.

*** خاتوو چینی بە بڕوای تۆ ئەمانەتداری لە وەرگێڕان دا تاچەندە لەسەر شانی وەرگێڕ قورسایی دەکا؟**

— بە بڕوای من وەرگێڕان دەکرێ سەلیقەیی بێ. گرینگ نیە کە دەقی بابەتەکە وەرگێڕدرێتەوە بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە وەرگێڕانەکە مانا و واتای خۆی لەدەست نەدا و، وەرگێڕ کاری وشە بە وشە نەکا و ئەوە دەتوانێ باشترین ئەمانەتداری بێ لە لایەن وەرگێڕەوە. سروشتی یە کە پاراستنی ئەو خاڵانە لەلای وەرگێڕ کاری وەرگێڕان زۆر ئەستەمتر دەکا.

*** بەڕێزت حەوسەلە و پشوو درێژی لەکاری وەرگێڕان دا چەندە**

←

بەپێویست دەزانی؟

– بەڵێ تاقەت و پشوودرێژی بۆ کاری وەرگێڕ پێویستە و وەرگێڕ دەبێ لە هەڵەشەیی و پەلەکردن خۆبپارێزێ و بە وردبینی و تاقەتەوە کار بکا. بەو هۆیە کە حەوسەلە و پشوودرێژی پێویستی کاری وەرگێڕانە و بە بوونی ئەو دووانە بەرهەمێکی سەرەنج ڕاکێش دەخوڵقێ.

* بۆ دەبێ وەرگێڕ دەقەکەی خۆی بداتە وەرگێڕێکی دیکە تا بۆی پێدا بچێتەوە یان بیخوێنێتەوە؟

– من وەك خۆم ئەوە بەپێویست دەزانم و ڕەنگە بۆ یەکەم کار پێوستیشی زیاتربێ، بەو هۆیە کە ڕەنگە کەسی دووهەم و سێهەم هێندێك کەم و کوڕی ببینێ لە بابەتەکە دا کە وەبەرچاوی وەرگێڕەکە نەکەوتووە.

* پێناسەی وەرگێڕان لەلای بەڕێزتان چییە؟

لە بنەڕەتدا وەرگێڕان بەلانی کەمەوە دوو لایەنی هەیە. لایەنی تەکنیکی وەرگێڕان و لایەنی هونەری و تیۆری وەرگێڕان کە هیچ یەك لەم دوو لایەنە بەبێ یەکتر کامڵ و پوخت نین. من زیاتر لەلایەنی هونەریەوە دەستم داوەتە کاری وەرگێڕان و هەر بۆیەش زیاتر پێم خۆشە هونەرمەندانە ئەوکارە بە ئەنجام بگەیەنم، بۆیە پێناسەی من بۆ وەرگێڕان زیاتر لایەنی هونەری هەیە و بە کارێکی ئەدەبی و هونەری دادەنێم.

*پرسیارێکی دیکە خاتوو چینی، تۆ خۆت بە فێمێنیست دەزانی، ئەگەر بکرێ پێناسەیەکی کورت لە فیمنیزمان بدەیە؟

– من بەو مانا خراپانەی کە کۆمەڵگای سوونەتی پێناسە و وێنای لەسەر فیمینیزم هەیە خۆم بە فیمینیزم نازانم، بەڵکوو پێم وایە فمێنیست بوون نە گوناهە و نە کوفرە. فمێنیزم بەو واتایە کە ئێمە بتوانین ژنان و بەشێك لە مرۆڤایەتی لەبەر چاو بگرین. بەو مانایە کە دان بە تواناکانی ژنان دابنێین. ئازادی یە پێویستەکان بە ژنان بدەین، نەك ئەو ئازادیانە کە شتی نالەبار و سەقەتی لێ دەکەوێتەوە. فیمینیزم بەو مانایە کە ژن و پیاو هەردووکیان مرۆڤن و یەکسانن و دەبێ ماف و ئازادی وەك یەکیان هەبێ.

* حەزدەکەین بزانین بەڕێزت حەز بەنووسینی کام نووسەری ئێرانی دەکەی؟

– من زیاتر حەز بە بەرهەمەکانی "نەسرینی سامەنی" و "مریەمی جەعفەری" دەکەم.

* ئایا پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم کاری نووسین و وەرگێڕانتدا؟

– نەخێر من زۆربەی کاتەکانی بێکاریم بە کاری وەرگێڕان تەرخان دەکەم و لێرەدا پێویستە سپاسی هاوسەری بەڕێزم و برای بەڕێزم کاك سمایلی زارعی بکەم کە هەمووکات هاندەر و پاڵنەری من بۆکاری وەرگێڕان بوون. لەو دەرفەتە دا داوا لە ژنان دەکەم ئەگەر توانایی لەخۆیان دا دەبینن دەری بخەن و نەترسن، جا مەرج نیە هەر وەرگێڕان بێ. من دڵنیام کە سەرکەوتوو دەبن.

* خاتوو چینی بەرزگەر سپاسی بەشداریتان دەکەین، لە کۆتایی دا چ قسەیەك ماوە بۆ گۆڤاری ژنانی باس کەن؟

– سپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من ڕەخساند، بە هیوای سەرکەوتنی گۆڤارە جوان و بەهێزەکەی ژنان.

**تاقەت و پشوودرێژی بۆ کاری وەرگێڕ پێویستە و وەرگێڕ دەبێ لە هەڵەشەیی و پەلەکردن خۆبپارێزێ و بە وردبینی و تاقەتەوە کار بکا. بەو هۆیە کە حەوسەلە و پشوودرێژی پێویستی کاری وەرگێڕانە و بە بوونی ئەو دووانە بەرهەمێکی سەرەنج ڕاکێش دەخوڵقێ**

**وەرگێڕان دەکرێ سەلیقەیی بێ. گرینگ نیە کە دەقی بابەتەکە وەرگێڕدرێتەوە بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە وەرگێڕانەکە مانا و واتای خۆی لەدەست نەدا**

# گەمارۆی ترۆوا

و: لە فارسیەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی

**"هۆمێر" مەزنە شاعیری یۆنانی کەون: بەسەرهاتی سەرنجڕاکێش و شیرینی ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆنیەوە. لەسەر ژیانی هۆمێر زانیارییەکی ئەوتۆ لە دەست دا نیە. دەڵێن لە دوازدە سەدە بەر لە زایین دا لە دایک بووە و ژیاوە. هێرۆدۆت رای وایە هۆمێر لە سەدەی نۆیەمی بەر لەزایین دا ژیاوە. ئەو دەقەی خوارەوە کورتەیەکی ئێجگار ئێجگار کورتکراوەیە لە ئیلیاد.**




" لە رۆژگارانی کەون دا، لە ئاسیای بچووک لە دەشتێکی بە پیت و بەرەکەت دا شارێك هەبوو بە ناوی ترۆوا لە نزیك کێوی ئایدا. ناوی ترۆوا لە وشەی Troud یا لە Tros کە ناوی یەکێك لە فەرمانڕەواکانی بووە وەرگیراوە.

شاری ترۆوا جار لەگەڵ جار گەورترو بەهێزتر بوو. ئەم شارە دەوران دەوری بە دیوار و شوورەی بەرز و پان گیرابوو. تا ئەو کاتەی یۆنانی یەکان کاولیان کرد و لە گەمارۆی دوور و درێژی ئەو شارەدا گەلێك خوێنیان رشت. هۆمێر شاعیری گەورەی یۆنانی کە پیاوێکی کوێر بووە ئەم بەسەرهاتەی لە بەرهەمە بە ناوبانگەکەی خۆیدا هێناوەتەوە.

بەرلەوەی شاری ترۆوا لە لایەن سەربازە یۆنانی یەکانەوە کە ئاگامەمنونی پاشای مەسینا فەرماندەری دەکردن، کاول بکرێ، پەریام دوایین پادشای شاری ترۆوا بوو. پریام دەگەڵ هێکوبا زەماوەندی کردبوو. ئەم زەماوەندە ٥ کوڕ و دوازدە کچی لێکەوتبۆوە. جوانترین و ژیکەڵەترین کوڕی پەریام، پاریس بوو. بە پێی چارەنووسی دیاریکراو، بۆ بەردەوامبوونی بنەماڵەکەی دەبوایە لە رێگەی خواکان دا پاریس بکەنە قوربانی. هێکوبای دایکی پاریس شاژن (مەلەکەی) ترۆوا بوو. پاریسیان هەر بە منداڵی لەنێو کوێستان و شیو و دۆڵاندا بەرەڵا کرد بۆ ئەوەی بمرێ. چونکی بەربێژ و غەیب بێژان بە شاژنیان راگەیاندبوو کە: ئەو کاتەی پاریس گەورە دەبێ و پێ دەگا، شاری ترۆوا تێدا دەچێ. چارەنووس وای کرد شوانێك پاریسی دیتەوە و گەورەی کرد. کە پاریس گەورە بوو، زۆر بەهێزو گوڕ بوو. سەرخۆش و شاد دەژیا و مێگەلە مەڕی دەلەوەڕاند. رۆژێك لە رۆژان ژیان و چارەنووسێکی سەیر ئەوی هەڵ گرت. خواکان لەسەر کێوی ئۆلەمپ میوانی و جێژنێکی گەورە و بەشکۆیان وەڕێ خستبوو. بێجگە لە ئاریس خودای شەڕ کە بانگهێشت نەکرابوو، هەمووان لەوێ بوون. هەر بۆیەش ئاریس کەوتە فکری تۆڵە ئەستاندنەوە لەو کەسانەی بانگهێشتیان نەکردبوو. نەزری کرد کە ئەگەر تۆڵەی لێ کردنەوە: نەزری خۆی دەدا.

ئاریس لەسەر سێوێك نووسی: ئەوە بۆ جوانترین ژنی نێو ژنان. سێوەکەی تووڕ هەڵدایە نێو خودا ژنەکان. هیرا و مینروا و ئافرۆدیت لەسەر ئەو سێوە لێیان بوو بەشەڕ و کێشەیەکی قووڵ.

هەتا ئەوەی کە تووشەی پاریس هاتن و داوایان لێ کرد رای خۆی سەبارەت بە جوانترینیان دەربڕێ. ئافرۆدیت چووە بن باڵی پاریسەوە و

پێی گوت ئەگەر من "ئافرۆدیت" بە جوانترین لەقەڵەم بدەی و سێوەکە بە من ببڕێ، جوانترین خواژنی دونیا، واتە هێلێن سپارتە، دەنێمە بەردەستت.

پاریس ڕای گەیاند کە ئافرۆدیت جوانترین ژنی جیهانە. هەر بۆیەش سێوەکەی وە ئافرۆدیت داو دوو خواژنەکەی دیکەی لەخۆی توراند. ئاخری پاریس لەوە تێگەیشت کە ئەو کوڕی پەریامە و بەڕەڵلایان کردوە و چارەنووس تووشی وە تووشی شوانە وێڵەیەك هێناوە و ئەو شوانە گەورەی کردوە. هەر بۆیەش بە عەشق و تاسەوە بە دەریادا بەرەو هێلێن کەوتە ڕێ.

کاتێك پاریس گەیشتە سپارتە، میواندارییەکی بەشکۆیان بۆ ڕێزگرتن لە پاریس پێك هێنا و لەم میوانییەدا پاریس و هێلێن لەیەکەم نیگادا یەك دڵ و سەد دڵ گیرۆدەی یەکتری بوون (لە چارە ڕەشی پاریس) هێلێن هاوسەری مینە لاسی پاشا بوو. بەڵام پاشا بۆ سبەینێکەی بۆ سەفەرێکی دوور و درێژ ملی دەریای گرت و خێزانی بەجێ هێشت. پاریس پێشنیاری کرد بە هێلێن کە هەتا مینە لاس لە ماڵ نیە خۆ بگەیەننە ترۆوا.

کاتێك مینە لاس گەڕایەوە، ئاگادار بۆوە کە پاریس هێلێنی هەڵ گرتوە. هەر بۆیەش داوای کرد لە ئاگامەمنونی برای و چەند پادشایەکی دیکە، کە دەگەڵی بچنە شەڕی ترۆوا.

ئۆلیسێسی ژیر، مینە لاسی نەسیحەت و ئامۆژگاری کرد بۆ ئەوەی کە بەبێ شەڕ و کێشە داوای هاوسەرەکەی بکاتەوە. مینە لاس و ئۆلیسێس چوونە ترۆوا، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەدانەوە. شەڕ هەڵایسا. شەڕێکی سامناك و نەبڕاوە. ئۆلیسێس نەی دەویست بچێتە شەڕێ. لەبەر کوڕە مێرمنداڵەکەی کە ئێجگار خۆشی دەویست. هەر بۆیەش خۆی لە شێتی دا و نیر و ئاموور و گاسنی لە دوو گامێش بەست و کەوتە کێڵانی شۆرەکاتەکانی قەراغ دەریا و دڵنیا بوو هەر کەس ئاوا بیبینێ وا دەزانێ تەواو لە کەللەی داوە. بەڵام ئۆلیسێس نەیتوانی کڵاو لەسەر پالامیدۆسی پاڵەوان بنێ و قایلی بکا. پالامیدۆس بڕیاری دا ئۆلیسێس تاقی بکاتەوە. هەر بۆیەش فەرمانی دا کوڕە بچکۆلانەکەی ئۆلیسێسیان هێنا و لەبەر خەتی هۆگانەکە لەسەر ڕێی ئۆلیسێس دایان نا. ئۆلیسێس خۆی پێنەگیرا و منداڵەکەی لەسەر ڕێگەی گامێشەکان لابرد بۆ ئەوەی وە سەری نەپەڕن. بەمجۆرە پاڵەوانی یۆنانی بۆی دەرکەوت کە ئۆلیسێس شێت نەبووە بەڵکو خۆی لە شێتی داوە.

کاتێ فیل و تەڵەکەی ئۆلیسێس سەری نەگرت و نەیتوانی بە کاری شێتانە خۆی لە شەڕی ترۆوا بدزێتەوە، ناعیلاج بەرەو ئەو شوێنە وەڕێ کەوت کە هەموو پاڵەوانە یۆنانیەکان لێی کۆببوونەوە بۆ ئەوەی بەرەو شاری ترۆوا و شەڕ دەگەڵ ئەو شارە بە دەریادا بکەونە ڕێ. تەنیا پاڵەوانێك لەنێویان دا نەبوو، ئەویش ئاشیل بوو کە هێشتا نەهاتبووە نێو کۆڕی پاڵەوانانی شەڕکەر.

تەتیس خواژنی دەریا و دایکی ئاشیلیان تێ گەیاندبوو کە کوڕەکەی ئەو سەرەی دەیبا نای هێنێتەوە و لەو شەڕە ناگەڕێتەوە. هەر بۆیەش جل و بەرگی ژنانەی کردە بەری و ناردیە چزیلکی ئۆسکای روس، بۆ ئەوەی دوور بێ لە بریقە و چەخماخەی چەکی قارەمانان و تووشی شەڕ نەبێ.

ئۆلیسێس بۆ خۆبواردن لە شەڕ چووە ئۆسکای روس. کاتێك ئاشیل چاوی بە بریقەی چەکی شەڕ کەوت جلوبەرگی ژنانەی تووڕ هەڵدا و بەکەیف خۆشی بەرەو گۆڕەپانی شەڕ وەڕێ کەوت و پاپۆڕان لەنگەریان بەردا بەڵام شەرکەران نەیان توانی سەفەرەکەیان دەست پێ بکەن و وەڕێ کەون. لەبەر ئەوەی کە باو باهۆز رووبەڕوویان هەڵی کردبوو. ئاگامەمنون لەو ماوەیەدا کە پاپۆڕەکان ناچار بوون راوەستن چووە لای غەیب وێژان.

غەیب زانان بە ئاگامەمنونیان گوت: باو باهۆزەکان دەسووڕێن بەمەرجێك ئەو سەری گراوییەکەی خۆی واتە "ئیفی ژنیا" سەرببڕێ. هەربۆیەش کچەیان هێنا و لەپێناو دامرکاندنەوەی رق و کینی خواکاندا سەریان بڕی و هەر ئەوەندەی خوێنەکەی ڕژا، رووی گژەباکان گۆڕا.

ئاخرییەکەی پاپۆڕان گەیشتنە ترۆوا و چەندین ساڵان، شەڕی سامناکیان کرد بەڵام نەیان توانی ترۆوای بە چۆك دابێنن و بیگرن.

ئەم جار کریسیس (پیاوی ئایینی) داوای لە خواکەی خۆی ئاپۆلۆ کرد کە لە تۆڵەی رفاندنی کراسییدەی کچی، یۆنانیەکان سزا بدا. هەر بۆیەش خودا (شاپۆلۆ) بە تیرو کەوانی زیوین ژمارەیەکی زۆری لە سەربازە یۆنانیەکان کوشت.

بەڵێ لە کاتی شەڕدا یۆنانیەکان کریسیس و کراسییدەی کچی پیاوچاکی پەرستگای ئاپۆلۆیان بە دیل گرتبوو. ئاشیل کریسیس و ئاگامەمنونیش کراسییدەی گرتبوو. کریسیس تکای لە ئاگامەمنون کرد کراسییدەی کچی بداتەوە. بەڵام ئاگامەمنوون جوابی کرد. بۆیەش یۆنانیەکان ترسیان ڕێنیشت. ئەوان چوونە لای کاڵەکاس و پرس و

ڕایان پـێکرد. کاڵەکاسی غـەیب زان داوای لـە ئاگامـەمنون کـرد کـە کراسییدەی کچی پیاوە ئایینیەکەی پەرستگای ئـاپۆلۆ بداتـەوە دەست بـاوکی. ئاگامـەمنون بـەو قسـەیە تێك چوو. چونکی ئەو دەیەویست ئـەو کچە جوان و دڵڕفێنە بۆخـۆی ڕاگرێ. بـەڵام ناچاریان کرد بیداتـەوە. بۆ قـەرەبووی ئەم خەسارە داوای کرد کریسیس بدەنە دەست ئەو. کریسیس دیلی ئاشیل بوو.

ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئاشیل و ئاگامـەمنون لێکهەڵبەزنـەوە و ئاشیل قەڵس بوو و چۆوە نێو خێوەتەکەی و بڕیـاریدا سـوپا بـەجێ بێڵـێ بـەڵام یۆنانیەکان بەبێ ئەو هێزێکی گەورەیان لەدەست دەچوو. بـەڵام کتـوپڕ پـاترۆك لۆس براو خۆشەویستی ئاشیل کوژرا. ئاشیل بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی پاترۆك لـۆس دەسـتی کـردەوە بـە شـەڕکردن. یۆنانیـەکان بـەوە هیـوادار بوونـەوە و گەشـانەوە. چـونکی جەسـتەی ئاشیل قورقوشمین بوو.

چەکوچۆڵەکانیشی جـادویی بـوون و وڵکانی خوای ئاگر بۆی دروست کردبوو.

ئاشـیل چـووە شـەڕی هێکتـۆر کـە بوێرترین پاڵەوانی ترۆوا بـوو. هیکتـۆری کوشت و لە عەرەبانـەی شـەڕیی بەست و سێ ڕۆژان بـە دەوران دەوری دیواری ترۆوا دا رایکێشا.

هەتا ئەوەیکە پـەریام پـیرە پاشای ترۆوا، چووە لای ئاشیل و تکای لێ کرد تـەرمی هێکتـۆری بداتـەوە. ئاشـیل بـــەزەیی پێدادەهـــات و لـــە ڕووی بەزەییـەوە هــەتا یـازدەڕۆژان شـەڕی ڕاگرت و خـەڵکی تـرۆوا بـە حورمەتـەوە تەرمی هیکتۆریان بـەو جۆرەی شیاوی شان و شکۆی ئەو بوو بەخاك سپارد.

ئـەو دەمــەی ڕۆژی مــەرگی ئاشیل بەسـەرداهات "تەتیشـی خـواژن" زراوی چوو.

پاریس تیرێکی نـا بـە پشت پاژنـەی ئاشیلەوە و کوشتی. دایکی ئاشیل ئـەو کاتـەی بیسـتبووی ئاشـیلی کـوڕی دەکـوژرێ لـە چـەمی ئەستایکسـی هەڵکێشـابوو بـۆ ئـەوەی لەشـی قورقورشمین بێ. بەڵام لەو کاتەدا پشت پاژنەی لاقەکانی گرتبوو لە ترسی ئـەوە نـەکا ئـاو بیبـا. جێگـەی دەسـتەکانی تـەتیس قورقوشمیـان نـەگرتبوو تـەنیا شـوێنێکی کـە تـیر دەیبـڕێ ئـەوێی بـوو ئـەگینا تـیر وەهــەر جێیـەکی دیکـەی کەوتبایە تیرەکە دەنووشتایەوە و کاری لێ نـەدەکرد. هەربۆیـەش پـاریس ڕاست تیرەکەی لەوێیدا و کوشتی.

## کۆتـایی تـرۆوا و گـیران و کـاول بوونەکەی

ئـەوەی کـە چـۆن ئەسپەدارینەیەك گـەمارۆی تـرۆوای شـکاند یەکێکـە لـە بـەناوبانگترین ئەفسـانە یۆنانیـەکان. بەڵام ئێستاشی دەگەڵ بێ ئێمـە کاتێك باس لە دوژمنی نێو کەوڵی دۆستایەتی دەکـەین ئـەو باسـە وەك نموونـە دێنینەوە.

مـەرگی ئاشـیل تـرس و خورپـە و نیگەرانیـەکی سـەیری خستە نێـو دڵـی سـوپای یۆنانـەوە و پیـاوانی بـوێر و سـەربازە چاونەترسـەکانی یۆنـانی لـە دوارۆژی خۆیان ترساند. لەبـەر ئـەوەی کـە ئاشـیل یـەکێك بـوو لـە باشـترین پاڵـەوان و شـەڕکەران هـەر بۆیـەش سێبەری ترسێکی قـورس باڵی بەسـەر سـوپای یونـان دا کێشـا. بـەڵام ئـەم ڕووداوە شـەڕی پێڕانـەگرتن و نـەبووە هـۆی بـەزینیان لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەو چــەك و چــۆڵ و زرێ و کەرەسـانەی ئاشیل شەڕی پـێکردبوون هێشتا هـۆی دڵگەرمییان بوو. ئـاژاکس تلامۆنیـوس و ئۆلیسیســی فیڵــەزان دوو ڕەقیبــی لاســاری یــەکتربوون لــە دەســت بەسەرداگرتنی چەکوچۆڵەکەی ئاشیل دا. بـا بـزانین پاڵەوانـەکانی یونـان بـۆ دەسـت ڕاگەیشـتن بـە کەرەسـەی شەڕکردنی ئاشیل چۆن ملیان دەبـەر ملـی یـەکتری نـاو ئـاخری و عاقیبـەت چیان بەسـەر هات. کاتێك شـەو بـاڵی بەسەر هۆردووی یۆنانیە هێرشبەرەکان دا کێشـا کتـوپڕ ئاژاکسـی پاڵـەوان بـە شـێوەیەکی دڕندانــە و تــووڕە لــە چـادرەکەی هاتــە دەرێ و وەك لــە کەللـەی دابـی خـۆی گەیانـدە دانگـە و حەوشـەی مێگـەل و شـوانان و بـە خەیاڵی ئەوەی کە ئەوانە دوژمنی ئەون هێرشی کردە سەریان و دەستی کرد بە کوشتنی مەڕومالات و پێی وابوو ئەوانـە کۆمــەڵێك خــەڵکن کــە دوژمنــی یۆنانیەکانن. کاتێك ئـاژاکس تێگەیشت چ کـارێکی قـوڕی کـردوە و هێرشـی کردۆتە سەر مێگەل و شوانە وێڵـەکان، لە شەرمان خۆی کوشت.

وا وێدەچــوو کــە باشــترین پاڵەوانـەکانی یونانیـەکان تێداچووبن و نــەمابن. بۆیــەش خــەڵکی تــرۆوا ئەمجارەش لەوە دڵنیا بوونەوە کە ئیتر یونانیـەکان نـاتوانن هێـرش بکەنـەوە. کتوپڕ ئۆلیسیس گەڵاڵەیـەکی تۆکمـەی بـۆ تێکشـکاندنی تـرۆوا دارشـت و فەرمانـدەکانی سـپا کۆبوونــەوە و تەدبیریان لێ کـرد. لـە کۆتـایی ڕاوێـژ و قسان دا هاتنە سەر ئەوەی کـە ئەسـپە دارینەیــەکی وا دروســت کــەن کــە ژمارەیەکی زۆر سەرباز بتوانن تێیدا خۆ حەشــاردەن. دوایــیش ڕێگەیــەك بدۆزنـەوە کـە ئـەم ئەسـپە بگاتـە نێـو شاری ترۆوا.

شازادە یونانیـەکان ئـەم بۆچـوون و فکرەیـان گـەلێك پـێ بـاش بـوو هـەر

←

بۆیەش لە قوژبنێکی دوور لە چاوی خەڵکی ترۆوا، لە قەراغ دەریا دەستیان کرد بە سازکردنی پەیکەری ئەسپە دارینە. ئەگەرچی چاوەدێر و نیگابانەکان لە سەر لووتکەی تاوەر و شوورەی ترۆوا دەیانتوانی هاتوچۆ و جموجۆڵی یۆنانیەکان بخەنە ژێر چاوەدێریەوە. بەڵام بەهۆی گزیرەکانیشیانەوە نەیانتوانی لەم ئاکار و کردەیەی دوژمنەکانیان تێ بگەن و لە گەلاڵەی تۆڵە ئەستاندنەوەکەیان ئاگەدار ببنەوە. ئەسپە دارینە ئامادە کراو لە تاریکایی شەودا سەربازی یۆنانی لێی وەسەرکەوتن و خۆیان تێدا شاردەوە. هەر لەو کاتەشدا یۆنانییەکان (بەرەواڵەت) خێوەت و رەشماڵیان تێکەوە پێچاوە و سوپا بارگەوبنەی لێنا و لە رێگەی دەریاوە بەرەو یۆنان گەڕانەوە.

ئەو بارگەوبنە پێچانەوەیە بۆ ئەوە بوو خەڵکی ترۆوا بخەڵەتێنن و پێیان وابێ یۆنانییەکان لە شەڕ کردن ماندوو بوونە و وازیان لە گەمارۆی ترۆوا هێناوە. خەڵك دەگەڵ یەکەم گزینگی خۆری بەیانی کاتێ دیتیان یۆنانیەکان لێی سواری گەمی و پاپۆران بوون و دەڕۆنەوە، ئێجگار شاد و خۆشحاڵ بوون و شاییان لە دڵ گەڕا. لەو دەمەدا چاویان بە پەیکەرەی ئەسپێکی دارین کەوت کە لە قەراغ دەریایە. سەردار و سەربازانی ترۆوا بۆیان نەدەچۆوە سەریەك کە یۆنانیەکان بۆچی ئەو پەیکەرە زەبەلاحەیان جێ هێشتوە و وازیان لە شەڕ کردن هێناوە و بادەوای پاپۆڕیان هەڵداوە و دەڕۆنەوە.

بەڵام گەڵاڵە و پلانەکەی ئۆلیسیس بە بێ هاوکاری وفێڵی کەیسینۆن سەری نەدەگرت. ئەم سەربازە زیرەکە بە پێی پلانی دارێژراو خۆی خستە باوەشی سەربازەکانی ترۆوا. ئەوانیش لە دەوری کۆبوونەوە و هۆکاری گەڕانەوەی یۆنانیەکان و رازی ئەسپە دارینەکەیان لێ پرسی.

سیمۆن بۆی روون کردنەوەو پێی گوتن یۆنانیەکان ماندوو بوونە و بەزیون و بەر لەوەی واز لە گەمارۆی ترۆوا بێنن گەڵاڵەیەکیان داڕشت کە من (سیمۆن) لە رێگەی خواکاندا بکەنە قوربانی. کاتێك تێگەیشتم دەیانهەوێ چ بکەن، فیز ماڵکم دایە و خۆم لێ شاردنەوە. بەمجۆرە سیمۆن لە ناخەوە خۆی تەرخان کردبوو تۆڵە لە دوژمنەکانی بکاتەوە هەر بۆیەش پێی گوتن ئەگەر ئەو ئەسپە بێننە نێو شار، مینروای خواژن دەبێتە پشتیوان و پاڵپشتی ترۆوا. سەردارەکانی ترۆوا باوەڕیان بە قسەکانی سینۆن کرد و فەرمانیان دا ئەسپە دارینەکەیان هێنا ناو شار. لەو کاتەدا کە خەریکی راکێشانی ئەسپەکە بوون، لائۆکۆن و کوڕەکانی بانگهێشتیان کە ئەو ئەسپە بسووتێنن لەپڕ دوو مار لە دەریا سەریان هێنایەدەرێ و لە جەستەی باوك و کوڕەکانی هاڵان و خنکاندیانن. فەرماندەکان پێیان وابوو ئەوە نیشانەی سەرکەوتنیانە. بە خۆیان گوت:"بە دڵنیاییەوە ئێمە هەڵە ناکەین".

بە فەرمانی فەرماندەی گشتی ترۆوا، ئەسپە دارینەیان هێنایە بەر دەرگای شار. بەڵام چونکی ئەسپەکە زۆر زەبەلاح بوو. برپاری دا لایەکی دیوارەکەیان بۆ تێك دا . بەڵام خەڵکی ترۆوا نەیاندەزانی چ چارەنووسێکی رەش و شووم چاوەڕوانیانە. ئەوان کە بەزین و پاشەکشەی یۆنانیەکانیان بەلاوە مسۆگەر بوو، بەو بۆنەیەوە جێژنێکی بەشکۆ و مەزنیان گرت و دەستیان کرد بە خواردنەوە و دوایە خرپ لێی خەوتن. سەربازە یۆنانیەکان لە ئەنگوستەچاوی شەودا لە ئەسپە دارینەکە هاتنە خوار و لەو کاتەشدا پاپۆری سەربازەکان لە دەریاوە گەڕانەوە بەرەو ترۆوا و لە قەراغ شار دابەزین و هێرشیان کردەوە بۆ ترۆوا. ئەو سەربازانەی لە ئەسپەکە دابەزین، دەروازە گالە دراوەکانی شاریان بۆ هاوڕێیانیان کردەوە کە لەو دیو چاوەڕوان بوون. یۆنانیەکان رژانە نێوشار. ئەوی بەردەستیان کەوت سوتاندیان و لە چاو ترووکانێکدا شار لە گڕی ئاوردا نوقم بوو. خەڵکی ترۆوا زراویان چوبوو. خەڵك وەك شێتان بە شەقاماندا رایان دەکرد و سەریان لێ شێوابوو.

پیاوان کوژران. ژنان دیل کران و منداڵان لە سەر دیوارەوە هەڵ داشتران. پەریامی پیر جلوبەرگی شەڕی پۆشی و دەگەڵ نیگابانەکانی کۆشکەکەی لە پەرستگادا خۆی حەشاردا. بەڵام کوڕەکەی ئاشیل نێزەیەکی تێ هەڵکرد و کوشتی. لەو کاتەدا ئانەئاس کە پاڵەوانێکی ترۆوایی بوو، چووە لای کرۆزۆوای هاوسەری و تکای لێ کرد دەگەڵ کوڕەکانی خۆ دەرباز بکەن. ئاسکانیوس لە لایەن خواکانەوە ئانەئاس و کوڕەکەی راسپارد کە شاری نوێ ساز کەنەوە. هەر بۆیەش برپاریاندا لەسەر داروپەردووی ترۆوای سووتێندراو ترۆوایەکی دیکە ساز کەنەوە.

ئانەئاس بۆ دوایین جار چاوێکی پڕ لە پەژارەی لە ترۆوا کرد کە لە ئاگردا دەگڕا. لە حالێکدا باوکی پیر و کوڕەکەی دەبردە دەرەوەی شار، بەرەو چارەنووسێکی نادیار کەوتەرێ.

**سەرچاوە کتێبی: دایرەالمعارف ادبی**

**وەرگێڕان و کۆکردنەوەی (عبدالحسین سعیدیان)**

# کولێرا cholerae
# ( وەبا )

نووسین و ئامادەکردنی: سەید جەلال سالّحی



کولێرا بریتـیـیە لـە نەخۆشـیـیەکی کـتوپـڕ کـە بـە ڕشانەوەو سکچوون دەست پـێ‌دەکـا، کـە زگ چـوونەکە ڕێژەیەکی زۆر ماددەی کێمی لە گەڵدایە، کە لـە شـێوەی شۆرباوی برینج دەچێ. بە لە دەستدانی ئاوی لەش و لـە ئاکـامدا بـە وشـك بوونـەوە (Dehydration) کۆتـایی دێ و دەبێتە هۆی لـەناو چـوونی نەخۆشـەکە لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەگەر چارەسەر نەکرێ.

ئێستا ئەم نەخۆشییە ماوەیەکە سەری هەڵداوەتـەوە، چونکە ئەمە یەکەم جار نیە و پێشـتریش بڵاوبۆتـەوە کـە بۆتـە هـۆی لەناوچـوون و مردنـی بـە هـەزاران کـەس لـە گەورە و چووکە بـە تایبـەت لـە منداڵان و لـە مرۆڤـە بـە ساڵداچووەکاندا. کولێرا کە "وەبا"شی پێ‌دەڵێن، بـەڵام چەمکی وەبا زیاتر بۆ وڵاتانی باشووری ئاسیایی بـە کـار دێنن، چونکە چەندین جۆر کولێرا هەیە بـۆ وێنـە، وەبـای ئاسـیایی( Asiatic cholera)، وەبـای مریشـکی مـاڵی(Chicken cholera)، وەبـای پەلـەوەری (Fowl cholera) مەبەست لە هەرجۆرە پەلـەوەرێکی لـە دونیـادا هەیـە، وەبـای بـەراز(Hog cholera) و وەبـای منداڵان (Cholera Infantum) و...، دیـارە هـەرکام لـەو نەخۆشـیانـە زۆر مەترسـیدارن و بـە کارهێنانی " وەبا " کە زیاتر لە ئێراندا بە کاری دەهێنن بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ جۆرە وەبایەکی ئاسیاییە کـە زۆر خەتەرناك و لە ئاکامدا لەناوچوونی بەدواوەیـە. گـەورە و گچکە تووشـی دەبـن، هـەموو نیشانە و هۆیـەکانی هـەر وەك ئێسـتا ئامـاژەیـان پـێ‌دەکـەین تەقریبـەن وەك یـەك وانە.

کـولێرا بـە هـۆی بەکتریایەکەوەیـە کـە پێـی دەڵـێن ویبریۆکـولێرا(Vibrio cholera) کـە لـە بنەماڵـەی Vibriona ceaeیە و لە ڕێگای خـۆراك، سـەوزی یـان خواردنەوەی ئاوی پیس و ناپاك دەگوازرێتەوەو مرۆڤیش خانە خوێ‌یەکی سروشـتـیـیە(Normal host) بـۆ ئـەم باکتریایـە. کـەوابوو ئـاوە سـەر دانەپۆشـراوەکانی وەك ئەستێرەکان، چۆمەکان، مەلەوانگـەکان و ڕووبارەکـانیش دەتوانن زۆر مەترسیدار بن و خواردنەوەی ئاوەکـەیان یـان مەلەکردن تێ‌یاندا دەتوانێ نەخۆشی هێنەر بن بە تایبـەت لە کاتێکدا کە نەخۆشـییەکی وەك وەبـا بڵاوبۆتـەوە. دوای گشـتگیری وەبـا لـە سـاڵی ١٩٩١ لـە ئـەمریکای باشـووردا شێوەیەکی زۆر باو، لە ئاکامی خـواردنی خـواردەمـەنییە دەریاییـیە نەکوولاو و نیوە کووڵاوەکانی وەك سوشی و... بڵاوبـبـۆوە. دیـارە لـە کـاتی سـەرهەڵدان و بڵاوبوونـەوەی کولێرادا مەسرەف کردنـی سـەوزییـە خامـەکان، کەلـەم، کـاهوو، بـە تـەواوی قەدەغەیـە و ئـەو سـەوزیجاتەی کـە ڕیشەیان هەیە وەك پەتاتە، گێزەر، حەتمەن هیچ ئەوە کـە زۆر جوان وەشۆرێن، دەبێ پـاك کـرێن و بکـوولێن و دوایـە مەسرەف کرێن. دیارە مرۆڤ کە تووشی ئـەم نەخۆشـیـیە بوو واتـە، تووشـی هـەوکردنێکی تونـدی گـەدەو ڕیخۆڵـەی دەکا کە بە زگ چوونێکی کتوپڕو خێراو بـێ ئـێش دەست پـێ‌دەکـا لـە گـەڵ ڕشـانەوە کـە زۆر جـار ڕشـانەوەی نەخۆشـەکە ڕەشـە، هـەر بۆیـە ئـەم نەخۆشـیـیە "ڕەشـە ڕشـانەوە"شـی پـێ‌دەڵـێن. بـۆ یەکـەم جـار لـە دۆڵـی گانگێس(Ganges) لە هێندوستان و ڕووبارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور کە ئاو وهەوای شێداری هەیە، دۆزرایـەوە. ئـەم نەخۆشـیـیە وەك پـەتا نـاوە نـاوە لـەم ناوچـانەدا بڵاودەبۆوە. تـا ئێستا زۆر جار لـە تـەواوی دونیـادا ئـەو نەخۆشـیـیە بڵاوبۆتـەوە، بـەڵام لـەو وڵاتانـەی کـە

پاکوخاوێنی و چاوەدێری تەندروستی ڕەچاو دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، کەمتر بۆتە هۆی لەناوبردنی نەخۆشەکان و کەمتریش کاریگەری خراپی خستۆتەوەو بە زووترین کات کۆنترۆڵ کراوە. بەڵام لەناو میللەتە هەژارەکاندا بە هۆی خراپی یان نەبوونی چاوەدێری تەندروستی کە لە باری ناهەمواری کۆمەڵایەتی و بەدخۆراکی و ئەو شوێنانەی کە ئاوی پاکو شیاوی بۆ خواردنەوە تێدا نیە، دەناڵێنن بە تایبەت لە وەرزە گەرمەکاندا، زووتر تووشی ئەم پەتایە دەبن چونکە ئاو چاوگێکی بنەڕەتی‌یە بۆ ئەم بەکتریایە. لەم ڕوانگەوەیە کە بە نەخۆشی هەژارەکانیش بەناوبانگە. هەر وەك گشتگیری‌یەکەی لە ئافریقادا، ٣٠ ساڵ درێژەی کێشا. لەم ڕوانگەوەیە کە پێشبینی ناکرێ کە چەند ماوە دەمێنێتەوەو بەداخەوە تا ئێستاش خاشەبڕ نەکراوە، هەر بۆیە دەبێ زۆرمان ئاگا لەخۆ بێ و وشیار بین و لێی بترسین بۆ ئەوەی کە ڕێنوێنی‌یە تەندروستی‌یەکان لەبەر چاو بگرین.

قەبارەی ڤێبریۆکولێرا، ٠/٥ × ٢ مایکرۆمیترەو لە جۆری گرام نێگەتیڤەو بە شێوەی مارپێچی‌یە و تەنیا یەك قامچی هەیە و دەتوانێ لە پلە گەرما جۆراوجۆرەکاندا بژی، هەر وەك دەتوانێ بۆ ماوەی ٢ حەوتوو لە ئاوی سازگارو ٨ حەوتوو لە ئاوی سوێر(Salt water) بە زیندوویی بمێنێتەوە.

بەکتریای ئەم نەخۆشی‌یە زۆر چەشنی جۆراوجۆری هەیە وەك، El-tor، Hicojima، Ogawa و Enaba. هەر چەند نەخۆشی کولێرا هێندێك جار بێ نیشانەیە واتە، نەخۆشەکە هیچکام لە نیشانەکانی نەخۆشی‌یەکەی لێ وەدیار ناکەوێ( Asymptomatic )، واتە ژمارەی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە دەبن و نیشانەکانیان لێ دیاری نادات گەلێك زۆرترە لەوانەی نیشانەکانیان لێ بەدیار دەکەون. زۆر جار نەخۆشی کولێرا بە شێوەیەکی سووك تووشی مرۆڤ دەبێ بە تایبەت لە منداڵاندا کە ئەمەیان بە زۆری لە جۆری El-tor Vibrio choleraوەیە لە گەڵ ئەوەشدا مرۆڤ کە بە سەختی تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بوو بە خێرایی چارەسەر ناکرێ و لە ماوەی چەند کاتژمێرێك ژیانی دەکەوێتەوە مەترسی و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی. هەر چەند لەم حاڵەتەدا بە چارەسەر کردنێکی ڕێکوپێك و گورج و گۆڵانە ئەگەری کەم کردنەوەی مردن ١ تا ٢/٠٪ە.



گرینگترین جۆری ئەم بەکتریایە کە دەبێتە هۆی نەخۆشی کولێرا، بریتی‌یە لە جۆری کۆنی واتە، ڤێبریۆکولێرای کلاسیك( Classical vibrio cholera ). بەڵام جۆری Vibrio cholera El-tor کە جۆری دووهەمە و زیاتر بەرگری باری نالەباری ژینگە دەکا، ئەگەریش مرۆڤ گیرۆدەی بوو بە شێوەیەکی سووك و چارەسەریشی ئاسانە. گوازتنەوەی ئەم نەخۆشی‌یە لە یەکێك بۆ یەکێکی‌تر لە ڕێگای ئاوی خواردنەوە یانی کاتێك کە ئاوەکە بەم بەکتریایە پیس بووە، هەروەها لە ڕێگای مێش و مەگەز یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای دەستی پیس دەگوازرێتەوە بۆ کەسانی ساغ. ئەو وڵاتانەی کە قەراغ دەریایی‌یان هەیە لەوانەیە لە ڕێگای گیانلەبەرێکی دەریایی سەدەفی‌یەوە بێ کە پێی دەڵێن، " Shell fish" و بۆ مرۆڤەکان دەگوازرێتەوە. بەکتریای کولێرا، لەناو ڕیخۆڵەی مرۆڤدا واتە کە خۆی گەیاندە ناو ڕیخۆڵەوە زیاد دەکا و خۆی بە ڕووپۆشی ناوەوەی دیوارەی ڕیخۆڵەدا مەلاس و هەڵ دەواسێ و جۆرە ژەهرێك دەڕێژێ کە پێی دەڵێن، ئینترۆتۆکسین (Entro toxin). دیارە ئێستا بەهۆی پێشکەوتنەکانی زانستی پزیشکی‌یەوە زۆر ژەهری دیکەی ئەم بەکتریایە کە دەی ڕێژێ، دۆزراوەتەوە، کە دەبێتە هۆی زیاد کردنی جووڵە سروشتی‌یەکانی ڕیخۆڵەو گەدە و کەمکردنەوەی توانایی ڕیخۆڵە بۆ هەڵمژینی شلە، ئەمەش زگچوونی نەخۆشەکە

←

زیاد دەکەن بە شێوەیەك کە لەوانەیە لە ماوەی تەنیا ٢٤ کاتژمێردا تاکوو ١٥ لیتر لە شلەی لەشی نەخۆش ون کات و ببێتە وشك بوونەوەیەکی توندو خێرا بۆ نەخۆشەکە، ئەگەر چارەسەری پێویستی بۆ نەکرێ گیانی نەخۆشەکە دەخاتە مەترسییەکی گەورەوە.

نیشانەکانی نەخۆشییەکە Clinical feature

1: نەخۆش بە زگ چوونێکی( Diarrhoea) کتوپڕو بێ ئێش و ئازار دەست پێدەکا کە زۆر جار ڕشانەوە( Vomiting) شی لە گەڵ دایە.

2: داوی تەواوبوونی پاشماوەی خواردەمەنییەکان لە ناو ڕیخۆڵەکاندا، پیسایی نەخۆشەکە ڕوون دەبێ و لە ئاوی برینج ( Rice water) دەچێ کە جیاواز لە ئاوێکی ڕوون و پاشماوەی خانە ڕووشاوەکانی ناوپۆشی ڕیخۆڵە، هیچی دیکەی تێدا نیە کە ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئاوی لەش و بڕێکی زۆر لە شلە و خوێیەکانی لەش کە ویشك بوونەوەو ئازاری ماسوولکەکانی بەدوادا دێ و لەکار کەوتنی گورچیلەکان و پێکهاتنی شۆك و لە نیهایەتدا مردن.

3: گرژبوون و گیرانی ماسوولکەکان ( Muscle cramps).

4: پێست سارد و وشك و گرژ دەبێ.

5: چاوەکانی نەخۆش بە قووڵ دادەچێ.

6: پەستانی خوێن دادەبەزێ ( Hypotension).

7: لێدانی دڵ زیاد دەکا ( Tachycardia).

8: ڕێژەی خوێن سووڕانەوە لە لەشدا کەم دەبێ ( Hypo circulation blood).

9: گیرانی میز( anuria).

10: بێ هێزی گشتی ( Weakness).

دیارە جۆرێکی هەرە گرینگ و خەتەرناك لە نەخۆشی کولێرا هەیە کە بە زووترین کات بڕێکی زۆر لە شلەمەنی لەش لە ڕیخۆڵەی نەخۆشەکە کۆ دەکاتەوەو ڕیخۆڵەش فراوان دەکا بە بێ ئەوەی نیشانەکانی وەك، ڕشانەوەو زگ چوون دەست پێبکا یان ئەو نیشانانە وەدیار بکەون، نەخۆشەکە تێك دەدا و لە ناوی دەبا بە تایبەت لە نێو منداڵاندا ئەم جۆرەیان زیاتر ڕوو دەدا. ئەم جۆرە مەترسیدارە پێی دەڵێن، Cholera sicca، بەڵام کەمتر بڵاو و بە دەگمەن هەیە. نابێ ئەوەشمان لە بیربچێ کە، مەرج نیە بەو شێوەیە کە باس کرا حەتمەن کەسێك بەو شێوەیە توند گیرۆدە بەو نەخۆشییە ببێ لە ناوی بەرێ، بەڵکوو زۆربەی نەخۆشەکان بە شێوەیەکی ساکار تووش دەبن و لە گەڵ وەدیار کەوتنی چەند نیشانەیەك بە چارەسەرێکی سادە چاك دەبنەوە، دیارە لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ گرینگی تایبەتی خۆی پێ بدرێ واتە هەر کە شتێکی لەو بابەتە ڕوویدا، دەست بەجێ هەنگاو بۆ چارەسەری هەڵێنینەوە.

دەست نیشانکردن Diagnosis:

کاتێك کە ئەم نەخۆشییە وەکوو پەتا بڵاوبۆوە، ئەوە ناسینەوەی زۆر ئاسانە لە ڕێگای کلینیکییەوە بەڵام جیا لەمە لە ڕێگای ناردنی پیسایی نەخۆشەکە بۆ تاقیگا، چونکە بەکتریای کولێرا لە ژێر وردبینی ئاساییدا نابیندرێ و هەروەها لە گەڵ پیساییشدا دەردەچێ. دیارە دەتوانین بۆ چاندنی(Culture)شی بنێرین لە تاقیگا تایبەتەکاندا بۆ ئەوەی جۆرەکەی دیاری بکرێ و بە تەواوی لێی دڵنیا بین واتە، لە گەڵ زگ چوونەکانی ڤایرۆسی، بەکتریایی، ئەمیبی و زەحیری بە هۆی ژەهراوی بوونی خۆراك و... بە تەواوی لێك جیا بکرێتەوەو گرینگییەکی تایبەتی دیکەی پێ بدرێ بۆ چارەسەرکردنی.



دیارە ئەم بەکتریایە لە ناوەندی تفت(Alkaline)دا دەژی واتە، PH = 8 – 8.2. هەر چەند دەتوانێ بەرگەی دۆخی ترش(Acidic)یش بگرێ بەڵام ناوەندی نموونەیی تفتە و پلەی گەرمیشی ٣٧ پلەی سانتیگرادە کە لە نیهایەتدا دەتوانێ لە ٤٠ – ١٦پلەی سانتیگراد ژیان و بە زیندوویی بمێنێتەوە. دەتوانین لە ڕێگای ڕشانەوەکەشی لە تاقیگادا تەنانەت جۆرەکەشی دیاری بکەین.

چارەسەر کردن Treatment:

1: یەکەم و گرینگترین کارێك کە





زۆر پێویسته و دەبێ بە زووترین کات هەنگاوی بۆ هەڵگرینەوە، ئەوەیە کە قەرەبووی لە دەستچوونی ئاوی لەشی بۆ بکرێ لە ڕێگای پێدانی سیرۆمە پێویستییەکان، ئەو ماددانەی کە لە گەڵ شلەی لەشی لە دەست چوون وەکوو، خوێیەکان و باقی ئایۆنەکانی دیکە، لە ڕێگای تۆڕی خوێنەوە (Intravenous) دەدرێ بە نەخۆش کە تا ڕادەیەک لە سیرۆمەکاندا هەن. زۆر جار لە کاتی چارەسەر کردنی ویشک بوونەوەی لەشی نەخۆش، ڕشانەوەکەشی دەوەستێت. لەم کاتەدا دەتوانین لە ڕێگای خواردن و خواردنەوەدا، شلەمەنی و شتی لەو بابەتەی پێ بدرێ بۆ پێشگیری لە وشک بوونەوەی لەشی و پێدانی ماددە پێویستییەکان بۆ لەش.

2: دەبێ لە کاتی پێدانی سیرۆمەکان بۆ منداڵان زۆر بە وشیاری و زانستییانەتر لە چاو گەورەکان و لە ژێر چاوەدێری گشتی و هەمیشەییدا پێیان بدرێ چونکە بە تایبەت ئەو منداڵانەی کەوا کەم خوێنن یان نەخۆشی دڵیان هەیە، زیاد پێدانی ئەو سیرۆمانە بۆ چارەسەر کردن و قەرەبووی ئاوی لەشیان لەوانەیە مەترسی لە سەر ژیانیان پەیدا بکا و ئاو بخزێتە نێو سییەکانیان و تووشی ئاوسانی سییەکان( Pulmonary oedema) بن یان تەنانەت دابەزینی شەکری ناوخوێنیان بکا. بۆیە پێویستە بە ئەندازە و لە ژێر چاوەدێریدا پێیان بدرێ.

3: زۆر جار کەسێک تووشی نەخۆشی کولێرا دەبێ کە بە زگ چوون و ڕشانەوە دەست پێدەکا و دەست پێڕاگەیشتن بە ناوەندی دەرمانی ڕەنگە ماوەیەک بخایەنێ تا دەیگەیەننە لای دوکتور، هەر بۆیە بۆ پێشگیری لە ڕووداوی خراپ و نەخوازراو پێویستە شلەمەنی زۆری پێبدرێ ئەگەر بە زۆریش بوو بێ تاکوو نەخۆشەکە لە وشک بوونەوەو لەناو چوون دوور بخاتەوە. وێدەچێ لە گەڵ ڕشانەوە، ئەو شلەی پێی دراوە بیهێنێتەوە کە بەو حاڵەش هێندێکی هەر دەگاتە خانەکانی لەش کە بێ سوود نیە. یان ئەگەر لە بەردەستدا بوون تۆزی ORS هەیە و هەر بەستەیەک لەو تۆزانە دەکرێنە یەک لیتر ئاو و دەدرێ بە نەخۆشەکە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئاوی لەشی زۆر پێویستە.

4: بە کارهێنانی دەرمان بە تایبەت دژە زیندەکان ( Anti – Biotic) وەکوو، تێتراسایکلین(Tetracycline)، کۆلۆرامفێنیکۆل( Chloramphenicol، ستریپتۆمایسین(Streptomycin) ، فۆرازۆلیدۆن(Furazolidone)، مێترۆنیدازۆل(Metronidazole) و کۆتریمۆکسازۆل(Co-trimoxazole). دیارە بە پێی دەستووری پزیشک، پێدانی هەر کام لەو دەرمانانە بە یەکەوە بۆ ماوەی ۳ ڕۆژ بەکترییەکە لەناو دەبا و لە ئاکامدا، شلەی ناو لەشی و ئایۆنەکان تەنزیم دەبنەوەو بەرەو چاکبوونەوە دەڕوا.

خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردن Control measures:

*خۆپاراستن لەم نەخۆشییە واتە، پاک و خاوێنی.*

1: یەکەم و گرینگترین خاڵ بۆ پێشگیری و خۆپاراستن، بەڕێوەبردنی پاکوخاوێنی تاک و کۆمەڵ و هەروەها پاکوخاوێنی ژینگەیە.

2: ئامادەکردنی ئاوی پاک و خاوێن و شیاو بۆ خواردنەوە، ئەویش بە تێکردنی ماددەی کلۆر و ئیستریل کردنی بەو ماددە گرینگە لە مەنبەع و چاوگە بنەڕەتییەکانی ئاو، واتە پاراستنی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە لە پیس بوون.

3: شۆردنی دەستەکان پاش و پێش خواردن و هەروەها دوای تەواو بوونی کاری ئاودەست بە ئاوو سابوون.

4: چارەسەرکردنی زانستییانەی پاشماوە مرۆییەکان و لەناوبردنیان

به له ژێر خاك نان و ڕێگه نەدان بە کۆبوونەوەی مێش و مەگەز لە سەر ئەم پاشماوانە.

5: گرینگیدان و دابینکردنی پاکوخاوێنی ئاودەست لە هەموو شوێنێك.

6: چاوەدێری خواردنگەکان و هەروەها ئەو کەسانەی لەو شوێنانە کار دەکەن و پشکنینیان لە باری تەندروستی جەستەیی و بە دوور لە نەخۆشی بە تایبەت ئەو نەخۆشینانەی کە دەگوازرێنەوە، زۆر پێویستە.

7: چاوەدێری خواردن و خواردنەوەکان لە خواردنگاکان بە تایبەت لە وەرزە گەرمەکاندا.

8: شۆردنەوەی میوەو سەوزی بە جوانی بە ئاوی پاکوخاوێن، پێش خواردن بە تایبەت لە کاتی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە نەخۆشییانە کە یەکێك لە ڕێگاکانی گوازرەوەی نەخۆشییەکەن، بۆیە پێویستە میوەو سەوزییەکان لانیکەم بۆ ماوەی ٢٠ تا ٣٠ خوولەك لە نێو ئاو و خوێدا(خوێاوك) بن، دیارە ئەمەیان ئەو کاتەیە کە بۆ وێنە لە شارێك بڵاوبۆتەوەو تۆش لە شارێکی دوورتری و لەوێ بڵاونەبۆتەوە چونکە هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد میکرۆبەکەی دەتوانێ لە ئاوی سوێریشدا بژی، کەواتە دەبێ وشیار بین ئەگینا زۆر لە سەرچاوەکان وا پێشنیار دەکەن کە لە کاتی گشتگیری نەخۆشی وەبادا مەسرەف کردنی سەوزییەکان بە تەواوی قەدەغەیە و یان دەبێ بە جوانی بکوڵێن و ئەوکات بەکار ببرێن لە گەڵ باش کوڵاندنی غەزاکان بە تایبەت گۆشت.

9: کۆنترۆڵکردنی مێش و مەگەزو مێشوولە کە لە گوازرەوەی زۆر لە نەخۆشییەکانی دیکەشن، بە بەکارهێنانی ڕێگای میکانیکی وەکوو، بەکارهێنانی تەڵە هێڵەکەکانی پەنجەرە(تۆڕی پەنجەرە)، یان لە ڕێگای بەکارهێنانی ماددە ژەهرە لەناو بەرە



کیمیاییەکان بە تایبەت لە وەرزە گەرمەکاندا.

10: چارەسەر کردنی ئەو کەسانەی تووشی ئەو نەخۆشییە بوونە، بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵدا بڵاونەبێتەوە، واتە پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی لەناو کۆمەڵدا.

11: گرینگیدان بە پاکوخاوێنی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە لە ناو شار و شارۆچکە و گوندەکاندا.

12: کوتان دژی نەخۆشی کولێرا مرۆڤ دەپارێزێ بۆ ماوەی ٣ تا ٦ مانگ، بە تایبەت کوتانی منداڵانی قوتابخانە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە کە هەم پێشگیری لە تووشبوون بەو نەخۆشییە دەکا و هەمیش لە وانەکانی وەدوا ناکەون.

13: گرینگیدان بە پاکوخاوێن ڕاگرتنی لەش لە وەرزە گەرمەکاندا، زوو زوو حەمام کردن و شۆردنی جلوبەرگەکان بە تایبەت ئەو جلوبەرگانەی ژێرەوە.

14: بە گشتیی لەبەر چاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە دەبنە هۆی پاکوخاوێنی کە پێویستە هەر مرۆڤێك بۆ خۆی لەبەر چاویان بگرێ و هەروەها لەبەر چاوگرتنی ڕێنماییەکانی تەندروستی کە پێشکەشی جەماوەر دەکرێ لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بە تایبەت لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە پەتایانەدا.

سەرچاوەکان:

١: گۆڤاری تەندروستی ژمارە ٥، ئەیلوولی ٢٠٠٥ی زایینی.

٢: گۆڤاری تەندروستی ژمارە ١٧ ساڵی ١٩٩٨ی زایینی.

٣: Medical Bacteriology

٤: سایتی WWW.wikipedia.org

# خەتەنەی کچان هەڕە شەیەکی جەستەیی و دەروونی




ئامادە کردنی: حەلیمە

یەکێك لەو تاوان ومەترسیانەی کە تا ئێستاش لە هێندێك لە ناوچەکاندا روبەڕوی رەگەزی مێ دەبێتەوە خەتەنە کردنە، واتە بڕینی بەشی دەرەوەی (clitoris)

کلیتۆریس هەتا ئێستاش سەرەتایەکی روون نییە بۆ مێژووی سەر هەڵدانی ئەو دیاردە دزێوە، بەڵام ٥٠٠٠ ساڵ لەمەو بەر لە نێو میسرییەکاندا بەڕێوە دەچوو، ئەوە لە حاڵێك دایە کە لەهیچ کام لە کتێبە ئاسمانیەکان دا باس لە خەتەنەکردنی کچان نەکراوە.

تەنانەت لە هیچ ئایەتێکی قورعانیش دا ئاماژە بە خەتەنەکردنی کچان نەکراوە. بەڵام لە کۆنەوە تائێستاش لە نێو کۆمەڵگای کوردی دا بە نەریتێکی پیرۆزی ئایینی داندراوە و بەردەوام هەوڵ دراوە کە پەیرەو بکرێ.

جۆرەکانی خەتەنەکردنی مێیینە:

١- بڕینی سەرەوە و بەشێك لە قەراغەکانی clitoris

٢- بڕینی تەواوی ئەندامەکانی زاوزێی و درونەوەی بەشە ماوەکانی پێکەوە و هێشتنەوەی تەنیا کونێك بۆ میز کردن و خوێنی سووری مانگانە، بەم جۆرە خەتەنەکردنە کەتەواوی clitoris لادەبردرێ دەگوترێ خەتەنەی فیرعەونی یان Infibulation.

زۆربەی هەرەزۆری خەتەنەکردن لە نێوان تەمەنی ٤ بۆ ١٢ ساڵی دا بەڕێوە دەچێ. لە کوردستان دا زۆربەی ئەو کەسانەی کە کاری خەتەنەکردن دەکەن لە رووی زانستیەوە بێ ئاگان و تەنانەت بۆ بڕینی clitoris لە شووشە، چەقۆ، گوێزان یان هەر کەرەسەیەکی تیژی دیکە کە وەدەستیان بکەوێ کەڵك وەردەگرن، کە ئەم کەرەسانەش بە هۆی پیس بوونیان دەبنە هۆی چڵك کردن لە clitoris دا و مەترسیەکی دیکەی ئەم شێوەیە بەربوونی خوێنی زۆرە و لەوانەیە کەسەکە دوچاری شۆك بێ و دواتر بمرێ.

جۆرەکانی خەتەنەکردن پرسێکی قسەو باس هەڵگرە، لە راستی دا خەتەنەی کچان وەك خەساندنی پیاو وایە، هەڵبەت بەو جیاوازیە کە ئەم کارە لە ژنان دا بەرگری لە منداڵ بوون ناکا.

زیانەکانی خەتەنەکردن:

لە بەر ئەوەی شوێنی خەتەنە و ئەندامەکانی دیکەی زاوزێ پڕە لە دەمارە هەستیارە سێکسیەکان، بڕینی ئەم ئەندامانە هۆکارە بۆ کەم بوونەوە و تەنانەت نەمانی ئارەزووی سێکس لە داهاتوودا و زۆربەی ژنانی خەتەنەکراو تووشی سێکسی سارد دەبن واتە هیچ چێژێك لە کاری سێکس وەرناگرن و ئەگەری ئەوە هەیە لەکاتی جووت بوون دا ئەو ژنانە تووشی خوێن بەربوون و تەنانەت پچڕانی

ئەندامەکانی زاوزێی خۆیان بن.

ئەوەش دەبێتە گرفت لە ژیانی هاوسەرێتیان دا و زۆرجار دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ژن و پیاو، هەروەها ئەو دیاردە دزێوە زۆرجاران کچ تووشی گرفتی خەمۆکی دەکا واتە ئەم ئافرەتانە متمانە بە خۆبوونیان بۆ هەمیشە ون دەکەن و مرۆڤێکی راڕایان لێ دەردەچێ.

یەکێکی دیکە لە زیانەکانی خەتەنەکردن تێکچوونی شێوەی ئەندامەکانی زاوزێیە، ژنانی خەتەنەکراو لەکاتی منداڵبووندا دووچاری گرفت دەبن، هۆیەکەشی تەسک بوونەوەی زێیانە کە رێگە بە هاتنە خوارەوەی منداڵەکە نادا. لە دەیەی ١٩٧٠ وە بەملاوە کردەوەی خەتەنەکردن کەوتۆتە بەر رەخنەی توندی فێمێنیستەکان و رێکخراوە لەشساغیەکانی جیهان.

بە پێی بەراوردێك لە ساڵ دا لانیکەم ٢ ملیۆن ژن و کچ لە ٢٦ وڵاتی ئەفریقایی دا خەتەنە دەکرێن ، بەڵام لە هەمان کات دا بە دەگمەن دەوڵەتێکی ئەفریقایی دەبینین کە سزا بۆ ئەو کەسانەی کە کاری خەتەنەکردن دەکەن دیاری بکا.

خەتەنەکردن لە کچان دا زیانی زۆرە و زۆرکەسیش بۆتە سوتەمەنی ئەم نەریتە دزیوە و بەدەست گرفتەکانیەوە دەناڵێنن. پێویستە ژنان لە دژی ئەم دیاردەیە لە نێو کۆمەڵگادا بوەستن و بەردەوام بۆ لابردنی خەبات و تێکۆشان بکەن.

# باغچەی ساوایان لای منداڵ تاقی کردنەوەیەکی نوێیە

ئامادەکردنی: دایکی رێژنە



پەروەردە وفێرکردن لەسەر بنەمایەکی راست و دروست و سالم لە هەموو قۆناغەکانی پەروەردە و بارهێنانی منداڵ دا بایەخی زۆری هەیە. یەکەم کانگای پەروەردەی منداڵ لە کۆمەڵگایەکی بچووك واتە ماڵەوە دەست پێ دەکا کە دایك و باوك و باقی خێزان پێکی دێنن و پاشان بەرە بەرە پێ دەنێتە نێو کۆمەڵگایەکی گەورەتر وەك باخچەی ساوایان و قوتابخانە و ...هتد.

پێویستە لە هەر یەك لەو قۆناغە پەروەردەییانەدا بەرنامە و پرۆژەی دیاریکراو هەبێ بۆ ئەوەی منداڵ بێ دڵەڕاوەکێ و ترس و نیگەرانی خۆی تاقی کاتەوە و لە هەر یەکیان ئەزموون وەربگرێ. یەکێك لە و قۆناغانە، باخچەی ساوایانە کە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر لە ماڵەوەیە و گرینگی زۆری لە پەروەردە و راهێنانی دا هەیە وەك سەرەتایەکە بۆ ساڵانی دوایی و وەك بەشێکی بنەڕەتی و گرینگە لە بەرنامە ئاموزشی یەکانی لە ساڵانی داهاتوودا و کاریگەری زۆری لە گەشەی منداڵ دا هەیە و منداڵ چێژی لێ وەردەگرێ.

منداڵ سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی لە ماڵەوە و لە تەنیشت بنەماڵەی تێ پەڕ دەکا، بەڵام کاتێ پێ دەنێتە باخچە، پەڕ و باڵی خۆی ئاواڵە دەکاتەوە و ئامادەیە لەگەڵ منداڵان یاری بکا و مەیدانی چالاکی یەکانی بەر ئاواڵە بکاتەوە، هەر بۆیە دەبێ لەو کاتەی کە شوێنی دەگۆڕدرێ زۆر بە لەسەرە خۆیی و ئاسان بێ چونکە چوون بۆ باخچە لای منداڵ تاقی کردنەوەیەکی نوێ یە و منداڵ وردە وردە لەوە تێ دەگا کە دەبێ ئێستا چەند سەعاتێك لە رۆژدا لە ماڵەوە دووربکەوێتەوە.

منداڵ هەوڵ دەدا لە بەرنامە ئاموزشی و تایبەتی یەکانی باخچەی ساوایان کەڵك وەرگرێ و پێرەویان لێ بکەن. منداڵان لە باخچەی ساوایان هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی چالاکی نوێ



دەدەن و هێندێك جاریش چالاكی زۆر سـەیر وە ئەسـتۆ دەگـرن.

پەروەردەكاران بۆ جێ بە جێ كردنی بەرنامە ئاموزشـیەكانیان دەبـێ لـە كەرەسـەی نـوێ كـەڵك وەرگـرن و بـە شێوەیەك منداڵ بار بهێنن كه بە ئاسانی گرفتـی دووركەوتنـەوە لـە مـاڵ و خۆگونجاندن لەگەڵ شوێنی پەروەردەی بۆ حەل بێ و لەگەڵیدا بسازێ. قسە و گفتوگۆكردنی منداڵ لەگەڵ یەكتری بەتایبەت چیرۆك گێڕانەوە بەجۆرێك لە چالاكیەكانی باخچە دەژمێـردرێ و بایەخی زۆری هەیە، چوونكە دەبێتە هۆی ئەوەیكە لە قسەكردن دا فێری وشەی نوێ ببـێ و بە توانایی بگا، لە لایەكی دیكەشەوە هەستی باوەڕ بەخۆ بوون و ڕێزگرتن لە كەسایەتی خۆیان و دەوروبەریان تێ دا وەدی دێت.

منداڵان زیت و وریان، ئەوەی لە دەوروبەریانە دەبینن و هەستی پـێ دەكەن و تاڕادەیەكیش لێی ئاگادارن و دەی ناسن و هـەوڵی زیاتر ناسینی دەدەن، حەز و خولیای منداڵان زۆر و جۆراوجـۆر و جیـاوازن، بـە تایبەتی حەزیان زۆر لە موسیقایە، بۆیە دەبێ ئیمكانی گۆرانی گوتن، جوڵە و سەمایان پێ بدرێ، دیارە ئەوە تەنیا بۆ چێژلێ وەرگـرتن نیە بـەڵكو دەبێتـە هـۆی دەربڕینی حاڵەتـە دەرونییـەكانی و بـەو شێوەیە بـوار بۆ فێربـوونی موسـیقایان تێدا ئامادە دەكرێ.

هیچ شتێك بەرادەی بەرنامەیەكی باخچەی ساوایان بۆ منداڵ باش و بە سوود نییە بە مەرجێك پێداویستیەكانی هەموو منـداڵان چ ئەوانـەی هەسـتی باوەڕبـەخۆ بوونیـان تێـدا هەیـە و چ ئەوانـەی شـەرمێونن یـان لەگـەڵ گـیر وگرفتی دی بەرەو روون دابین بكرێ.

باخچەی ساوایان بەكەڵك ترین و باشترین شوێنە بۆ دەركەوتنی كەم و كۆرییەكانی منداڵ لە باری جەستەیی و گیروگرفتە دەروونییەكان، چوونكە بەدەركەوتنیان كەس و كاری منداڵیان لێ ئاگادار دەكـرێ و هـەوڵی چارەسـەر كردنیان دەدرێ. بە بەڵگە دەركەوتووە كە ئەو منداڵانەی قۆناغی باخچە تێپەڕ دەكەن لە چاو ئەوانەی لێی بێبەشن سەركەوتووترن و زۆرییەك كەم و كۆرییەكانیان بۆ بنەماڵەكانیان دەر دەكەوێ و چارە سەریان بۆ دەكرێ. سەركەوتوویی منداڵ لە باخچەی ساوایان كاتێك دەبێ و مسۆگەرە كە بەرنامە ئاموزشی یەكانی باخچە بە پێی بەرنامە و پرۆژەی دیاری كراو بێ و پەروەردەكارانی ڕاهێنراو هەموكاتی خۆیان لە باخچە بۆ كاركردن لەگەڵ منداڵان تەرخان بكەن. باخچەی ساوایان دەبێ كات و ساتی دەوامی دیاری كراو بێ، بە شێوەیەك كە لەگەڵ بەرنامە ئاموزشیەكانی دا بگونجێ، لەبەر چاو گرتنی دوو سەعات و نیو لە رۆژدا بۆ هەردەوامێكی باخچە كاتێكی گونجاووباشە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی چالاكییەكانی لە باخچە دا ، ئەگەر لەو ماوەیە كەمتر لەبەر چاو بگیرێ منداڵەكان زۆر بەخێرایی چالاكیەكانیان ئەنجام دەدەن كە سوودێكی ئەوتۆی نابێ.

دەوام كردن لە رۆژانی حەوتوودا دەبێ بە بەردەوامی بێ، رۆژێك نا رۆژێك، یان لە بەشێك لە حەوتوودا بە هیچ شێوەیەك وەڵامدەری ویستەكانی منداڵ نابێ گەشە ناكەن و فێر نابن. دەوام كردنی منداڵان لە هەموو رۆژەكانی حەوتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی كە رۆژ بە رۆژ چالاكی نوێ فێربن. پێویستە دەوامی باخچەی ساوایان لە ماوەی ساڵ و لە نیوەی رۆژەكە دابێ چوونكە مانەوەی لە باخچە لە هەمووی رۆژەكەدا دەبێتە هۆی نارێكی وتێك قرماوی بەرنامە ئاموزشیەكانی و ماندووی دەكا. دوركەوتنەوەی لەو ماوە واتە رۆژێكی تەواو لەماڵ بەهۆی ئەو چالاكی و جوڵە زۆرەی دەی كا جەستە و مێشكی زۆر ماندوو دەبێ.

هێندێك جار لە باخچەیەكی ساوایان دا دوو دەوام لە دوو گروپی جیاوازی تێدا دەكرێ، واتە كلاسی دووبارەیان بۆ گروپی جیاواز هەیە، بۆیە پێویستە لە سەرەتای ساڵ لە كاتی نێو نووسی دا سەبارەت بە كاتی دەوام كردن لەو جۆرە باخچانەدا لەگەڵ كەس و كاری منداڵ قسە بكرێ و سەبارەت بە دەوامی منداڵەكەیان رەئیان وەرگیرێ بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەك دەوامی منداڵەكانیان لەگەڵ باخچەدا بگونجێنن، چونكە هەر منداڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ نمونە

هێندێك منداڵ حەزی لە خەوی بەیانیە و هێندیکیش دوای نیوەڕۆ بۆیە ڕەئی بنەماڵە گرینگی هەیە.

پەروەردەکار بۆ کارکردن لەگەڵ منداڵ لە باخچەدا دەبێ دەورەی تایبەتی ببینێ و هەستی خۆشەویستی و لەیەکیر نزیك بوون بەشێوەیەك بێ کە منداڵ بێ دڵەڕاوەکی و ترس و شەرم بە ئازادی لەگەڵیدا بەرەوڕوو بێتەوە و چالاکی یەکانی ئەنجام بدا بەتایبەتی لەکاتی خەریك بوون بە چالاکی لە قسە و دەنگەدەنگیان ڕێگیری نەکرێ.

هەر پەروەردەکارێك بۆ منداڵانی گروپی خۆی دەبێ بەرنامەی دیاری کراوی هەبێ و کاری پێ بکا، کەڵك وەرگرتن لە پۆلێك بۆ چەند گروپی جیاواز چالاکییەکانیان بەرتەسك دەکاتەوە. کارکردن لەگەڵ منداڵانی ٥ بۆ٦ ساڵ و ناسینیان کارێکە کە تەواوکاتی پەروەردەی پێ پڕدەکرێتەوە، چونکە لەژێر چاوەدێری گرتنی یەك یەکیان بەتایبەتی لە هێندێك باروودۆخی تایبەتی دا پێویستیان بە قسە و ڕاوێژ و گفت وگۆکردن لەگەڵیان دا هەیە. کارکردن لەگەڵ چەندگروپێکی جیاوازدا کارێکی دژوارە بۆیە لەبەر چاوگرتنی ڕێژەی قوتابیان گرینگە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە ئامووزشیەکانی باخچەی ساوایان بوونی ڕێژەیەکی کەم یاخود زۆر لە پۆلێکدا هەتا ئەگەر پەروەردەکاری بەتوانا و کەرەسەی ئامووزشی پێویستیش هەبێ جێبەجێکردنی بەرنامە ئامووزشیەکانی سوودێکی ئەوتۆی نابێ.

بوونی گروپێکی ١٥ تا ٢٠ کەس لە پۆلێکدا ڕێژەیەکی باشە و نابێ لە ١٢ کەس کەمتر و لە ٢٥ کەسیش زیاتر بێ، چوونکە کەمی دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی چالاکی و تێکەڵاو بوونی منداڵان یاخود زۆربوونی وەزیفەی پەروەردەکار لە ناسین و کارکردن لەگەڵ یەك یەکیان ئیمکانی نابێ و دژوارە و کاریگەربوونی دەروونیکاری پەروەردە کار لەگەڵ هەموو گروپەکە کەم دەکاتەوە. بەیەکەوە سازانی منداڵان لە باخچە گیر و گرفتێکی زۆری هەیە بەتایبەتی ئەو منداڵانەی تازە دێنە باخچە نابێ چاوەڕوانی زۆریان لێ بکرێ چونکە ئەوە لەوانەیە ببێتە هۆی تۆران و نارەحەتی عاتفی و دەروونی لە منداڵ دا.

لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ فێرکردنی منداڵ لە باخچە تاکو پۆلی یەکی سەرەتایی گرینگ و پێویستە کە ئەوە لە ڕێگەی باس و راوێژ لە نێوان مامۆستا و پەروەردەکاران لە باخچە تاکو قۆناغەکانی تر جێ بە جێ بکرێ، وەکو پاراستنی سەمبلی زانیاری تایبەت بە منداڵان یان ئەو زانیاریانەی لە پەروەردەکارێك بۆ پەروەردەکارێکی تر دەگواسترێتەوە ئەویش لە ڕێگەی سەردان و موشاهیدە کردنی پەروەردەکاران و مامۆستایان لە پۆلەکانی یەکتریەوە دەبێ.

**پەروەردەکار بۆ کارکردن لەگەڵ منداڵ لە باخچەدا دەبێ دەورەی تایبەتی ببینێ و هەستی خۆشەویستی و لەیەکیر نزیك بوون بەشێوەیەك بێ کە منداڵ بێ دڵەڕاوەکی و ترس و شەرم بە ئازادی لەگەڵیدا بەرەوڕوو بێتەوە و چالاکی یەکانی ئەنجام بدا بەتایبەتی لەکاتی خەریك بوون بە چالاکی لە قسە و دەنگەدەنگیان ڕێگیری نەکرێ**

هەرمنداڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، دوو منداڵ لەباخچەی ساوایان لەگەڵ دوومنداڵ لە پۆلی یەکەم لە چەندین ڕووەوە لە یەکتری جیاوازیان هەیە وەك دوو ژینگەی جیاواز، گەشەی مێشك، توانایی لە فێربوون دا، لەش ساغی و جێ بە جێ کردنی ئەرکە پێ سپاردراوەکانیان و سازان لەگەڵ باروودۆخی نوێ و گونجاو لەگەڵ شوێنە ئامووزشی یەکان و... هتد.

پەروەردەکار دەتوانێ هەر یەك لەو جیاوازیانە لە پۆلێکی ئاسایی باخچەی ساوایان بۆی دەربکەوێ. دوای تێپەڕکردنی قۆناغی باخچە منداڵ لە چەندین ڕووەوە گەشەدەکاو گۆڕانی بەسەرردادێ، هەستی بەرپرسایەنی و باوەڕ بەخۆبوونی تێدا بەدی دێ و زانیاری لە دەوروبەری زیاتر دەبێ و ڕەخنە لە گەورەکانی وەردەگرێ، لە رووی تێگەیشتوویی نەك لەڕووی زۆری و... هتد کە ئەو گۆڕانانە هەر یەك بەنۆبەی خۆی کاریگەریان لەسەر هەڵسووکەوتی دەبێ.

لە کۆتایی دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەروەردە و فێرکردنی منداڵ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی دا پێویستە و بایەخی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە جۆری پەروەردەکردن لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست و ئوسوولی و سالم بێ، بەتایبەت لە باخچەی ساوایان بوونی پەروەردەکاری ڕاهێنراو پێویستی یەکی ئەساسی یە بۆ سەرکەوتوو بوون لە پەروەردەیەکی ڕاست و سالم لەو قۆناغەی ژیانی منداڵ دا.

**سەرچاوە: کتێبی فارسی کودەکستان**
**وەرگێرانی: نصرالله دیهمی**

# یارمەتیدانی مناڵانی بزۆز و چالاك پێویستی بە دابینکردنی شوێنی هێمن لە بنەماڵەدا هەیە

وەرگێران بۆ کوردی: شاناز ـ ك



باسێکی زۆر لەبارەی بزۆزی لەڕادەبەدەری مندالّ کراوە، بەم حاڵەوە تێکچوونی هەڵسووکەوت تا ئێستاش لە زۆربەی منالاّن دا هەیەکە گیروگرفتێك بۆ ئەوان و دایك و باوکیان پێك دێنن. لێکۆڵەروان لێکۆڵینەوەیەکی بەرینیان لەم بابەتە هەبووە کە ئێمە ئاماژە بە هێندێك لەم لێکۆڵینەوانە دەکەین.

بزۆزی لە رادەبەدەر ئاسەوارێکە کە سێ تا پێنج لە سەدی منالاّن تووشی دەبن. بەڵام ناسینی ئەم نەخۆشی یە بۆ دایك و باوکان زۆر چەتوونە. نیشانە ئاشکراکان لە ئەم ئاسەوارە بریتییە لە:

- منالّ ئۆقرە ناگرێت و بەردەوام لە حالّی جووڵانەوە و جموجۆلّ دایە.

- جەستەی منالّ پڕە لە داڕووشان و جێگای شین بوونەوە.

- هەر کە بۆ ساتێك لێی خافلّ بن خرابکاری دەکا.

ــ لە قوتابخانە زۆر شلوقە و لەسەر پۆلیش توانای تەمەرکوزی نیە.

ــ وا دێتە بەرچاو کە لەبارەی مەترسیەکان ئاگادارنییە و بێسرنج دان بە ئاخرو عاقیبەتی کار دەست بۆ کاری مەترسیدار دەبا.

- منالّ ئەو توانایەی نیە کە بۆ ماوەی چەند خولەك هۆشی خۆی

←

لەسەر شتێك ڕابگرێ.

ـ هەستەكانی زۆر بە توندی دەردەبرێ.

جۆرەكانی بزۆزی لە ڕادەبەدەر:

تاریفی دروستی بزۆزی لە ڕادەبەدەر بریتی یە لە: جمووجۆڵی لە ڕادەبەدەر لەگەڵ سەرنج نەدان، بەڵام بە ڕای لێكۆڵەروان سێ جۆر نەخۆشی بزۆزی لە ڕادەبەدەر هەیە، كە هەر یەك لەوان چارەسەری جیای هەیە.

لە ڕادەبەدەر بزۆز بوونی درۆێین كە هۆیەكەی پەروەردەی غەڵەت و نادروستە.

تاقمێك لەم منالانە كۆنترۆڵ ناكرێن، بەڵام ئەوان تووشی تێكچوونی هەڵسووكەوت نەبوون، بەڵكوو پەروەردەی غەڵەتی دایك و باوك و دەوروبەریان بۆتە هۆی ئەوەیكە ئەوكردەوەیە بگرنە بەر، چونكە ئەوان فێربوون كۆنترۆڵیان بەسەر هەستەكانیان دانەبێ، هەروەها بەسانایی هەستەكانیان سەركوت كراوە، شتێك كە بۆتە هۆ تالەدوایی داكردەوەی توندوتیژ لە بگرنە پێش.

بزۆزی لە ڕادەبەدەر بوونی فۆرمی یا دژ كردەوەیی:

لەم جۆرە بزۆزیەدا منال بەرامبەر بارودۆخی نالەباری شوێنی ژیان دادەست بە كردەوەی ناشیاو دەبا، ئەم بارودۆخە لەوانەیە ببێتە هۆی تەلاقی دایك و باوك یا خەمۆكی یەكێك لەوان. بزۆزی لە ڕادەبەدەری سەرچاوەگرتوو لە گیروگرفتی جەستەیی ئەم جۆرە بزۆزیە گەلێك توندە و سەرچاوەی ژێنێتیكی و خۆشەویستی هەیە.

چارەسەری نەخۆشی بزۆزی لە ڕادەبەدەر پێویستی بە سرنجێكی تایبەت و درێژ خایەن هەیە. ڕەوان دەرمانی بەردی بناغەی عیلاجی ئەم نەخۆشیەیە كە دەتوانێ بە چەشنی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێ، پسیكانالیزو ڕەوان دەرمانی لەچارەسەری بزۆزی لە ڕادەبەدەر زۆر كاریگەرە كە لەو نێوەدا دەبێ سرنج بدرێ بە ڕەفتار دەرمانی و منال چەند دەورەی گوتار دەرمانی و ڕەفتار دەرمانی تێپەڕبكا، هەڵبەت دەرمانیش بۆ ئەم نەخۆشی یە هەیە، لەوانە "ریتالین" كە بۆ هێمنكردنەوەی كردەوەی منال



كاریگەری زۆری هەیە، هەڵبەت ئەم دەرمانە بزوێنەرانە تەنیا بۆ هێندێك لە منالان كە لە بزۆزی ریشەیی جەستەیی ئازار دەكێشن، دەدرێ و دەگوترێ كە ئەم دەرمانە بە تەنیا بە نەخۆش نادرێ و وێڕای ئەو دەورەكانی ڕەوان دەرمانی پێشنیار دەكرێ. زانیاری پێویست لەسەر نەخۆشی و رۆڵی دایك و باوكان لەو بەینەدا زۆر گرینگ و حەیاتی یە، ئەوان دەبێ ئاگاداری خووكردەوەكانی منالەكانیان بن، بەڕای لێكۆڵەران، دایك و باوكەكان دەبێ پسپۆری ئەم نەخۆشیە بن و بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ ئەم قەیرانە تەواوی جووڵەكانی منال و هەروەها بارودۆخی شوێنی دەوروبەر و پەروەردەی ئەو لە ژێر چاوەدێری بگرن، لەبەر ئەوە ناسینی وردی شوێنەواری ئەم نەخۆشی یە دەتوانێ هەلومەرجێكی باشتر بۆ دەرمان پێك بێنێ، پێكهێنانی شوێنێكی ئارام بۆ منال لە ناو ماڵدا باشترین ڕێگا بۆ بەرگری و چارەسەری ئەم نەخۆشی یەیە، بە ئاگاداری و سەرنج دانی دەوروبەری ئەم منالانە، دەتوانین بە داهاتوویەكی باش و سلامەتی بە نیسبەت ئەوان هیوادار بین.

# گۆڤـاری ژنـان

پێشوازی دەکا لەهەر چەشنە لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانو بابەتێکی ئەدەبیو هونەری کە لە روانگەیەکی پێشکەتنخوازانەو دێموکراتانەوە دەڕوانێتە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنان لە کوردستان، ئێرانو جیهان.

لە خوێنەرانیش دەخوازێ لە هەر جێیەك کە هەن، ببن بە هەواڵنووسو پەیامنێری ئەو گۆڤارەو لە ناردنی هەواڵو راپۆرتو وێنەی تایبەت بە ژنانو کارو تێکۆشانی ژنانی کورد دریغی نەکەن.